دیتراو/ وسبەلەکراو لە کەمەی شیعری (وەرە لە باخ پەتدەم)ی حەسەن هەندرینی.. خوێندنەوەی عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

ناونیشانی ئەو خوێندنەوەیە ناکوێتە نەوان دووالیزمەکانی دیتراو/ نەدیتراو، گوتراو/ نەگوتراو… هتد. بەکو (گوتاری دیتراو) لەو خوێندنەوەیەدا هونەری رووداوی دیتراوی جوولاو دەنوێنێ، دەلالەت لە بە زەمەنکردنی (حیکایەتە گەورەکان) دەکات. بەڵام (گوتاری وسبەلەکراو) هونەری کەشانی تابلۆی بەدەنگیی دەنوێنێ، دەلالەت لە زەمەنی (گەڵانکاریەکانی سەردەم) دەکات. گوتاری دیتراو، حیکایەتە گەورەکان دەگەڕێنەوە. گوتاری وسبەلەکراو، لە دوو رووداوی راڤەدەکەینەوە: مەژووی رووداوەکان و خەیاڵی شیعری.

بە گشتی گوتاری دیتراو، تابلۆیەکی دیتراوی جوولاوی هەسەنگێندراوە و زمانی نووسەر بە گەڵانەوەی بازنەیی هاندەدات. گوتاری وسبەلەکراو، بە هەردوو رووەوە: زەمەنی رووداوە مەژووییەکان و خەیاڵی شیعری، خوێنەری بیرکەرەوە و خوێندنەوەی جیاواز بەرهەم دەهێنەتەوە.

رووداوی دیتراو، لە رووی میکانیزمی نووسینەوەدا زمان ناچاری (گوتنی بازنەیی) دەکات. گوتاری وسبەلەکراو، لە ڕێگای میکانیزمی خوێندنەوەوە، زمان دابەشی (گوتنی رامانئامێز) دەکات. بەو مانایەش زمان لەیەك کاتدا ناچارکردن و دابەشکردنە! دەشێ بنەمای ناچارکردن بەرەو فاشیەتی دەسەڵات بچێت! بەڵام بنەمای دابەشکردن دوو وزیفەکەی (ئەرستۆ) لەبارەی زمانی (گەیاندن) و زمانی (هونەری) بیر دەخاتەوە. بە کورتی لە راڤەکردنی ئەو خوێندنەوەیەدا دەمەوێ بەم بنەمای چەمکی دابەشکردن وەك میکانیزمی گەیاندن لە خزمەتی مەژووداید، وەك میکانیزمی هونەری لە خزمەتی خەیاڵدایە.

لەنێوان (دەسەڵاتی ناچاریکردنی زمان) و (گەیاندنی رووداوی مەژووییی و هونەری خەیاڵکردن) واتە: کە زمان بە ناچاری بەرەو گەڵانەوە گەورەکانی دەرەوەی ویستی شیعرییمان دەبات، کە رووداو دەمانخاتە نەو مەژووەوە، کە هونەری خەیاڵکردن شیعرییەت دەخاتەوە! ئیتر بنەماکانی ئەو خوێندنەوەیە دادەمەزرێنین.

(1)

ناونیشانی کەمەک شیعری (وەرە لە باخ پێتدەم)، شیعریی و چڕ بەخش و سەرسامکەر و گومانکارانە دەکەوێتەوە! خوێنەر دەخاتە حاڵەتی رامان و بیرکردنەوە و خەیاڵکردنەوە. بە بەدواداچوونی تێگەیشتنی (سەرسامی و چڕ و شیعریەت) دەتوانین لە (وەرە لە باخ پێتدەم) بیرکردنەوە و خەیاڵی شیعری لێنەوان (باخ)، وەک شوێنکی گشتی (دیتراو) و کردەی (پێتدەم)، وەک نهێنی تاکگەرایی (وسبەلەکراو) بدەزینەوە! دەمەوێ بەم لەو پەیوەندییە شیعرییە و بەیەکداچوونەدا راستەوخۆ (کردەی گومان و فرمانایی و سەرسامی) لە رامان و بیرکردنەوە و خەیاڵی خوێنەراندا دەخوێنینەوە. لەبەرانبەر ئەو ناونیشانە شیعرییەدا ناوەکی شیعرەکانی ئەو کەمەیە، پێن لە گەڵانەوەی بازنەیی و گەیاندنی ئازاری گشتی و ناسەری هەمووان و لەوشەوە شاعیر (حەسەن هەندرێنی) لە ڕێگای زماندەستییەوە هەوێیداوە پەیوەندی نێوان گوتاری دیتراو و گوتاری وسبەلەکراو لە هونەری بیرکردنەوە و خەیاڵکردن ڕکبخاتەوە. ئەو کەمەک شیعرە بەرهەمی (هاوڕێیانی کتێب)ە، لە چاپخانەی (شوان) ساڵی 2024 چاپ و باڵوبۆتەوە.

ئەو کەمەک شیعرە لە ڕووی شارەزایی شیعری و پەیوەندی نێوان مانا و دەڵاڵەت و ڕەگەزە شیعرییەکان، لەسەر گەشەکردنکانی هەڵی پانی شیعریی کوردی هەڵکشاوە، وەک تاکگەرایی پێیەوی زماندەستی دەکات. واتە لەلایەک لە ڕێگای زماندەستییەوە چڕ بە تابلۆکانی مەژووی بەدەنگی و ڕووداوی دیتراو دەبەخشێ، لەلایەکی دیکەوە سادەیی و ڕەوانی و ڕەسانەیەتی وەک هەڵی پانی شیعری کوردی بە خوێنەران دەفرۆشتەوە! دەشێ بە تێگەیشتن لە کردەی (فرۆشتنەوە) دوو ڕووی نیشان بدەین: لە ڕووی یەکەمدا شاعیر هەوەدەات خوێنەران بە سادەیی و ڕەوانی و سەز رازی بکاتەوە! لە ڕووی دووەمدا دەیەوێ لە ڕێگای مەژووی بەدەنگی و ڕووداوی دیتراو، هەڵی پانی شیعری کوردی لە گەڵانەوەی بازنەییدا درێژە پێبدات. ڕەنگە سەرەکیترین هەکار بە ئەو (درێژەپێدانە بازنەییە) ئەوە بێ، کە ڕاستە خەریکە کێن وەک گەڵانەوە گەورەکانی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ ون دەبێت، بەڵام نوێ لە تەوی ڕووداوەکانی مەژوو و هونەری بیرکردنەوە و خەیاڵکردنەوە، لە دایکبوونی دیار نییە!!

کەواتە لەو کەمەک شیعرەدا، جیاکردنەوەی کێن و نوێ لەیەکتر ڕوون نییە. نەک لەبەر ئەوەی (کێن و نوێ) وەک یەک دیانەوە دەساتدار بن، یان پارێزگاری لە دەساتەکان بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی نوێ نەیتوانیووە بیرکردنەوە و خوێندنەوەی جیاواز و نوێ دروست بکات؟! لەپشت دەساتەکانی باودا، گەڵانەوە گەورەکان وەک پەوەر خەیان دەنوێنن! لەپشت گەیاندنی ڕووداوە مەژووییەکان و خەیاڵی هونەری،

ژیانی سەردەم وەستاوە. دەسکاتی زمان و دەسکاتی ژیان بۆ مانایەیە، کە چەژ وەرگرتن لە تابلۆکانی زمان (گۆرانوو بازنەییەکان، رووداوەکانی مێژوو)، هەرگیز چەژ وەرگرتن لە ئاڤزیەکانی ژیانکردنی سەردەم و خەیاڵی هونەری نییە.
زمان وەزیفەی جێبەجێکردنە، بەڵام ژیان خودی جێبەجێکردنە، زمان لە نێوان گۆرانوو گۆرەکان و مێژووی رووداوەکاندا ئاڤزە، بەڵام ژیان بە هەموو ئاڤزیەکانی سەردەمیشەوە کەچی سادەیە، خەمی گۆڕەی زمان دەسکاتە، ژیان لە خەمی سەیرورەدایە.
داهێنان لە پەیوەندی نێوان ژیان و زمانەوە، لە ڕێگای دەسکات و سەیرورەوە، لە هەوڵی هاوگونجانی مەعریفەی زمان و ئەزموونگەرییدا خەی نوێ دەکاتەوە! سەیرورە و خەنوێکردنەوە لە مەعریفەی هونەری و ڕووکانی حەقیقەت و گۆرانکارییەکان و گفتوگۆ و دانوستان و کارلێکەرییەکانیدا هەڵدەگرێتەوە. واتە لەگەڵ ئەو جیاوازییانەدا، داهێنان فیکر و دنیابینی نوێ و چەمك و شێوازی دەربڕینی نوێ و جیاواز و ئازادی بیرکردنەوە و خەیاڵی بەرفراوان و دیدی مەعریفی و جوانکاری جیاواز بەخۆوە دەبات، کە لەگەڵ کەن نایەتەوە.
(2)
ڕەگەزە شیعرییەکانی کەمکۆ شیعری (وەرە لە باخ پەتدەکەم) لە تەرجەمەکردنی بە سەر گۆرانوو بازنەییەکان یەکتربڕ دەردەکەون، بەڵام زەر جاران وەك مێژووی رووداوەکان و بیرکردنەوە و خەیاڵی شیعری ناتوانن بەناوییەکدا بچین! واتە ناتوانین وەك بیرکردنەوە و خەیاڵی شیعری سەردەم لە پەیوەندییەکی نوێی نێوان مێژووی رووداوەکان و خەیاڵی شیعرییدا بیانخوێنینەوە، ئەگەرچی شاعیر لە تابلۆکانیدا بەدوای باگکاوەندی شیعری کوردی و باگکاوەندی زماندەستییەوەیە، بەڵام مەرج نییە، باگکاوەندی شیعری کوردی و زماندەستی خەیاڵی شیعری سەردەم بگرێ!
(یاکەبسن) دەڵێ پەویستە قەسیدە بە جۆرێ بخوێنینەوە، وەك ئەوەی تەماشای تابلۆیەك دەکەین. بە گشتی لەو خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدەم بەدوای لێکدانەوەی بیرکردنەوە و خەیاڵی شیعریدا بچم، بە ئەوەی پەیوەندی نوێی نێوان ڕەگەزە شیعرییەکانی ئەو کەمکۆ شیعرە تەبگەم. چونکە ئەوە بونیادنانی پەیوەندی نوێی نێوان ڕەگەزە شیعرییەکانە (وەك لە تابلۆی -وەرە لە باخ پەتدەکەم- ئاماژەم بە کرد) خوێنەران سەرسام و گیرەدە دەکات!
تە داناتر بوویت حەوا، یان بە ئەقڵتر؟
ئادەمت لە خەودا جەهەشت و دوای خەونی خەت کەوتی
بیرت لە تەنیایی ئەمە نەکردەوە؟!
بیرت لە جاویدانیی ڕەح و

چۆی ناکۆتا نەکردووە؟
(وەرە لە باخ پێتدەم) -حەسەن هەندەنی، ل8.
کەواتە بونیادنانی پەیوەندی نوێی نێوان رەگەزەکان و بیرکردنەوەی گشتگیر، یەکتر بەجێدەهێلن. لە شیعری نوێدا هەمیشە بیر لە درووستکردنی پەیوەندی نوێ دەکرێتەوە، بەبێ کارکردن بە دەرکەوتنی هێلی گشتی مانا و دەلالەتی گۆرانەوەی بازنەیی و ئازاری گشتگیر کەمترین بیری لێدەکرێتەوە.
دەتوانم بڵێم لەو کەمە گۆرانەوەیەی (حەسەن هەندەنی)ی شاعیر، ئەوەندەی بیر لە باگکراوەندی شیعری کوردی و زماندەستی دەکرێتەوە، ئەوەندە بەڵای بونیادنانی پەیوەندی نوێی نێوان خەمە بچووکەکان و رەهەندی دنیابینی سەردەم نەچووە. بە نموونە، ئاگەر بڕاوردی شیعرەکانی ناوەوە بە ناونیشانی (وەرە لە باخ پێتدەم) بکەین، دەبینین لە زەربەی شیعرەکانیدا کەمتر گەشەی بەتاڵ و بەشایی بە گومان و چۆڕ و شیعرییەتی جیاواز و خوێندنەوەی تایبەتی سەردەم دەبینرێت؟!
ئەوەی لە گۆرانەوەی بازنەیی و رووداوە مێژووییەکان و باگکراوەندی زماندەستیشدا دەمێنێتەوە، دەچێتە خزمەتی هێلی پانی شیعری کوردی و مرۆڤی کوردییەوە. بەبێ تێرجەمەکردنی (هێلی گشتی شیعری کوردی بە سەر شیعری سەردەم) هەرگیز بەو مانایە نییە، کە (وەرە لە باخ پێتدەم) شیعرییەتی سەردەمی هێنەگرتووە، بەڵکو بەو مانایەیە، کە تابلۆ شیعرییەکان زێتر خەیان لە باگکراوەندی شیعری کوردی و زماندەستی نیشان دەدەنەوە و کەمتر دەلالەت لە بڕەمەنکردنی (خەیاڵی شیعری و دنیابینی شیعری) دەکەن.
بڕەمەنکردنی خەیاڵی شیعری و دنیابینی شیعری هەوڵێکە بە نیگاکردنی (وسبەلەکراو) و خەمە وردەکانی تاکی سەردەم و پەیوەندییەکانی، تاکو لەوەوە خوێندنەوەی نوێ درووست بکاتەوە. وەك گوتمان نواندنی (حیکایەتە گۆرەکان) و (رووداوەکانی مێژوو) تەعبیر لە کەمە وزیفەی زمانەوانی دەکات، کە دەسەڵات دەنوێنێ! کەچی نواندنی (وسبەلەکراو) لە گۆرانکاری و دەزینەوە و سەیرورەدایە.
(3)
نواندنی (حیکایەتە گۆرەکان) و (رووداوەکانی مێژوو) وەك ئەوە وایە، خەیاڵی شیعری و دنیابینی شیعری کەمە شیعری (وەرە لە باخ پێتدەم) لە خەیاڵدانی شاعیر و سەردەمەوە کەمترین جوولەیان خراپەتەبەر و لە خەیاڵدانی (حیکایەتە گۆرەکان) و (رووداوەکانی مێژوو)ەوە هەڵقوڵابن. ئاگەرچی شاعیر کەمە خەمی گۆرە و ئازار و ناسۆری دونیای لە تابلۆ شیعرییەکانیدا رەنگکردووە، بەڵام لەو

ڕەنگکردنەدا زۆتر جەخت لە باگکراوەندی زماندەستی و ڕەسەنایەتی و سادەیی هەلی پانی شیعری کوردی دەکاتەوە. پرسیار ئەوەیە، ئایا شیعر بەشەویەکی هاوچەرخانە، لە ڕەنگکردنی خەمەکانی دونیا و هەلی گشتگیری شیعری کوردیدا دەژیت؟! ئایا باگکراوەندی زماندەستی و خەیالی شیعری و خەمەکان، بەیەکەوەلکاون؟!

داهێنان لە گۆڕانکاری و دەزینەوە و سەیروڕدایە. داهێنان لە جوولە و زەمەنی تایبەت و خڕایی پێشکەوتنە جیاوازکاندایە. بەو مانایەش نوگەری وەك نواندنی (وسبەلەکراو) لەسەر چەکی دونیا کار ناکات، بەڵکو هەوەدەدات خڕایی گۆڕانکاری و سەیروڕی داهێنان و ڕیتمی جیاوازی ئەمڕۆ بدەزێتەوە.

کەواتە بیرکردنەوە و خەیالی شیعری بایەخ بە شێوە و پەیوەندییە نوێیەکان دەدات. زمان لە شیعری نوێدا ئەو کاتە داهێنەرە، کە لە خزمەتی جوانی و دنیابینی و خەیاڵدا بێت. نەك هەوەی نواندنەوەی گشتگیری بدات و پارچە وردەکان فڕامێش بکات! ئەو قسەیەش بەو مانایەیە، کە پەیوەندی نەوانیان لەسەر گۆڕانکاری و جیاوازی و دنیابینی سەردەم درووست بکرێتەوە. بەمجۆرە پەیوەندی نوێی نێوان دال و مەدلوول، یان نیشانە و مانا، فۆرمێکی نوێش بە شیعر دەبەخشێت. لەوشەوە جوانی شیعریی و خەیالی شیعری پێشدەکەوێت، جوانی شیعریی و خەیالی شیعری هەمیشە پانتاییەکی ئازادی دەوێت.

دواجار من لە ئاوێنەی وەرزێك نوقمبووم،
ئەو وەرزە "تە"یت، کە ڕامانی سەوز کردووم.
لەسەر پردێك، خەیاڵاوی جەهەشتووم، بە دیار ئاوێتەبوونی ڕەح.
بە دیار ڕاڕاییم، بە چوونە بەر هەیوانی پەپوولە.
وشك و شەکەت گاز لە چاوگەوانی دەگرم.
دەمەوێ لەوێ،
لەنێو مەرگی نەرگزجاڵ، شینی خەم بەسەر پێڵگ گۆشکانی بەڕژم
تا ئەوپەڕی تەهاڵەت،
تا ئەوپەڕی بەرائەت،
تا دەبمەوە بە (گفل)ێکی مەعصوم.
(وەرە لە باخ پێتدەڵێم) –حەسەن هەندرێنی، ل65-66.

زمانی شیعری بە ڕەح نییە. ڕەخنەگر (کارل فلیپ مەریس) دەڵێ کاتێ دەقی هونەری لە دەرەوەی خۆی شتێ دەستنیشان دەکات، ئیتر لە ئەکسسوارێك زۆتر تێناپەڕێت. کەواتە ناشێ داهێنانی هونەری بە مەبەستی بۆئامرازکردن و (بۆگشتیکردن) بەکار ببرێت، هەرگیز زمانی شیعری هەوێنادات لەجیاتی هەمووان بیر بکاتەوە، پەیستە زمانی شیعری لە خزمەت جیاوازی و شیعرییەتدا بەسکەت، چونکە بەهای جوانی شیعری لە خەیاڵی جیاوازدایە. ئەو کەپلەیەی سەرەوە وەك

درووستکردنی پەیوەندی نوێ بەشێك لەو جیاوازییەی گواستنەوە، بەڵام وەك گۆرانەوەی بازنەیی، لە رووی دنیابینییەوە دەبێتەوە (گفل)ێکی مەعصوم؟!

(4)

لە جوولەی پەنجەکانت تێگەیشتم،
ئەفسانەش دەتوانێ وەك جوانوو سمکۆیان بکات.
لە جیاتی تەز، هەتاو لە درزی پەنجەرە سێگۆشەییەکانی دەست،
چپك چپك
بە دەرسیم بەرێ بکات و
بۆنی دەمی خونچە بکات.
(وەرە لە باخ پێتدەم) –حەسەن هەندرینی، ل91.

(رۆلان بارت) پێیوایە نووسین پێش لە یادەوەرییەکانی پێش خۆی، ئەو لەلای (بارت) جێختکردنە لە تەزی (زمان هەرگیز بێ لایەن نییە). لەو رووەوە بەرەوبردنی رەهەندی باگگراوەندی شیعری کوردی و زماندەستی شاعیر لەو کەمەی شیعرەدا ئەوەندە ئاسان و نەکردە نابینیم. بەڵام پرسیار ئەوەیە، شاعیر چۆن لە دەرەوەی گۆرانەوەی بازنەیی، پەیوەندییەکی نوێی پێ چالاکی هونەری و پێ لە بیرکردنەوە و خەیاڵی شیعری و پێ لە جوولەی رووداوی جیاواز لەنێوان تاك و کۆنووسینەوە؟! دەمەوێ بڵێم، ئایا شیعری سەردەمی پاش حەقیقەتکان و زیرەکی دەستکرد، دەشێ لە بازنەی یادەوەری و نەستی دەستجەمعیدا بخولێتەوە؟!.

بگومان لە هەموو کارەکی ئەفراندندا (کات و شوێن) گرنگی خۆی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، بارستاییەکانی شیعری (حەسەن هەندرینی) لە مەوداو و جوولەدا لابەری کات و شوێنی تایبەتی، مەوداو و جوولەی گشتی وێنا دەکات. لابەری وێنە ئاڕاستەکانی ژیانی ئەمڕۆ، وێنە رەش و سپییەکانی دوێنێ بە باگگراوەندی زماندەستی دەکەشتەوە، کە بە بۆای من نە خوێندنەوەی تایبەت بۆخۆی درووست دەکات، نە خەمی خوێندنەوەی ئەمڕۆش، بەڵکو هەکاری ماندووکردنی خوێنەرانیشی لەدەکەوێتەوە!. رەنگە خوێنەرانەکی ناسیونالی پێگیر بە هەڵگرتنی خەمی گۆڕەی ناسیونالی و هەڵی پانی شیعری کوردی و باگگراوەندی زماندەستی راهاتبن، بەڵام خوێنەرانی سەردەمی پاش حەقیقەتکان و زیرەکی دەستکرد، کەمترین گرنگی بەو هەڵە پانە دەدەن. بە کورتی بەهای شیعری لەوەدایە، کە بە جوانی خەمە بچووك و تایبەتکانی بنوێنێ و لە درووستکردنی پەیوەندییەکی پێ جوولەی نێوان دنیابینی و مەودا جیاوازەکانی خۆی رەنگ بکاتەوە؟!.

بە کورتی لە هەندە لە قەسیدەکانی کەمەی شیعری (وەرە لە باخ پێتدەم) پەیوەندییە کۆنەکانی گۆرانەوە گۆڕەکان بەرەو

کابووندوان، بەرام وەك پۆیست هونەری بیرکردنەوە و دنیابینی سەردەم و خەیاڵکردنەوە، لە دایکبوونی بە تەواوی دیار نییە؟!
هەولێر 21/4/2024

تە تەنهـــــا ئەکـــــادیمیت، وناکبیرنیت!.. ئازاد حەمە

سەرتا: زەربوونی دکتەر و پرۆفیسەر کۆشە وناکبیریەکانی ئەمە چارەسەرناکات

لە یەکەم نیگادا، ئەم سەرتایە بەم ناونیشانەوە(زەربوونی دکتەر و پرۆفیسەر کۆشە وناکبیریەکانی ئەمە چارەسەرناکات) بەرەو ئەو بینینەمان دەبات، کە ئاگەرچی زانکۆ ڕۆڵی چاکی دیووە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەڵام زەربوونی زانکۆ لە شاردا چارەسەری گرفتە وناکبیریەکانمانی نەکردووە و، بگرە زەربووونی دکتەر و پرۆفیسەریش کۆشە وناکبیریەکانمانی قوڵترکردوەتەوە و جەمسەری تریش بەو کۆشانە داوە. بە زەرەکیشمان، کە لە نەوەندی ئەکادیمیدا کاراین، ئەوە پرسیارە، کە ئایا مامۆستای زانکۆ وناکبیرە؟ زانکۆ وناکبیر intellectual، یان بیرمەند، بەرهەمدەنت؟خودی مامۆستای زانکۆ توانیویەتی خوێندکاری وناکبیر دروستکات؟
گومانی ناوەت، زانکۆکانی ئەمە ئەکادمیەکانی لە کارلەکی وناکبیری intellectualityخستووە و هەزاریەکی زەریش بە بیرکردنەوە و وشەسازیانەوە دیارە، کە ئەوش بەرهەمی دورکەوتنەویانە لە خوونەکبیرکردن و نەبوونە کەسێکی ئینسیکلۆپیدی(مەوسوعی).
کاتێک نەوەندی ئەکادەمی نەخوێندەواری ناهەڵت بەرە فەربوون زیادەکات نەک زانینknowledge. زانکۆش، کە بیرکردنەوەی خوێندکار سنووردارەکات و تەنها ئاستی فەربوونی دەگەڵت زانکۆ نابێتە جێگای هیوا ئەکادەمی و وناکبیریەکان. چونکۆ کاتێک کەلەجەکان لەناو پرسیارسازیەکاندا نەشونمادەکەن و بە چەندین مەژووی(مەژووی زانست، مەژووی ئایین، مەژووی هونەر،...) چەکداربەن، کە ئەوانش مەژووی ئاستەقینەی فەلسەفە پێکدەنن، بەوە زانکۆ هەم زانین و هەم

ونا‌کبیریی بەرهەمدەنەت و زانکۆش ئەرکی قۆناچکردنی نەخوێندەواری نابەت و ئەوە بە پەروەردە جەدەەت. بۆ وادەەین؟ چونکە زانکۆ سەرووی پەروەردەیە، شوێنی هەناوگەانە لە فەربووەکان و دادەی زانینە دەگمەن و ناقیەکانیشە.
لە کۆتایێدا ئەوەی وادەکات زانکۆ ئەوە نەبەت و نەوانێدی ئەکادەمیمان بەرەو ژینگەیەکی نالەبار و ناونا‌کبیریی بەوات جگەلە هەکارە سیاسییەکە، کە ژینگەی زانکۆ دەتەپێنەت، هەکاریتریش هەن وەک بەباکی و بە ئامانجی مامەستا و خوێندکاری زانکۆیە. ئەفسووس، لە ئەستادا، گشت ئاماژەکان ئەوەمان پێدەەن، کە مامەستا و خوێندکاری زانکۆ چیتر کەسە دەگمەنەکانی کەمەگەی ئەمە نیین و لەگەە هاتنی زیرەکی دەستکردیش ئاستەکانیان زەرتر ئاشکرا دەبەت و ئەوەش ئەوەمان پێدەبەژێت، کە تەنها ئەکادەمیبوون بەس نییە و ئەمە(ئەکادەمیبوون) پێویستی بە ونا‌کبیربوونیشە.
ئەکادەمی توژەرەکی زانستییە، خاوەنی میتەدەلەژیایەکی جەگیر و توندە، بەدوای ناستییەکی زانستی دەقیقدا وەە، لە کاتێک ئەکادەمی ونا‌کبیردەبەت ئەمە دەرفەتی ئەوەی پێدەبەخشێت، کە خەی تەر زانینی جەراوجەر و پێ تەگەیشتنی جیاوازبکات و توخنی دژوارییەکانیش بکەوێت. بەمە ئەکادەمی لەو جەگیرییە زانستییەوە لە بیرکردنەوە بەرەو زانینەکی هەمەجەری کراوە دەوات. هەرچی ونا‌کبیرە خەی خەی ئاناستەدەکات، کەموکوڕی خەیدبینەت و کار بە پەکردنی هزری خەی دەکات و دیدەکی ەەخنەگرانەی بە جیهان هەیە و خەشی لەسەر پرسیارسازی و ەوونکردنەوەی بیرکردنەوە کەشمەکەشدارەکان نادەهەنەت. بەیە داوای ئەم نوسینە خەی لەو تەماشاکردنە پوختدەکات، کە کاتی ئەوە هاتووە کەنسێپتمان بە بەئەکادەمیبوون و مامەستای زانکۆ و خوێندکاری زانکۆ، یان بەوانامە، بگەین.

ونا‌کبیریی جیاوازە لە فەربوون

ونا‌کبیر ،و ونا‌کبیری ئەکادەمیی، لەناو گفتوگۆکاندا هەزری گەشەدەکات، لەو بابەتانەش دەدوێت سەرسامکەر و گیرن و توانای گەینی ئاقاری گفتوگۆ داخراو و بەئاکامەکان و خستنەوەی کاریگەریشی هەیە. شانبەشانی ئەوەی هەزی قەناعەتپێکردنی زەرە دەکارەت بەچوونی دەوروبەریش بگەەت. سەرباری ئەوە، ونا‌کبیر ەەوانتەر قسەدەکات، ئەوەشی دەیەەت لەسەری دەوەستێت و تاوتوێدەکات. بەیە ونا‌کبیریی intellectuality جیاوازە لە فەربوونlearning.
ئەو ونا‌کبیرییەی بەدەستیدەهێنین وەک ئەو فەربوونە نییە، کە بەدەستیدەهێنین. ونا‌کبیریی وامانلەدەکات گومانبکەین، هەرچی

فەربوونە بۆ جارێ نییە. هەروەها سنووری ژنوناکبیریی بۆ سنوورێ، بۆتە فەربوون تایبەت و سنووردارە. فەربوون سەبارەت بە شتێک، ژنوناکبیریی تایبەتێ بۆ گشت. کەسی ژنوناکبیر ئاسای بیرکردنەوەی فراوانە، نەبینراو دەبینێت و قسەشیتیادەکات، کەچی فەربوون شتێکی ئوتۆمان نادات، کە قووبوونەوەی بۆ تخووبی تیابێت.
فەربوون ڕەنگە لە قاناغی نەخوێندەواریەوە بمانبات بۆرێو خوێندەواریەکی باڵا. بۆتە ژنوناکبیربوون پۆیستیەکی بووناویی و بەشکیش لە پۆیستیە کۆمەڵایەتیەکانمان. هاوکات بۆژنوناکبیربوون پرسیەکی دژواری ماندووکەرە، هەرچی بۆئاکادمیبوونە کاتێکی کەمتری دەوێت. بۆژنوناکبیربوون بەردەوام و درێژخایەنە، بۆئاکادمیبوون هێندەی بۆژنوناکبیربوونی تێناچێت. ئەم وادەکات بڵێین: پەروەردە فەربوونمان دەداتێ و ئەو فەربوونەش لە نافەربوون و نەخوێندەواری دەربازمان دەکات. هەرچی ژنوناکبیریە دەمانکاتێ کەسێکی ئینسیکلۆپیدی و خاوەن زانینی هەمەلایەن و واشمانلەدەکات ڕەزمان بە کولتوورە جیاکان هەبێت.
مامەستای زانکۆ فەربوون دەدات، نەک ژنوناکبیریی. ژنوناکبیریی کردەیەکی ئاڵۆزترە لە فەربوون. فەربوون ڕووبەڕووی گرفت و ئاڵنگاری دەبێتەوە، ئەو گرفت و ئاڵنگاریانەش، کە ڕووبەڕووی زانین دەبنەوە هەمان ئەوانە نیین، کە ڕووبەڕووی خودی کردەی ژنوناکبیریی دەبنەوە.

ناڕوونییەکان سەبارەت بە ژنوناکبیریی و ناژنوناکبیریی

کە ژنوناکبیرە پرسیارێکی کۆنە و کۆنی پرسیارکەش کردنەکەی بەمانا ناکات. کاتێک دەپرسین: کێ ژنوناکبیرە؟ دەخوازین بزانین ئەو کەسە کێیە، کە تێگەیشتنی هەمەلایەنەی لەسەر شتەکان هەیە، پۆیستی بە زانین و ئەزموونی هەمەچەشنی بەردەوام هەیە؟ کە زانیمان ژنوناکبیر کێیە ئەو کات دەزانین ژنوناکبیر تاکێکی دەگمەنی کەمێگەیە، غەمی دەزینەوەی چارەسەر و گفتوگۆی ڕەوان و توانای هێنانەوەی بەڕێگەی لۆژیکی بە وتنەکانی هەیە. واتە ئەم کەسە دیالێگ و مشتومڕی بەردەوام ئەنجامدەدات، هەڕە دەبینێت و بەشداری لە چاککردنەوەشیان دەکات، گەیشتنیش بە ئۆگەری نوێ، لەڕێگای پرسیار و گومانەوە، بە کاری سەرەکی خۆی دەزانێت.
بۆیە با بزانین ژنوناکبیریی چییە؟ ژنوناکبیریی زانین نییە؟ ئەو زانینە نییە، کە نیمانە؟ چونکە زانین زیاد و کەم دەکات، گەڕانی دەتەسەر و ئاستی وەک خۆی نامێنێت. ژنوناکبیر خاوەنی فەرهەنگێکی فراوانە، فرەهەندە و تێگەیشتنیشی ئاقارجۆراوجۆرە. ژنوناکبیر لە هەکارەکان دەکەڵتەوە و توانای هەوشانەوە و سەرلەنوێ سازاندنی

هەیە و کاری ئاستەقینەشی شیکاری و تێخنیە. ئەم جگەلەوەی، کە توانای بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی تێخنگرانە و سەربەخیانە و چارەسەری کێشەشی هەیە.
پێدچێت تۆناکبیریش ئاستی خۆی هەبێت. گەروابێت ئەو کات مرۆڤ(کەسی تۆناکبیر) پێویستی بەوەیە ئاستی تۆناکبیریی خۆی بەرزکاتەوە. هاوکات تۆناکبیریی بریتیی نییە لە وشەسازی و تێزکردنی پێیڤ و چەند چەن، تۆناکبیربوون زادەی بیرکردنەوە، چەنیەتیی قسەکردن و ئاڤکاریە.
ئەگەرچی زانکە نەزانی ناهەقێت، پزیشک یان ئەندازیار، یاخود خاوەن پلەی زاستی باڵاش دروستدەکات(دوا تایتەی زانستی دەدات کە پرۆفیسەرە)، بەڵام هەموو ئەمانە بەو مانایە نییەن، کە ئەم پێمانوابێت زانکە دروستکەری تۆناکبیرە. تۆناکبیریی وەک بیریاریی وایە پرسیەکی خودیی بەردەوام و بە بەردەنە و شەیشە لەگەڵ دژواریی و ئەستەمییدا.
زەرجار وشەی نەخوێندەوار دەدرێتە پاڵ کەسی نا تۆناکبیر. هاوکات دەدرێتە پاڵ ئەو کەسەش، کە لە ئەستادا خوێندەوارە و لە تۆناکبیر نییە. زەرکیەش لەو خوێندەوارە ناتۆناکبیرانە خوێندەوارە ئەکادەمییەکانن، ئەوانەن کە ناتوانین باسی ئەوەیان لەگەڵدابکەین، بە لە سەدسالی رابردووەدا هەڵگرانی خێراتی نەبە لە بیرکاری و فیزیا یان پزیشکی تووسکان نەبوون؟ لەکاتێکدا ئەو زانستانە لە سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەتی کۆندا پێشکەوتووشبوون. کەوابێت، کەسی نەخوێندەوار بەپێی پێوانە نوکانی تۆناکبیریی دەشێت ئەو کەسبێت بەوانامەی زانکەیی هەیە، لە ناتوانێت دوو دەە قسە لە سەمای فلامینکە، سینەمای پازلینی، یاخود دیرکی ئایینە ئیبراهیمییەکان بکات.

زەربوونی ئەکادەمی و کەمیی تۆناکبیر

یەکێک لە دیاردە ناشرینەکانی دوو دەیەی پێشوومان ئەوەیە، کە ئەکادەمیبوون تۆو لە هەڵکشانە و تۆناکبیرییبوونیش تۆو لە داکشانە. زانکەکان، کە ئەکادەمی دروستدەکەن تۆناکبیر دروستناکەن، هیچ نەبێت لە دوو و سێ دەیەی رابردووەدا دیواریان خستووەتە نێوان ئەکادەمی و تۆناکبیرەوە. زانکە، کە شوێنی دانی بەوانامەی فەرمییە لە بوارێکی، پسپۆرییەکی، بەرتەسکدا؛ ئەو پسپۆرییە لەگەڵ کاتدا گەشانیدەتەسەر و بەیە کەسی ئەکادەمی پێویستی بەخۆپەرەپێدانە لە پسپۆرییەکەی، ئەگەرنا نەزان دەبێت. ئەم پسپۆڕە گەر خوێندەرێکی باشیش بێت جیاوازدەبێت لە هاوڕێ ئەکادەمییەکانی، گەر ئەوەش نەبێت شەمەندەفەری زانین جێدەهێڵێت. ئەمەو جگەلەوەی هەڵگرانی

بەوانامی بەرزی ئەکادەمی (دکتەر، پرۆفیسەر) لە زانکۆیەکەوە بە ئاویتر، لە ژینگەیەکی ئەکادەمی وسیاسیەوە بە ئاویتر هەمان نیین. بەدنیاییەوە ئەکادەمی ئەستامان ئاوی دەیزانێت هەر ئاوایە. ڕەنگە لەمەدا ڕۆناکبیرانیش هاوبەشی بن. هەردوو لایان خەریکە لاوەدا یەکدەگرنەوە؛ ئاوە دەخوێنەوە، کە دەیزانن. ئەکادەمی کورد سەرباری فشار و بارگرانیەکانی،کە نادادیەکان بەیاندروستکردووە و ئەمەش ئاستی هەناوەتە خوارەوە، خەشی دەستی هەیە لە پڕاوڕزخستنی خۆی.
خە پڕاوڕزخستنی ئەکادەمییانی ئەمە لە زانکۆکان دەرئەنجامی بیرتەسکی و نابوەری زانستیی و ڕۆناکبیریی خەیتی نەک شتەکیتر. زۆروباری دکتەر و پڕۆفیسەریش لە زانکۆکانماندا ئاماژە نییە بە دابەانەکیی مەعریفیانەی ئەکادەمی و ئەمەش کاردانەوەی نەگەتیڤی لەسەر کردی ڕۆناکبیریی و واتای بەوانامە و پلەی زانستی ئەکادەمی دروستکردووە. ئەمەش وایکردووە کەشە ڕۆناکبیریەکانمان لە جێگای خەیان بمێننەوە.
بەڵامەولا نەخوێندەواری و نەوەندی ئەکادەمیی لە زەر شوێن لە جیهاندا دەستەملاندەبن، نەخوێندەوارەکان تەنها لە گوندپانەکانی شاردا ناخوێنەوە، بەڵکو لەناو حەرەمی زانکۆکانیش پیاسەدەکەن، ئەبەتە بە پلەی زانستیی بەرزەوە. ئەبەتە ژمارەیەکی زەر کەم لەمە بەدەرن؛ ئاوانەی زمانی زەر دەزانن و شانبەشانی پسپۆری خەیان لە ململانێ ڕۆناکبیریەکانیش بەئاگان.

پشتکردنی ئەکادەمی لە فەلسەفە ناڕۆناکبیری دەکات

ئەکادەمی پێویستی بە فەلسەفەیە؛ بە ڕۆناکبیری فەلسەفییە. چونکە ئاو فەلسەفەیە وا لە کەسی ئەکادەمی دەکات بیربکاتەوە. کەسکەبوونی زانینی جەراوجەر مەرجی سەرکەیە بە ڕۆناکبیربوون، ئاوەش لە مەژووی فەلسەفەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئاوەش ڕۆناکبیر بەرەو مەژووکانیتری مرۆڤایەتی دەبات(ئایینەکان، شارستانیەکان....).
ئەکادەمی ڕۆناکبیر بە هەی فەلسەفەوە دەبێتە خاوەنی زانینکی هەمەجەر و کراوە و دەستیشی دەبێت لە دروستکردنی چەمک و تێواینەکان. بەڵام موخابن ڕۆناکبیری ناڕەخنەگر وەک ئەکادەمی تاکەهەند وایە، کە تەنها بەردەمی خەی دەبینێت و ئەمەش ئاو بووناوەرەیە،کە پشتی لە خوێندنەوەی کتەبی فەلسەفیی کردووە. ڕۆناکبیری ناڕەخنەگر توانای بەرهەمهێنانی ڕۆناکبیریی نییە و لەگەڵ ئەکادەمی ناڕۆناکبیریشدا یەک گرفت کەیاندەکاتەوە: لەگەڵان لە کەمەکەی و نقووبوون لەناو نەهامەتیەکان.

پشتبەستنی ئەکادەمی بە فەلسەفە توانای بەرگەهەنانەوەی لا دروستدەکات بە وتنەکانی، فەری لەژیکی ئارگیومەنت و بەرگە هەناوەدەبەت و دەشزانەت زانین بەدەستهێنان کاتی دەوەت و بیرکردنەوەی ووردیشی پێویستە. ئەمش وادەکات ئەکادەمی ئوناکبیر دروستبەت و ئاگاشی لە هەساکانی هزر بەت و کاریش لەسەر خۆی و دەوروبەری خۆی بکات.

کتێبخوێندنەوە و نووسندی ئەکادەمی ئەمە

کتێبخوێندنەوە دەروازەیە بە بەرهەمناکبیربوون، بەڵام حەیف گەر دەستبژێری ئەمە برتیبەت لە ئەکادەمی (پرۆفیسەر، پزیشک، پارێزەر، ئەندازیار و.....) زۆرێک لەوان ناخوێنەنەوە، بشخوێننەوە بەردەوام ناخوێنەنەوە. زۆرکاتیش ئەوە دەخوێنەنەوە کاریان پێیەتی و ئارەزوویدەکەن.

کتێبخوێندنەوە، بەتایبەت خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیی، بەگشتیش کتێب لەهەر مەژووی زانست و ئایین و هونەر، کە مەرامێکی هەمەلایەن لەخۆدەگرن لەناو ئەمە ئاسایینەبووتەوە. باشە بە مەرەف دەبەت کتێببخوێنەتەوە؟ بە دەبەت کتێبی فەلسەفیی بەهادیەکی زۆرتر لە کتێبی ئاسای بخوێنرەتەوە؟ بۆئەوەی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدینەوە، پێویستمان بەوە دەبەت کتێب پێناسەبکەین، دواتر ئەو جۆرە کتێبەیش پێناسەبکەین، کە پێیدەگوترەت کتێبی فەلسەفیی، یان کتێبی هزریی.

کتێب ئەو شوێنەیە زانیاریی و زانینەکان لە دووتوێی خۆیدا کۆدەکاتەوە و هەریەک لە کتێبەکانیش بە جۆرێکی جیاواز دیدگای خۆیان بیاندەکەن. گرنگە لێرەدا ئەوەش بوترەت، کە گشت ئەوانەی کتێب دەنووسن کتێب خوێنەرێکی بەردەوام و چالاك نیین. گەلێک لەوانەی کتێب دەنووسن تەنیا ئەو کتێبانە دەخوێننەوە بە بواری خۆیانەوە تایبەتە، یان زۆربەی ئەوانەیش پێیاندەگوترەت خوێنەر گشت جۆرە کتێبێك ناخوێننەوە.

هەیە تەنیا کتێبی ئەدەبیی و بەتایبەت شانۆ یان هەمان دەخوێنەتەوە یان کەسێک، کە پزیشکە و سەرقالی جیهانی کارئەندامزانیی و زیندەوەرناسییە تەنیا یان بزارییی، ئەو شانۆ کتێبانە دەخوێنەتەوە لەبواری پسپۆرییەکەیەوە نزیکە. هەنگە پزیشکێک یان دەرمانسازێك کتێبی ئەدەبیی یان مەژووییش بخوێنەتەوە، بەس چەن مامەڵە لەتەك ئەوە دەکات لە تێکستە ئەدەبییەکاندا نووسراوە؟ ئەوش جگای پرسیاری ورد و تەماناە. بیریشماننەچێت گەلێک لە ئەدیبە گەورەکانی جیهان پزیشك بوون.

ئەوەی کە هەمیشە جگای پرسیارە ئەویە، کە خوێندنەوەی کتێبی

فەلسەفیی شتێکی ترمان دەداتێ، کە کتێبەکانی تر ناماندەن. ئەو شتە، کە هەتوانی دەربازبوونمانە لە دەرگیریی و گرفتاریەکانمان شتگەلێکی گەردووناوین و تەنیا لە دووتوێی کتێبە فەلسەفیەکانیشدا بەرچاودەکەون.
سەرباری ئەوە، کتێبە فەلسەفیەکان لەوەڕن لە مشتومڕی پەویست و پەردە لادەرن لەسەر پەردەلەسەر لانەدراوەکان. کتێبە فەلسەفیەکان لەگەڵ جیاوازی پسپۆڕییان خەیان لە قەڕەی بابەتگەلی فرەئاقار و نەخەمڵیو و سەیروسەمەرە دەدەن. هەگرانی خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفیەکان لەوەحاڵین، کە کتێبە فەلسەفیەکان دەرفەتی تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ و هەوانینی ئەم مرۆڤە دەگەڵن.
سەرئەنجام، کتێبە فەلسەفیەکان کتێبە ژیرمانەدئاسا و ئەندێشەیەکانن و بە دیدێکی جیاواز لەچاو کتێبەکانی تر ئەوەی سەخت و دژوارە هەمیشە دەکەنە جێگای پرسیار و تەئامان. هەڕشکێنی کتێبە فەلسەفیەکان سەرچاوە لە خودی فەلسەفەوە هەڵدەگرێت، کە بابەتگەلی نەوانەدژ/دژوێژ و سەرسامکەر گفتوگۆدەکات. لەو سەنگەیشەوە فەلسەفە کارامایە لە دەرفەت هەڵخساندن بە بیرکردنەوە و سنوردانان بە پێشدادوەریکردن. گشت ئەوەش دەروازەیە، سەرەتایە، بە بەڕوناکبیربوون.

زانکە خوێندکاری هەوناکبیر دروستنەکات زانینەکەی ئاوادەبێت

لە دەخێکی هەوەشاندنەوەی کەمەایەتیدا دەژین. لەم دەخەدا ئەرکی زانکە گەورەیە، هەرئەوە نییە، کە بەوانامە بدات. وانەکانی زانکە گەر بیری گەشگیریی زانستیی و بە هیوایی کەمەایەتیی و تێگەیشتنی وشک و کۆنەپەرستانە ریشەکێشنەکات هیچ ناپێکێت. بەیە زانکەکانمان پەویستی بەوەیە خوێندکاری هەوناکبیر دروستکات، کە ئەوەش تاکی هەوناکبیر لە کەمەگە دروستدەکات.
گەر کەسی ئەکادەمی کەسێکی هەوناکبیر نەبێت زانینەکەی سنووردار و تووند دەبێت. گومانی ناوێت زانکەکانمان خوێندکاری هەوناکبیر دروستنەکات لەگەڵ کاتدا زانینەکەی بەبەهادەبێت و خودی زانکەش حورمەتی ئەکادەمیی خۆی لەدەستدەدات و کەسی زانکەییش جێگای متمانەی کەمەگە نابێت و زانکە وەک کارگەی لەدێت؛ کارگەی بەرهەمهێنانی هەگرانی بەوانامە. کە زانکە خوێندکاری هەوناکبیری دروستنەکرد دەبێت گلەی لە مامەستای زانکەیی بکەین، کە بیرکەمەدراماتە، بە ئاگایە لە گەرانکارییە زانینی و هەوناکبیرییەکان.
گومانی ناوێت ئەو مامەستا زانکەییەی باسکرا، ئەگەرچی لەژێرفشاری نادادیی و گەندەیی سیاسیدایە، کەشێکیتریشی هەیە، کە شارەزای

ئەو مەژووە گرنگانە نییە(مەژووی زانست، مەژووی ئایینەکان، مەژووی هونەر، کە هەموو ئەوانەش مەژووی فەلسەفە پێکدێنن) ،کە زانین لە زانکە بەرەو پێشەوەدەبەن.
بەپێی ئەوە بێت لای سەرە هەمایبەکرا، زانکە کاری کێبووەنی زانین نییە لای خوێندکار، بەڵکو چەنیەتی وەگەڕخستن و پەلینکردنی ئەو زانینەیە لە ژیانی دواتردا. واتە پسپۆریی زانکەیی دەبێت کۆسایەتی تاکەکان بگۆڕێت، نەک بیانکاتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە.

بەماڵباتکردنی سیاسەت دژی ژوناکبیربوون و ئەکادەمییبوونە
ئەو کاتەی قسە لە تایەک دەکەین، کە تەنها ئەکادەمییە و ژوناکبیر نییە پێوەندی ژوناکبیر بە دەسەاتی سیاسیی و دامەزراوەی ئایینیەوە جێگای باسە. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی بەماڵباتکردنی سیاسەت لە دەرەوەی زانکە دژی بەژوناکبیربوونە و بکوژی زانینی ئەکادەمیشە. لەگەڵ کاتیش ئەم دیاردەیە، بەماڵباتکردنی سیاسەت، کە دەتەناو زانکەوە ژینگەی ئەکادەمیی ناکارامە و چەقبەستوو دەکات و دەرگاش بەڕووی بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێ دادەخات.
ئاستە زانکە بووتە موڵکەی ئەکادەمییان، ئەی موڵکەی ژوناکبیران لە کوێیە؟ موڵکەی ژوناکبیران گشت شوێنکە، کە ئەو پێویستە. خاڵی هاوبەشی لاوازی نێوان ژوناکبیر و ئەکادەمی ئەستای ئەمە ئەوکاتە دەستپێدەکات، کە هەردوو لاوازن لە شەرمەزارکردنی زانین و تێگەیشتنی باو؛ هەشتنەوەی کۆنەپەرستی و بێدادیی. بەداخەوە، کێشە سیاسییەکانمان بەشایی نێوان ژوناکبیر و ئەکادەمی قووڵترکردوەتەوە، ژوناکبیر و ئەکادەمیشی کردووەتە کەمیتەچی و مەبەندچی. نێوەندی ئەکادەمی هەروەک نێوەندە ژوناکبیرییەکە تەواوکەری تێگەیشتنی سیاسییانەی کەمیتە و مەبەندن. شێوەی ناو زانکەش، بەداخەوە، شێە نییە لەپێناو سەرخستنی وتاری ژوناکبیریانەی ئەکادەمی، بەڵکو شێە لەپێناو بەدەستهێنانی پێستی زانکەیی.

زیرەکی دەستکرد چەمکی ئەکادەمی و ژوناکبیر بەرەو کوێدەبات؟
پێشهاتنی تەوژمی تەکنەلۆژیای زانیاریی چەمکی ئەکادەمی بەمجۆرەی ئێستا نەبوو. زانین، زانینی زانستی، دەکرا تەنها لەناو هێڵەکانی زانکە بەدەستبهێرێت، بەڵام ئێستا دەستگەیشتن بە زانست بەوجۆرەی جاران نییە. زۆری زانکە و زۆری خوێندکاری زانکەش بەهای ئەکادەمیبوونی زانکەی هێناوەتەخوارەوە. ئەم ژینگەیە وایکردووە هەموو بگەنە زانکە و هەمووش بەوانامەیەک بەدەستبهێنن. زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و خۆزانیش هەکارە بە چوونی هەموو بە زانکە.

بازاڕی کاریش گرفتەکی تری ئەم لایەنەیە.
بەوانامە تا ئەو شوێنە سودبەخشە، کە دەتوانێت زانینی جەراوجەر و نوێمان لەسەر جیهان بداتێ، بمانکات بە خاوەنی عەقڵ و کولتوورێکی کراوە و شایان. بازاڕ، کە داوای بەوانامە دەکات، بەوانامە ئەو حورمەتەی نەماوە و بگرە بووشە بە رەتینات و زانکۆ خوێندنیش بووەتە مەد. هەرکە زانکۆشت خوێند بەنیگەرانی بەوانامەیەک هەر دەنیت. لەم حاڵەتەدا زانکۆ یەکسانە بە بەوانامە بەدەستهێنان و ئەوەش یەکسانە بە پەیداکردنی کارێک. بەڵام هاتنی زیرەکی دەستکرد هاوکێشەکان دەگۆڕێت و گەر زانکۆ خێی نەکات بە تەکنەای زیرەکی دەستکرد بەوانامە سودی نامێنێ و کارپێداکردنیش سانا نابێت.
واتە زانکۆ چیتر ڕێگایەک نییە بۆ کارپێداکردن. کەواتە بۆ نەمانی هەندەک بێش و ئاوابوونی هەندەک پسپۆری لە زانکۆ دەرفەت بۆکارپێداکردن کەم و کەمتردەبێتەوە. بۆیە زانکۆ پێویستی بەوەیە سنوور بۆ کردنەوەی بێش دانێت و کاریش لەسەر داخستنی ئەو بەشانە بکات چارەنووسیان بۆکاربوونە. ئەمێش ئەوەمان پێدەڵێت، کە لەم حاڵەتەدا هۆناکبیر، پتر لە ئەکادەمیی و ووردتر دەوانێتە ئایندە و لەوێش بەئاگایە کەمێگە لەژێر فشاری زیرەکی دەستکرد بەرەو کۆدەچێت.

پاشکۆی: تەنها ئەکادەمیبوون بەس نییە
لە کۆتاییدا هەما بۆ ئەوەدەکۆین، کە ئامانجی ئەم نوسینە پشتگیرییە لە هۆناکبیری ئەکادەمی و ئەکادەمی هۆناکبیر. ئەمێش لەبەرئەوەی، کە ئەم دوانە ئەو وتارە دادەهێنن، کە کەمێگە و مرۆڤایەتی نوێ پێویستیەتی.
هاستە ژیانی ئەکادەمی کورد پێ لە گرفتی دەروونی و کەمێایەتی کاتی و ناشایستە، ئەمێش کاریگەری لەسەر شێوازی وانەوتنەوە و توێژینەوەکانی داناوە. بەڵام با ئەوەشمانبیرنەچێت، کە زانکۆکانمان و نەوەندی هۆناکبیریمان لەناو گرفتەکی ناسنامەیی قووڵدا دەتلێنەوە و، گەر هەڵکانی وانەوتنەوەش پێنەبن لە ئەکادەمی هۆناکبیر خوێندکاری زانکۆیی هۆناکبیریشمان نابێت.
گومانیناوێت، ئاشنابوون بە کولتوورە جیاکان و دانپیاهێنان بە ئەویتری جیاواز لە تەنگە مەرجەکی پێویستبێت بە هۆناکبیربوون. ئەمێش داوامانلێدەکات زانینی فراوان و بەردەواممان لەسەر گۆڕانکارییەکان، بەتایبەت کولتووریی و سیاسیی و ئابووریییەکان هەبێت. هەر بەنموونە ئاگایی پەیداکردن لەسەر مێژووی فەلسەفە و ئایینەکان، مێژووی هونەر (سینەما، شانۆکاری، موزیک، .....)و زانست پێدەچێت مەرجبن بۆ جیاکردنەوەی ئەکادەمی لە هۆناکبیر. کەواتە ئەو

مـــژووانـ زمینـ بـ شتـــی نـــوـ دـــخســـنن و فـربـــوون و هاوکاریشماندـکـن خـمـان ـونـاکبیربکـین و ئاستی هـشیاریـیشمـان بـرزبکـینـوـ.
گـر ـونـاکبیری ئـرگـانیک(گرامشی) هـبـت پـویستمان بـ ئـکادـمی ئـرگـانیکیش هـیـ. هاوکات زانکـکانمان تـنها پـویستی بـم دوانـ نـیـ، بـکـو پـویستی بـ خوـندکاری زانکـیـی ئـرگـانیکیش هـیـ، بـام نـمانی هاوئاهـنگی لـنـوان ئـکادـمی و ـونـاکبیری ئـمـ وایکـردووـ هـریـکـیـان بـجـرـکـ لـ جـرـکـان بـ پیسـیـکانی سیاسـتـوـ بگلـن. کـتوار و ژینگـی زانکـکانیشمان ئـوـ پشتـاست دـکـنـوـ، کـ بـتوانـایی دـسـتـبژـری ئـکـادـمی ئـمـ لـبـردـم بـدادی سیاسیی هـردوو ژینگـی زانکـ و ـونـاکبیریی بـهیواکردووـ. ئـو ژینگـ سیاسیـی ئـمـی دـیژـین ئـکادـمی و ـونـاکبیری کردووـ بـ گـاـتـجـای خـی؛ موچـ خـونی هـردوولایانـ.
ئـفســووس، لـ دـرئـنجـامی تـکـای ئـوـی لایســـرـوـ وتـــرا پـشبینیـــدـکـم، بـهـی بـبـهـــابوونی بـوانـــامـ و تـــاتیتـی ئـکادـمیـوـ، رـژـک دـت بـشـرمـوـ باس لـوـ بـکـم دکتـرام هـیـ و پـرـفیسـریشم.

گـاـتـجـایی کوردبوونی سومـری.. سوداد ـسووـ

لـم چـنـد سـاـی دوایـی چـنـد نووسـرـکی کـورد کـوتـوونـتـ سـاغکردنـوـی زمـانی سـومـاری و پـیوـنـدیی بـ زمـانی ئـمـرـی کوردیـوـ، ساغکردنـوـکان و شیکردنـوـکان ئـوـندـ سـرـتایی و سادـن، ئـوـی زانستی زمان و مـژوو و میـتـدی زانستی بـت تـیدا نـیـ. هـر بـابـتـکی زانستی، ئـگـر کـسـکی ناپسپـر قسـی لـسـر کرد دـبـ چـن قسـی لـسـر بکات، هـر چـن لـی بکـاـتـوـ وـک کـسـک نـابـ کـ هـموو ژیانی خـریکی لـکـاـینـوـ بووـ لـم بوارـدا. بـ نموونـ لـ زانکـکانی ئـوروپا بـشی تایبـت بـ زمانـ کـنـکانی میزـپـتامیا هـیـ، وـک ئاشووری، سومـاری، ئـکـدی، ئارامی، .. کاتـک پسپـرـک لـسـر یـکـک لـم زمانانـ قسـ دـکات، کـسـکـ بـکالـریـسی لـ مـــژووـ، ماســتـر و دکتـرای لـ مـــژووی کـنـ، تـــزی دکتـراکـی

لەکەنەوەیە لە سەر لایەنیکی زمانەوانیی یەکێک لەم زمانە کۆنانە، ئەوجا بە ترسەوە قسەی لەسەر دەکات و ئای خۆی دەدات، دەستەواژەکانی وەک: پەم وایە، وای بە دەچم، بە ئیحتیمالی زۆر، لەوانەیە، .. بەکار دەنێت، چونکە لە بابەتی مێژوو نابە بەشەوەی بنبە و یەکلاکەرەوە حوکم بدەی و بڵێی پاشماوەی ئەم زمانە کۆنە ئەمڕۆ ئەم زمانەیە. پەیوەندیی نێوان ئەم زمانانە کارەکی یەکجار ئاڵۆز و دژوارە، هەتا وشەیەک ساغ بکەیەوە دەبە ئەم هەموو هەزار ساڵە گۆڕانی زمان ڕەچاو بکەی. ئەم بوارە لە زانست پێی دەگوترێ زمانەوانیی مێژوویی Historical Linguistics دەبە ئەو کەسە تەواو بە سیستەمی دەنگسازی و ڕێزمان و وشەسازیی ئەو زمانە کۆنە شارەزا بێت، کاتێک ئەو زمانە کۆنە لەگەڵ زمانێکی ئەمڕۆ بەراورد دەکات، دەبە تەواو لە گۆڕانە دەنگییەکانی ئەم هەموو هەزار ساڵە ئاگادار بێت کە ئەم زمانە نوێیە پێیدا تێپەڕیوە، ئەوجا ئەگەر بتوانێ چەند وشەیەک ساغ بکاتەوە. زمانێکی وەک سومەری کە پێنج هەزار ساڵ تەمەنیەتی ئەوەندە کۆنە، لە هەموو ناوەندە ئەکادیمییەکانی زمانە کۆنەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە خەزانە زمانەکەی دەستنیشان بکەن، بە نموونە ئەکەدی و بابلی و فینیقی و کەنعانی و ئارامی، ساغ کراونەتەوە سەر بە خەزانە زمانە سامییەکانن، ئاڤێستایی و فارسیی کۆن و پەهلەوی سەر بە خەزانە زمانە هیندە ئەوروپییەکانن، کە لەناو ئەم خەزانەش سەر بە کەمڕۆ زمانە ئێرانییە کۆنەکانە، کە زمانی مردوون و ئەمڕۆ کەس قسەی پێ ناکات، بەڵام سومەری، دوای ئەم هەموو ساڵە لێکۆڵینەوە، هێشتا بەیان ساغ نەبووتەوە کە سەر بە چ خەزانە زمانێکە، کەچی کوردێک کە پسپۆری لە زمانی سومەری نییە و هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە زمانە کۆنەکانیش نەکردووە، هاتووە بە بەراوردێکی سەرپێی چەند وشەیەکی کۆنی سومەری لەگەڵ کوردیی ئەمڕۆی دەکات و دەڵێ زمانی سومەری، کوردییە و سومەرەکانیش کوردن!. یەکێک لەم نووسەرە کوردانە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن و پێکەنیناوی ئێسەی ناوی "سومەر" مان بە ساغ دەکاتەوە دەڵێ: ئەم ناوە لە دوو وشەی کوردی سە+ مەر، پێک هاتووە: سە لە سەری کوردییەوە هاتووە و مەر – یش لە مەردومی فارسی، پێکەوە واتە میللەتی سەر! بەڕاستی ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بە ناوی سومەری جێگەی پێکەنین و بزەیی پێداهاتنەوەشە. ئەو وشە سومەرییانەش کە لەگەڵ کوردی بەراوردی دەکەن هەر لەم جۆرە شیکردنەوانەیە، هیچ شیکردنەوەیەکی زمانەوانیی مێژوویی تێدا نییە، هەر بە خۆی لێی تێ دەگا و قەناعەت بە خۆی دەنێ کە ئەمە کوردییە. ئەم نووسەر و توێژەرە کوردانە بەم جۆرە لێکدانەوە سادەیە بە ناوی گەلانی کۆن و زمانەکانیان، ئەوەندە شارەزان دەتوانن کەدی هەموو زمانە کۆنەکان

بکەنەوە، هەمووشی ئەسپی دگڕێنەوە بۆ زمانی کوردی و بۆ کورد. بۆاستی ئەمە گاڵتەجارییە بۆ زانستی مێژوو، نابێ ڕێگە بدرێ ئەم مێژووە کۆنە ئاوەندە سووک بکرێ.
کوردناسی ئینگلیز درایڤەر Driver تۆژینەوەیەکی لەبارەی ئەسپی ناوی کورد هەیە و لە ساڵی 1922 باڵاوی کردووەتەوە. بە ساغکردنەوەی ناوی کورد ئاوەندە باوەردی بە سەرچاوەکاندا هاتووە لە ناوی کارداکا Kardaka دەستی پێ کردووە کە سومەرییەکان بە گوتییەکانیان گوتووە، دواتر هەموو ناوکانی دی کە لای ئاشووری و یۆنانی و ئارامی هاتووە ئاماژەی پێ داوە، لای ئاشوورییەکان ناوکانی: کورتی، گورتوو و قورتی، لای یۆنانییەکان: کوردوئین و کاردخی، لای ئارامییەکان: کاردە و کەردە، ئاوجا لە کۆتایی پەی وایە دەرکەوتنی ناوی کورد لە مێژوودا گۆڕانی دەنگیی کارداکای سومەرییە دواتر لای گەلانی دی بە شێوەیی جیاواز گۆ کراوە تا گەیشتووە بە سەردەمی ئیسلام بووە بە کورد و الأکراد؛ بەم هەموو وردەکارییە شیکردنەوەی بە ناوەکە کردووە، هەشتا تەواو دڵنیا نییە، پەی وایە ئەمە تێنیا بڕچوونە. لەکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن و ساغکردنەوەی وشەی زمانەکان دەبە بەم شێوەیە ساغ بکرێتەوە.
هەموو کوردێک پەی خۆشە ڕاگوێشەی مێژووی کورد و زمانەکەی لە مێژووی کۆن بدزرێتەوە، بەڵام نەک بەم گاڵتەجارییە. بە میتۆدیکی زانستی و لەلایەن تۆژەری شارەزا و پسپۆر بە زمانە کۆنەکان، بەراوردێکی زمانەوانییانەی بە بکرێ نەک بە شێوەیەکی هەڵەمەکی سومەری بکرێ بە کورد.
ئەوانەی هەوە دەدەن سومەری بکەن بە کورد، هیچ بنەما و ئامانجێکی زانستییان نییە، هەستی نەتەوەیی پاڵیان پێوە دەنێ ئەم جارە لەکەدانەوە بە وشەکان بکەن بە ئاوەی بە هەر نرخێک بێت زمانی سومەری بە کوردییەوە گرێ بدەن. ئەم خوێندنەوە ناسیۆنالیستییە بە مێژووی کۆن زەر هەڵەیە، هەڵەیەکی میتۆدییە، نابێ کەسی ئەکادیمی بکەوێتە بەر شەپۆلی هەست و سۆزی نەتەوەیی و پەی وابێ ئیدی ئەسپی کورد لە مێژوو دەزرایەوە و سومەرییە. یان هەر شوێنەوارێک لە کوردستان دەزرایەوە هەر چەند کۆن بێ، بە لەکۆڵینەوە یەکسەر مەری کوردبوونی لێ بدرێ.
لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم عەرەب و تورک و فارسیش ئەم جارە خوێندنەوانەیان بە مێژووی کۆن کرددووە و سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەمە بەشێک بوو لە پڕۆژەی دەوڵەت – نەتەوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتکەیان شەرعیەتیان بە ڕاسانیەتی خۆیان لەسەر ئەم خاکە دەدا، بە ئاوەی نیشان بدەن ئاوان هەر لەبەربەیانی مێژووەوە لەسەر ئەم خاکە نیشتەجێن و هەر ئاوانیش دەبە حوکمی ئەم وڵاتە

بکەن و کەسی دی بە نیە خۆی بە خاوەنی بزانن. ئەگەر کتێبە مێژوویەکانی سەردەمی بەعسی عەرەبی لە عێراق و سووریا بخوێنیەوە، هەرچی ئەقوامی سامی هەیە کە هووی لە میزۆپۆتامیا کردووە وەک بابلی، ئەکەدی، ئاشووری، ئارامی، فینیقی، کەنعانی، .. هەموویان بە ئەقوامی عەرەبی ناو بردووە، ئەمە لەکاتێکدا ئەوانە نە عەرەب بوون و نە زمانەکەشیان عەرەبی بووە، بەڵام ئەوەندە هەیە زمانەکەیان هاوێشێیە لەگەڵ زمانی عەرەبی، وەک هاوێشێیی زمانی کوردی و فارسی لەگەڵ زمانی پەهلەوی و ئاڤێستایی. تورکەکانیش لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوەی تورکیا، لە سیێکانی سەدەی بیستەم هەر بە ئەوەی مێژووەکی کەن بە نەتەوەی تورک لە سەر خاکی ئەنادۆڵ دروست بکەن، دەستیان بە هەمان پڕۆژەی مێژووسازی و نەتەوەسازی کرد، هەرچی ئەقوامی کەنی نیشتەجیی خاکی ئەنادۆڵ بوو وەک هووری و هیتیێکان، تەنانەت سومەرییێکانیشیان بە تورک دادەنا، ئیدیعای ئەویان دەکرد کە ئەچەمکی تورک و زمانەکەی دەگەڕێتەوە بە سومەرییێکان، تورک گەلێکی زەر کەنن لەسەر ئەم خاکە و زمانی تورکییش کەنترین زمانی دنیایە و هەموو زمانەکانیش هەر لە زمانی تورکییەوە پەیدا بوون، بە ئەمەش ئەتاتورک لە سیێکانی سەدەی بیستەم تیۆرێکی بە زمانی تورکی داهێنا بە ناوی "تیۆری زمانی خۆر" کە گوایە زمانی تورکی وەک خۆر وایە و زمانەکانی دی هەموو لەم زمانە خۆڕەوە تیشکیان داوەتەوە و پەیدا بوون. دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانیش هەمان پڕۆژە و بەرنامەی بە نەتەوەی فارس هەبوو، لە عەرەب و تورک زیاتر هەموو شتەکیان بە ئێرانی کرد، هەرچی مێژووی کەن هەیە لەسەر خاکی ئێران هەموویان کرد بە ئێرانی و موکی فارس، تەنانەت بە کورد دەڵێن کەنترین گەلی بە ئەسڵ ئێرانی و ئاریایی، بە ئەوەی بڵێن کورد ئێرانییە و زمانەکەشی سەر بە زمانێکی ئێرانییە و لەهجەیێکی فارسییە، لەهجەش تەنیا بە ئاخاوتنە و بە نووسین و خوێندن نییە، کوردیش نەتەوە نییە، کوردستانیش هەر وەاتی ئێرانە بەیە مافی جودابوونەوەی لە ئێران نییە. کاتێک بە چاوێکی ئەکادیمی سەیری ئەم پڕۆژە دەوڵەت – نەتەوانە دەکرێ، مرۆڤ پێکەنینی پێیان دێ، هەر بە ئەوەی ئەچەمکێکی کەن بە خەیان دروست بکەن ئەم هەموو تەزویرییان لە مێژوودا کرد، کە ئێستا ئەشنبیرکانی خەیان گاتە بەم هەموو مێژووە ساختانە دەکەن و ئەخنەی لە دەگرن کە ئەمانە هیچ بنەمایێکی زانستییان نەبووە، بە ئامانجی سیاسی بوون، پڕۆژەی نەتەوەسازی و دەوڵەت- نەتەوە بووە. ئەمە وەک دیارە کوردیش دێیەوە هەمان پڕۆژەی نەتەوەسازیی ئەم دەوڵەت – نەتەوانە بە خۆی دووبارە بکاتەوە، هەوە دەدات مێژووەکی کەن بە خۆی دروست بکات لە سەر وەهم و ئەفسانە و دوور لە هەموو

بنەما زانستییەکانی مێژووی کەن، دەیەوێ هەرچی قەومی ناسامی هەیە لە میزەپەتامیای کەن وەک سومەری، گوتی، لولو، کاشی، میتانی، هووری، هیتی،.. هەمووی بکات بە کورد، تەنانەت مرۆڤی نیاندەرتالی ئێشکەوتی شانەدەریش کە ٧٥ هەزار ساڵ پێش ئێستایە دەیکات بە کورد، کە ئەمە بەڕاستی گاڵتەجارییە، چونکە مرۆڤی نیاندەرتال، لە چاخی بەردین ژیاوە، نەتەوەی نەبووە، هەروەها زمانیشی دیار نییە چی بووە، کەواتە ئەمە چی کوردییە؟
شوێنەواری ئێشکەوتی شانەدەر و دەزینەوەی ئێسکەپێکەری مرۆڤی کەن لەم ئێشکەوتەی کوردستان، مێژووەکی گرنگە بە مێژووی کوردستان، کە ئەم خاکە هەر لە کەنەوە مرۆڤی لە ژیاوە، و لانکەی مرۆڤایەتی بووە، ئەم دەزینەوەیە شانازییە بە ئەم وڵاتە و ئەو خەڵکەی لەم وڵاتە دەژین. بوونی ئەم هەموو گەلە کەنە بە زمانی جیاواز لەسەر خاکی کوردستان، دووبارە دەوەندیی مێژووی ئەم خاکە نیشان دەدات، کورد کە ئەمڕۆ نیشتەجێی ئەم خاکەیە وەک نەتەوە، ئیحتیمالی هەیە لە نەوەی یەکەک لەم گەلە کەنانە بێت و زمانەکەشی بگۆڕێتەوە بە یەکێک لەم زمانە کەنانە. ئەگەر بەم شێوەیە ئەم مێژووە کەنە بخوێنینەوە، بە مێژووی کەنی کورد زیاتر سوودی دەبێت و لە دنیای ئەکادیمیش بەڕێزەوە لێمانی قبوڵ دەکەن.
بەگومان کورد پەیوەندیی لەگەڵ گەلە کەنەکانی میزەپەتامیا هەیە، ئەمەش ئاساییە چونکە کورد لەمڕۆ نیشتەجێی ئەم خاکەیە، ئەگەر پەیوەندیی زمانی و فەرهەنگی هەبێت، ئەمانە دەبە کەسکی پسپۆری شارەزا بە زمانە کەنەکان و بە میتۆدی زانستیی مێژووی کەن لێی بکۆڵێتەوە و ساغی بکاتەوە، ئەمە کاری خەڵکەکی ناپسپۆر نییە، هەر کەسێک دوو کتێبی مێژووی کەن بخوێنێتەوە و بانگەشەی ئەوە بکات ئەسە و هەچەڵەکی کورد و زمانەکەیم دەزیەوە. بەتایبەت کەنترین گەلی میزەپەتامیا کە سومەرییەکانن و بنیاتنەری یەکەم شارستانێتن لە مێژووی مرۆڤایەتی، و داهێنەری یەکەم خەت بە نووسین لە مێژووداە، گرێدانی کورد بەم گەلە کەنە و بەم میتۆدە نازانستییە، تەنیا مێژووی خەمان ناشیرین دەکەین و لە ناوەندە ئەکادیمییەکانیش دەبینە بە گاڵتەجاڕی خەڵک و جێگەی پەکەنین و نوکتەمان لەسەر دەکەن.

سوداد ڕەسوڵ

مرۆڤ تاکو جەستەی نەبەت هیچی تری نییە.. نووسینی: ستیڤان شەمزینی

مانۆلۆگی چوارەم لە کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شێرپەنجە)دا

من: با بگەڕێینەوە سەر جەستە. بە بایەخکردنی جەستە لە بواری فەلسەفیدا، ئەفلاتۆن تیۆریزەی کردووە، بەدیتنی ئەو جەستە لە خاکەوە پەیدابووە و ڕۆح لە ئاسمانەوە دابزیوە، ئەم تێرزە بیرکردنەوەیە لە بواری فەلسەفیدا وەک هێڵکی درامی لە ئەفلاتۆنەوە درێژ بووەتەوە تاکو بە ئەستاش دەگات. ئەمە هەر ئەو شتەیە "نیچە" تێبینی کرد کە مێژووی مرۆڤایەتی چیتر نییە جگە لە مێژووی نابووت و سەرکوتکردنی جەستە.

خەم: ئەمە هەمان ڕوانگەیە کە ئاینەکان پەداگریی لەسەر دەکەن، هەر لەو ڕوانگەیشەوە بووە بە بەشێک لە کولتووری ئەمە. مرۆڤی کورد لە هەر ئاستێکی ڕۆشنبیریدا بێت تا ئێستا نامەیە بە جەستەی خۆی!.

من: تۆ سەیری شانۆی کوردیی بکە، هەموو ڤێکسێکی لەسەر حیوارێ نێک جوێی جەستە، ئەوەندەی من تێگەیشتبم، خراپترین جۆری نواندنی شانۆیی ئەو نواندنەیە تەنها پشتی بە هەزی وشە بەستووە و جوێی جەستەی وەلا ناوە. تەنانەت ئەمە سەماشمان نییە،! هەڕپەڕکێیەکمان هەیە تاک لە بۆتەی گشتدا پەوەند بووە، بەو پێیەی ئەو سەمایە پرسێیەکی دەستجەمعییە، تاک تێیدا ونە، ئەمەش زادەی ئەو ترسەیە لە دروستبوونی تاکێک خاوەندارێتی جەستەی خۆی بکات، هەروەک چۆن دیسپۆتیزمە کولتووریەکە بە گشت نەبەت بواری بیرکردنەوەشمان نادات.

خەم: کەواتە ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە تۆ بە جەستەی ژن دەنووسیت یان بە ڕۆحی ژن؟.

من: مرۆڤ تاکو جەستەی نەبەت هیچی تری نییە، لای من مرۆڤ جەستە و ئیحساس و بیرە، ژنیش وەک مرۆڤ دەبینم، بە هەموو ئەو جوانیانەی ژن دەنووسم.

خەم: سەیرە سەرباری ئەوەی لە بوارێکی دیاریکراودا نانووسیت، بەڵام هەموو شیعرەکانت بە ژنن، خەت بە کەمەنیست دەزانیت بەڵام هیچ شیعرێکت نییە ڕەهەندی چینایەتی هەبێت!!.

من: پەیوەندیی من بە کەمەنیزمەوە لە قۆناغێکدایە، خێک وا دەزانن دەستبەرداری ئەو بیرکەیە بووم، یان وا تێدەگەن کەمەنیستبوون

بەشێک بێت لە مێژووی تێپەڕینراوم، نا، نەخێر، بەم جۆرە نییە، هیچ نەبێت شیعر بە کۆمۆنیزمەوە دەمبەستێتەوە، ئەمە هەمان ئەو کۆنسێپتەیە "ئالان بادیو" لە بارەیەوە دەدوێ و دەڵێت "شاعیرەکان لەبەر هۆکارێکی جوانناسی کۆمۆنیستن"!. بادیو ئەو هۆکارە بە زمان دەستنیشان دەکات، بەو پێیەی شاعیرەکان ناوی نوێ بە شتەکان دەدەزنەوە کە پێشتر ناویان نەبووە، ئەمیش پێشکێشی هەمووان دەکرێت!. ڕەنگە لە ئێستادا تەنها و تەنها شیعر من بە کۆمۆنیزمەوە ببەستێتەوە، لەگەڵ ئەوشدا خەم بە شاعیری پڕۆلیتاریا نازانم، لای من بازنەکە فراوانترە، لە دیدی منداشیعر بە هەموانە.
خەم: وتت شیعر بە ژن دەنووسم، ئەمە خێی لە خێیدا تەسککردنەوەی بازنەکەیە نەک فراوانکردنی!.
من: بەڵێ بە ژن دەنووسم، چوونکە ژنم خۆشدەوێت!، ژنم خۆش دەوێت، لە هیچ کات ئاسودەگیم لەگەڵیاندا نەبووە!، ڕەنگە بە ئەوەی بەخەم بزانم مازۆخی بم و چێژ لە ئازاردانکانم وەربگرم، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەش هەمیشە بە ژن دەنووسم.
خەم: شێوەی کامە و سارتەر لەسەر بەدەستهێنانی دڵی ژنان بوو، ئاخر سارتەر ئیرەیی بە کامە دەبرد کە ئەو هەموو ژنە پێی سەرسام ببوون، بەڵام هەوێدەدا ئەم ئیرەییە بخاتە فۆرمی شێوەکی فیکرییەوە، تەش هەمان شێوەت لەگەڵ دەکرێت لەلایەن هەندە هاوڕێتەوە و دەیانوێت ئەم ئیرەییە بخەنە چوارچێوەی جیاوازیی و سەرکەوتنی بیروڕاوە، کەچی ئەوەی من دەیبینم تۆ هەمیشە دەڕاویت لە دەزینەوە و بەدەستهێنانی ئەو ژنەی دڵی خۆت دەیخوازێت!.
من: ئەو شێوە نەگریسەم دژی خەم پێ ڕاناگیرێت، بەڵام هەر دەنووسم و تەمای سەرکەی نووسینەکانیشم ستایشی ژنە. زۆر جار دەگەمە ئەو دەخە دەروونییەی نازانم بۆچی دەنووسم!، بەڵام دەزانم دەبێت شتێک بە ژن بڵێم لە ڕێگای تێکستەوە. زۆر لە پیاوەکانی هاوڕێم ئیرەییم پێ دەبەن کە هەمیشە بە ژنان سەرنجڕاکێشترین پیاو بووم، بەڵام من وەک ڕاوێ ماسی لەگەڵ ژنان بەرخود ناکەم و نامەوێت بە کۆمەڵە بیانخەمە تۆڕی ئارەزووکانمەوە. نا، نەخێر دەمەوێت وەک باڵندەیەک تەنها لەگەڵ ئەو مەڵەدا بفڕم هەشتا لە قەفەزی پیاوەکی تردا زیندانە، بۆیە هەمیشە بۆی دەنووسم!.
خەم: جارێک وتت باوەڕم بە دەنادەن هەیە، پێتوایە ژنێک هەبێت لە کانەوە ڕەحەتی ئاوێتەی ڕەحەت بووبێت!؟.
من: مرۆڤێکی ئایندار نیم، کەچی بەوام بە دەنادەنی گیانەکان هەیە و پێموایە گیانی من و ژنێک بەر لە هەزاران ساڵ لە یەکتر نزیک بوون، ڕەنگە دوو پەروانە بووبن لەسەر پێڵەی گوڵێک یەکتریان ناسیبێت، من بە ناسینەوەی ئەو پەروانەیە دەنووسم!.

خەم: کەواتە تۆ عاشقیت بە مانا سۆفیگەریەکەی، پەموایە عەشق دریەکە دژی تەنهایی، تەنهاییش راستیەکە دژی عەشق.
من: وایە عەشق جنونە، حاڵەتێکی دەروونشانیە، خۆشویستی ئەو پەیوەندیە دەخوازیە زرینەی مرۆڤەکان ئارزووی دەکەن، کەچی من ناتوانم خۆشویستی بکەم ئەگەر نەگاتە عەشق، ئەگەر نەبێتە ئەو شتیەی لە کرێکی عەشقدا هەیە، هەر ئەمە پەم دەڵێت یان کوێی زەمەنێکی زەر دەرینم، یاخە هەشتا سەردەمی من نەهاتووە.
خەم: شتەکان جوانترین مرۆڤەکانن، زەرجار بەهەڵەدا دەچین کە شتی و ئەحمەقی لە یەکتر جودا ناکەینەوە!.
من: شتی دریەک بوو لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا داهات، فوکۆ لە کتێبەکەیدا "شتی و نائاوەز، مێژووی شتی لە چاخی کلاسیکیدا". ئەم بابەتە دەباتە ناو فەلسەفەوە، ئەو نموونەی "کەشتی دەبەنگەکان" دەخاتە بەر باس کە لەو سەردەمدا کەمەنەکان شتەکانیان پێ دەبردە ناوەڕاستی دریاکان و بەدەم شەپۆلەکانیانەوە دەدان، ئەمەستا هەر مرۆڤێکی دژە سیستم بەو شتە لە قەڵەم دەدرێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە سەبستیان برانت ڕەمان لەبارێوە دەنووسێت، ئەوەی گەڕاوە لە بری لەناوبردنی فیزیکی لەناوبردنی دەروونی و مەعنەویی پێیەو دەکرێت.
خەم: مردنی مەعنەویی زەر ترسناکترە لە مردنی فیزیکی!، ئەوەی منی تەقاندووە هەردوو مردنەکە بێیەکەوە روو بکەنە کەسێک.
من: ناتوانم وەها بیر بکەمەوە، ژیان وەک ئاوی کانی دەڕوات هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی، مردن هەروەک ژیان دیاردەیەکی جەستەیی، ژیان لەناو مێژوودا دریەکی دەخشکێ و مرۆڤ بە نەمریی خۆی داهێناوە، بەداخەوە ژیان یەک جارە، وەڵە من هەموو ڕۆژێک بەدەم ئازارەوە دەمرم.
خەم: کەواتە بژی بەو جۆرە دەتوانیت بژیت. ئەستا حەزدەکەم بزانم مەشکت چی تێدایە؟.
من: بە دیار خەمەوە دانیشتووم، دەمەوێت تەنهابم تەنیاتر لەم تەنهاییەی ئەستام. بیر لەوە دەکەمەوە چۆن نیانهێشت خۆنەکەم تەواو بکەم، فەیاندامەوە ناو ئەم واقیعە پڕ ئازارە. دەمەوێت دوو دەڵە بە یارم بنووسم "سوپاست دەکەم کە پێتوتم تە مەلەکی تەنهایت، یاوەرت نییە لە فەیندا".
خەم: شتی سێیر و سەمەر لە مەشکتدا هەیە، لە هەمووشی گرنگتر هەموو شتەکان وەک ئەلماس گرانبەهان.
من: پێتوایە کەسێکی دیکە هەبێت دیقەت لەو شتە وردانە بدات جگە لە من؟. بە من وتنی شتی قورس و گران گرنگ نییە، گرنگ دەزینەوەی مانای گەورەیە لە شتی زەر وردیلەدا.

خەم: بەڵام زەرجار دڵزینەوەکانت هەندێ چەکی ئەتەمی بۆ کەمەندگ ترسناکن! چوونکە ناتوانێت هەرسیان بکات.
من: بۆ قەد رقی هەندێک خەڵک لە خەم و روانگەکانم دەخەشم بەمە، ئاسوودەشم بەوەی بەچوونەکانم هەندێک کەس وەک گای ئیسپانی شێت دەکات، کەواتە زوو زوو بەو پەڕە سوورە سەرچەپی دەگرم.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
٢٠١٨-١١-٨
کاتژمێر: یانزە و چل خولەک
نەخشخانەی گلیاد ئاینس

نامەیەک بۆ باوکم.. چرۆ زەند

سڵاو بابە گیان، نامەی ئەم جارەم سکاڵایە،

هەواڵی جینۆسایدی شاخی گەیژە یاداشت دەکەم بۆ (جوگرافی کوردستان)
نووسینی (کریم زەند)
ئێستانی سلێمانی - بابان- سنووری شار، خاوەر چیای گەیژە

بابە گیان، لە یادەمە کە بەیانیان لە باخچەی ماڵەکەمانەوە دەتوانیە گەیژە، کاتێ تیشکی خۆر لە پشت چیاکەوە تیشکێ زێڕینەکەی دەردەکەوت، دەیدا لە حەوزە گەورەکەی باخچەی ئازاوەکەمان. لەئێوارەی زەردەپەڕدا، ئەو دەمەی کە خۆر ئاوا دەبوو، دیمەنێک بەدەر لە وەسف دەردەکەت، تەش بە دەنگە ناوازەکەت، سروودی چیاکانت بۆ دەوتین، ئەو کات منیش دەموتەوە بە تاسەوە:
(ئەو دەمەی خۆر دەگاتە ئێوارە ووو بکەرە شاخی گەیژە بنواڕە عەشقی پەروەردگاری لە دیارە دامێنی وەک بەهەشتی ئاودارە.)

(کورد هاوڕێی نیە جگە لە چیاکان) چیاکان هاوڕێمانن، گەردوون پڕی بەخشین، ژینگەیەکی تایبەتیان بۆ کردووین، لە دوژمن دەمانپارێزن، لە خەڵ و ڕەشای شار دەمان پارێزن، سروشتێکی جوانی شارن، پڕش دروستی بوونی شار، گوڕێ لەوە بوو، ڕەنگاڕەنگیە لە بەسەرهات، سەریرانگایە، خۆری نیشتمان لەوێوە هەڵدێ، سنووری ئوستانی بابانە.، مژووی شارو وەتمانە.

لە هەندەران، لەغوربەتدا ئەو جوانیەم دەهاتەوە خەیاڵ، بە نووسین خۆشەویستی خەم دەردەبەم بە چیاکانی هاوڕێمان.
لەکاتی گۆرانەوەمدا، کە دەگەیشتمە سەر شەقامی گەران تا نزیک دەبووەوە لەماڵ، جوانی چیاکە نزیک و نزیک تر دەبوو.
ئەم جارە کە گەڕامەوە، کە هاتنیم بەرەو گەیژە چاوم دەگرم، نەبا بە هووخاوی چیاکە ببینم. دەمە سەر گردی سەیوان، بە مەزاری تە، هەواڵی پارچە پارچە کردنی چیاکەت پێدەگەیەنم، دەنگی شریخەی شاخ و ئازارو ناڵەی گەڕەت بە باس دەکەم، شەفەقکان بەڕەحمانە جەرگی شاخیان کوون کرد، کەمیپانیایەک، کەسێ، پارتێک، سیاسەتە چیایەکی پەروەردگاری داگیر کرد وشاخی لەت لەت کرد، هێڵەوی هووبارەکانی گەڕی. سنووری شار نەما، ژینگەو نیشتمان جەنوسایدکرا. من ئەم جارە هەر بە فرمێسک ناگریم بە دە دەگریم لەو دەچە کەلەپچە کرابم، بەزەرداری بەهوش بکرێم ومندااڵکم پێ لەباربێن. نازانم چیت بە بنووسم لە نامەکەمدا!
هەنگە بەهەم خەزگە منیش لەگەڵ چونی تە دەچووم تا ئەم تاوانە گەورەیەم نەدەدی، تاوانە دژ بە سروشت، دژ بە ئاو، دژ بەمرۆڤ، دژ بە چیا، دژ بە نیشتمان.
دوا وتەم: دەمەوێ پێت بڵێم کە ئێستا جوگرافیەکەم لەبەر دەستە ودەمەوێ وەسیەتەکەت جێ بەجێ کەم وەریگرێم بە سەر زمانی ئینگلیزی، کە لاپەڕەی ٤٤٩ دەخوێنمەوە، سنووری شار، باس لە خاوەر، چیای گەیژە، پەنجەکانم سست دەبن، زمانیشم گە ناکات بە دەربڕین، بەیە هاوار بە تە دەنم، دەڵێم بابە گیان وەرە، وەرە لە گەڵ شاکاری شاعرەکان، پەکەوە بابچینەوە بە گەیژە ئەم جارەیان ئەوان سروودی هوخانی گوڕێ وشەواندی ژینگە و مردنی هاوڕێکانمان دەنووسن، تە جوگرافی چیای گەیژە دەنووسیوە، بەناو ئەم جارەیان خاوەر – چیای گەیژە جینۆساید کرا بووە قەیوان.





چڕ زەند

May 28, 2024

سوپاس و پێزانین بۆ شەرکردن و بەاو کردنەوەی وێک خەی.

بەخەرهاتن بۆ فەستقاڵەی ئەرا

لەسەر شەقام..

Aurora Street Festival
Location: 2024 Aurora Chamber Street festival
Date: Sunday, June 2, 2024
Time: 10:00 am to 5:30 pm.
Blok: 17
Cousins Drive
Royal Road Est side of Yong Street

Welcome to the festival, my table will be on Blok 17, in the writer’s corner WCYR

بەخێرهاتن بۆ فێستڤاڵی ئەدەبا لەسەر شەقام،
١٢ی ٦\٢٠٢٤
کات ١٠ بەیانی تا ٥:٣٠ پاش ئێوارە
لە ئەدرەسی کە سەرەوە دانراوە
ژمارەی بلۆک ١٧ لە بەشی نووسەران
لەسەر شەقامی یەنگ لە خەرئاوای شەقامەکە

سوپاس بۆ هاتنتان

چرۆ زەند
May 31, 2024

Aurora Chamber Street Festival
Sunday, June 2, 2024 – 11:00 am to 5:00 pm

Set-up: 10:00 am to 11:00 am
Take-down: 5:00 pm to 6:00 pm
Location: Yonge Street, Aurora; between Wellington Street ((north) and Murray Drive (south

:YOUR BOOTH(S) LOCATION

Each 10 x 10’ booth will be identified by a Block number and Booth number
Block numbers will be on signs hanging from poles in your area
Booth numbers will be written in chalk on the curb along Yonge

Street – even numbers on the west side and odd numbers on the east side
Access points are where your vehicle enters and exits Yonge Street when setting up and taking down.

Volunteer “block captains”, wearing yellow t-shirts will be on-site in the morning marking the curb.

We have tried to place your booth(s) in your preferred location or as close as possible, however, we reserve the right to place you at a different location at our discretion.

BLOCK NUMER BOOTH(S) NUMBER EAST OR WEST SIDE OF YONGE ST. ACCESS STREET

17
PLEASE REFER TO THE ATTACHED SPREADSHEET; SORTED ALPHABETICALLY BY COMPANY NAME
EAST
ROYAL ROAD or COUSINS DRIVE

Bring this information package with you.

BLOCK NUMER	BOOTH(S) NUMBER	EAST OR WEST SIDE OF YONGE ST.	ACCESS STREET
17	PLEASE REFER TO THE ATTACHED SPREADSHEET; SORTED ALPHABETICALLY BY COMPANY NAME	EAST	ROYAL ROAD or COUSINS DRIVE

هشکانی توركيا لسر

یەکێتی.. عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژنامەی خەباتی پارتی، لە مانشێتێکی گەورەدا لە ماڵپەڕی خۆیدا ڕایگەیاندووە، پارتی کرێکارانی کوردستان گروپی چەکدار لە سلێمانی پێکدەهێنن و دەیانەوێ بە چیای قەندیل و ناوچە کوردیەکانی سوریا. ئەمەش بەجیا لە کۆشکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر هەڵبژاردن، بەو ئاکامەی گەیاندوە کە پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چووەتە ناو قەناغێکی بارگرژی زیاترەوە.

هەروەها ڕاپۆرتێکیش کە ڕۆژنامەیەکی سەر بە پارتی باڵویکردۆتەوە، گوایە شاری سلێمانی وەک بنکەی دواوەی پەکەکە بەکارهێنراوە، بەیە سەرسوڕمان و تووڕەیی سەرکردەکانی یەکێتی لێکەوتوەتەوە، کە ئەو ڕاپۆرتە وەک هاوکاری هەواڵگری بۆ تورکیا لێک ئەدەنەوە، هاندانێکی ڕاشکاوانەیە تا حکومەتی تورکیا بکەن بگژ یەکێتیدا.

ئەوەی هەکاری زیاتر تووڕەیی یەکێتیە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، ئەوە بوو کە یەکێتی دەیەت هەماهەنگی تەواوەتبارکردنی لەگەڵدایە، کە گوایە یەکێتی باوەشی بە پەکەکە کردۆتەوەو پشتیوانی پەکەکە دەکات دژ بە تورکیا، کە پێشتر بەرپرسانی باڵای تورکیاش وێنایەکی لەو چۆنیەتیان لەسەر یەکێتی داوەو دەرگای هاتوچۆیان لەسەر داخستون.

گرژیی نێوان بارزانی و تاڵەبانی کە لەم دواییانەدا بەهەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمەوە لە نێوانیاندا پێشهات، بەوەی یەکێتی پەداگری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات، بۆقبوڵکردنی هەموارکردنی یاسایی و ڕێکارەکان، کە بەم دواییە لایەن دادگای فیدرالی عێراقەوە پەسەندکرا، بەناو پارتی پەداگری لەسەر دواخستنی دەکات و بەیاری لەسەر بایکۆتکردن داوە ئەگەر ئەم هەموارکردنانەی دادگای ناوبراو هەڵنەوەشێنەوە. هەربۆیە مەسرور بارزانی هەوڵی داوە لەگەڵی سکالا لەسەر بەیارەکانی ئەو دادگایە، هەڵبژاردن بخاتە کاتێکی دواترەوە، کە لەم ڕۆژانەدا ئەو سکالایش لایەن دادگاوە ڕەتکرایەوە.

ئەوە شاراوە نیە کە کۆشکو ململانێی پارتی و یەکێتی، لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیان لە هەرێمدا وەک دوو هێزی میلیشیای ناسیونالست لە ماوەی سی ودوو ساڵدا، زۆر بەچێی لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە هەر بەهاو شێوازێک بێیان لوابێت لە هەوڵی شکێی ئەوپەڕی بەشەرمانە و دەندانەو تێکشکان و ڕیسواکردنی یەکتریدا بوون. هاوکاری بەعس بە پارتی، هاوکاری کەماری ئیسلامی بە یەکێتی لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ نمونەیەکی لە بیرنەکراوی ڕیسوایی هەردوولایانە، کە تائێستا ئەم هێزانەیان نەریتێکە بە چەندەمین جار دووبارە دەبێتەوەو شەرمەزاریش

نابن.
هەروەها باڤ، پارتی بەو تەمەتبارکرد کە زانیاری ناڕاستی بە تورکیا داوە و لەادەبەدەر بە چەواشکارانە و نادروست و بێبنەما وەسفی کرد.!
هەبەتە ئەم جارە لە راپۆرت و سیخوری لە بەرامبەر یەکتردا کارەکی تازەو نامۆ نیە، نەریتەکە لە ململانێی حزبەکانی کوردایەتی، کە لەکاتی جیاوازی فکری و سیاسی و نەتەبابوونی بەرژەوەندیەکانیان جگە لە ملشاکاندنی یەکتر هیگایەکی تریان بەدەستەوە نیە.
لەگەڵ پەرەسەندنی بەرچاوی ئۆپۆراسیۆنی سەربازیی تورکیا لە ناوچەکە، ئەو جارە تەمەتانە، کە لایەن سەرکردە حزبی و ئەمنیەکانی یەکێتی لە سلەمانی هەتدەکرێنەوە، بەتام لەهەمانکاتدا بوونەتە مایەی نیگەرانی و ترس لەوەی تورکیا ئامادەکاری زیاتر دەکات بۆ فراوانکردنی ئۆپۆراسیۆنەکەی، لە لایەکی تریشەوە فشارەکانی بەسەر ناوچەی یەکێتی زیاتر دەبن، ئەوەش هەشنە کە پارتی بە خەی ئەوە باش دەزانێت کە تورکیا بە هیچ جارەک دەست لە خەکی سڤیل ناپارێزێت.
لە کاتەکدا بارگرژی یەکێتی و پارتی لەئێستادا کە خەریکن مامەکردن لەسەر هەبژاردن بۆ بەیارەکانی دادگای فیدراڵیەوە دەکەن و لەبەردەم دەخەکی دژواردان لە پەیوەند بە ئایندەی هەرەم و پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی بەغدادا، کەشکە لەلایەن پارتیەوە بۆ ئاشکرا پەلدەکشت بۆ تەخکردنەوەو هوبەوکردنەوەی یەکێتی لەبەرامبەر تورکیادا، چونکە لەلایەک ئەو نەخشەو هەوڵانەی حکومەتی بەغدا لە گۆشەی ئابوری لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا واژیان کردوە، بۆ ئاراستەی کابینەوەی پەگەی پارتیە و بەشاییەک لە پەیوەندی نێوان بارزانی و تورکیادا پەکدەهێنێت، یەکێتیش زیاتر خەی ئادەستی نەخشەو سیاسەتکانی حکومەتی بەغداکردوە، پارتی فرسەت دەهێنێت لەو قەیرانەی دەرگیری بووە لەلایەک سەرنجی دەسەزی خەی بۆ تورکیا نیشان بدات، لەلایەکیترەوە یەکێتی بخاتە ناو تەڵەی گەڕاوی هەڕەشەکانی تورکیاوە.
بەرپرسەکی نووسینگەی ئاگەیاندنی یەکێتی بۆ تووڕەییەوە وەڵامی ئاپەرتی هەڕەنامەی خەباتی دایەوە، و ئادەگەیەنێت کە ئەوەی هەڕەنامەی خەبات بەباویکردەتەوە تەنیا پەیامەکی درۆ و چەواشکارانەیە و بانگهەشتکردنەکە بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا خەکی سڤیل لە سلەمانی و هەڕەبجە بکوژن و ئاسایش و ئارامی ناوچەکە تێکبدەن، لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوەش ئەدات کە پەکەکە لەنێوان سنوری عێراق و تورکیادایە، هەروەها تورکیا و پارتی خەشیان دەدەن کە ٤٠٠ گوند لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە، واتە پەویستی بە ناوچەی

سوزی یەکێتی نیە!؟.
لەدوایین ئاگادارکردنەوەی تورکیا بۆ یەکێتی بۆوەی هاوکاری پەکەکە دەکات، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، لەوماوەیەدا داوای لە پارێزگاری سلێمانی کردوە، کە دەسەڵاتداران واز لە پشتیوانیکردنی پەکەکە بهێنن و لەی دوورکەونەوە، ئەگەر وانەکەن ئەپەراسیۆنەکانی تورکیا بەردەوام دەبن و ئەپەراسیۆنەکان لە دەی سلێمانیدا ئەنجام دەدرێن.
ئەو وەزیرە جەختی لەسەر ئەوەش کردوە، وەاتەکەی لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ یەکێتی ڕوون بووە و هەشداریشی داوە لە بەردەوامبونیان لەیاریەکان و خەستنە ناو تەڵەی هاوکاری پەکەکەوە. داوای لەکردون پاپشتیکانیان بۆ پەکەکە ڕابگرن و بانگهەشتیان نەکەن بۆئەوەی بێنە سلێمانی، نەهێشن سوود لە نەخشەکانی پارێزگاکە وەربگرن. هەروەها هەڕەشەی ئەوەشی کردوە کاتێک "ئەوە لەگەڵ پەکەکە کار دەکەن و ئەمە ئەمە دەبینین، دەبێت شتێک لە دژی ئەوە بکەین، چونکە ئەم هەڵکشاوە بۆ ئەوە دروست بووە کە ئەمە بکاتە ئامانج، بۆیە ناتوانین هەگەڵ بدەین ئەمەووبدات".
تورکیا لەم دواییانەدا دەستیکرد بۆ دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی نوێ لە پارێزگای دهۆک، لە ژێر ڕەشنایی بەدەنگی فەرمی حکومەتی بەغدا کە ڕەنگدانەوەی بوونی گەپی سوزە لە بەغداوە بۆ ئەنقەرە، بۆ ئامانجی ئاسانکاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ پەکەکە، لەژێر ڕەشنایی گەشەسەندنی بەرچاو کە لە پێوەندیکانی تورکیا و عێراقدا تۆمارکراوە، بۆتایبەتی لە بواری گەشەپەدان و ئابووریدا.
هەڵکانی تورکیا لەم دواییانەدا ئەپەراسیۆنە سەربازیەکانیان لە ناوچەکانی باکوری عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەپەداوە، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانیان لەگەڵ ڕەوشونی دامەزراندنی ئامادەبوونی سەربازی جگیر لەو ناوچانەدا بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی.
تورکیا چالاکانە کاردەکات بۆ گەیینی ناوازەیی هەوەستی یەکێتی نیشتمانی سەبارەت بۆ شەڕەکەی دژی پەکەکە، بەڵام لەم نەوەدا یەکێتی لەڕگەی پاشکەیی و پێوەندیکانی بۆ کەماری ئیسلامی ئێرانەوە ناتوانێ هەوەستەکی پێگیرو ڕەشن و یەکلاکەرەوە نیشان بدات، پارتیش ئەم دۆخەی قەستەوە لە هەوەی تونەدکردنەوەی کێشەکانی نەوان تورکیاو یەکێتیە.
ئەم هەڵوێستانەی تورکیا لەسەر یەکێتی بۆ بەرژەوەندیکانی پارتی لەم دۆخەدا کە کێشەکان پەرشوبڵاون، هەڵەکی داوە بۆ بارزانی پاشقولێک لە یەکێتی بگرێت لەبەرامبەر ئەو پاشقولانەی یەکێتی لەسەر هەڵبژاردن لە پارتی دەگرێت. لەهەمانکاتدا بەردەوامی ئەو پرسەو کێشانەیە کە یەکێتی و پارتی لەبەرامبەر یەکتردا لە هەوەی شکاندنی

هاوسەنگی هێزی یەکتردان، وەک هەر جارێکی ترو نمونەیەکی پڕچەکردار لەبەرامبەر یەکتردا ئاکامەکەی چ کارەساتێک دەخولقێنێت، قوربانیەکان چەندن و دەخەکە بڕەو کوێ دەبات، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت لە بیرکردنەوەی بارزانی و تاڵەبانی و سەرکردەکانی یەکێتی و پارتیدا بێت.
ئەنقەرە لە ئەنجامی ناکۆکی بڕبڕاوی نێوان پارتی و یەکێتی هەوڵ دەدات تا دەتوانێت سوود لە دەخی لاوازی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، لەبەرامبەر دوژمنایەتیەکی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا، ئەنقەرە تاادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەوەی بارزانی و پارتی دیموکراتی بکاتە هاوپەیمان و هاوکارو پاشکۆ، لەهەمانکاتدا پارتیش وەک دەسەزی بە تورکیا دژایەتیەکی بەپەردە لە بەرامبەر پەکەکەدا نیشانداوە.
هەرچەندە هیچ ڕەکەوتنێکی نووسراوی نێوان لایەنەکانی تورکیا و عێراق سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شێوەی دژی پەکەکە ئانگەیەندراوە، بەڵام سەرچاوە سیاسیەکان ڕەتیان نەکردۆتەوە کە ئەردۆغان بەڕێنی زارەکی لە بەرپرسانی باڵای دەسەڵاتی فیدراڵی و هەروەها لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەرگرتبێت تا ئادەیەک هاوکاری سوپای تورکیا بکەن لە بواری زانیاری سەبارەت بە پێگەی چەکدارانی پەکەکەو جموجۆڵەکانیان.
دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی تەنها سوداو مامەڵەکردن و پاشکۆبوونیان نیە بە دەوڵەتان، لەوە واوتر سیو دوو ساڵە بونەتە بەڵاو دەردیسەری و بەدبەختیەکی وەها بە دانیشتوانی کوردستان، کە ناڕازایەتیە جەماوەریەکان گەیشتۆتە ئاستێک خەڵکی ئامادەن پەنا بە شەیتانیش بەرن تا بارزانی و تاڵەبانیان لەکار بخەوە!

چیرۆك لە (نیكۆلای خایتۆف)ەوە(*).. و : نەژاد عزیز سورمێ

سەگێکی جەربەزەمان هەبوو پێمان دەگوت! (کاتیرین) خووی بە ئاونانی گورگانەوە گرتبوو ، دەنگی ڕەشبایەك بوو بە خۆی ، کە دەوڵەی ،

حەو.. حەو ، دارستان دڵەرزی و دەنگی دەدایەوە.. مل ئەستوور و خەشبەز و گوێ قوماخ بوو وەك بەڕی قەت نەنوە، دیسان وای ئەگەر کلکت دەدی ، چ کلکەکی بادراوی بگرەوی هەبوو. سەگەکی تابەڕی چاك بوو، بەڵام مام (باچەلا) تەواوی تەر نەدەکرد لە سەرکەزە و پووش زیاتر چیدی نەدەدایە..
چەند جارم پێ وت: نەختێ ئاردی گەنمشامیم بدەیێ تکەیێ بکەم ، هەزیل بوو دەیگوت باشە بەڵام نەیشیدەدا. پێنج شەش ساڵ بوو لەگەڵ کاتیرین بزنەگەلمان دەڵەوەڕاندن.. متمانەی تەواوم پێ بوو، دەهاتمەوە ناو کەڵەتیی، چیلکەدارم کەدەکردنەوە و لە ئاگردانم دەنان و ئاگرم دەکردەوە و پێم دەدانە بەر.. دەتدی وەنەوز دەیبردمەوە… من دەزانم کاتیرین جێی خۆی گرتووە و هەی گورگان نادا نزیك ببنەوە، خۆ ئەگەر شتەکی وایش بوو ئەوا ئاگادارم دەکاتەوە.. ئەمەش شتەکی جوان بوو بەڵام چی قەوما؟ ئەو هەژە، یا بابەتین ئەو بیانییە کە لە خۆ هاباووم بزنە بەکەکەکم نەدی، (کاتیرین)یشم بەر چاو نەکەوت.. سەیرە؟!! چی هووی داوە؟ دوای تەزە تەماشا دەکەم دەگەڕێتەوە و بەتەنیە بە دوویدا چووم بزنەردەن سپی یەکەم دەزیەوە بەڵام چەنم دیتەوە؟ گورگ کەل و پەلی کردبوو! کاتیرین هاوی نابوون بەڵام پاشی چی؟ ئەوان کاری خۆیان کرد بوو… دەم و قەپەزی خەڵناوی بوو، ئەمەش وا دەگەینە کە تەیان بەربووە، شتەك هەبوو لای من هوون نەبوو ئەویش ئەوە بوو داخە بەچی نەوەی بوو گوەم لەی بە و خەبەرم ببێتەوە.
بەرامبەرمان بەردەبانەکە، هەر بەردی کەرتە شاخەکە بە خۆی ، ئەمەش دەنگدانەوە زل تر دەکا، ئەگەر بەن دەنگی خۆیم نەبیستووە. بە چی گوەم لەی نەبووە؟ لە بەر خەمەوە وتم: (دیارە کە ئەمە هووی داوە من لە خەوکی قووە دا بووم).
هەژکی دی (دیسان هەر هەژکی پایز بوو)، تەمکی چەو شەدار دای گرتبوو هەر بەرز دەبووەوە و نەدەبووەوە تاکو دادەکشایەوە.. وەختی گورگانە.. گورگ ئەو وەختەیان لە هەموو وەختان پێ خۆشترە کە خۆ لە نەو تەم و تاریکیدا وەشارن. ئەو لەعنەتیەش منی بەنەچیر هەبژارد بوو.. بزنەك کەوتە ماعەماع، منیش هاوارم کرد.. کاتیرین هاپەین و وەینی یەك بوو ، کەوتە دوای گورگی ، هەندەی نەبرد بەدەم و قەپەزی بە خوننەوە گەهایەوە، چ سەراخی بزنەکەیش دیار نەبوو، لە یەخەانیش بەدەر چیدیم لە نەو دەکەکەدا نەدەزیەوە.. دەم و قەپەزی خوناویش خستمیە گومانەوە، ئەوە دەگەینە سەگەکە بگز گورگدا چووە و پەی داوەتە، ئەوەتا دەم و قەپەزیشی لە خوننی گورگ خەتانە مگەر وانییە؟، بەڵام کە بیرم لە کردەوە: باشە ئەگەر هاست بە تکبەربووبن، داخە گورگ کاتی ئەوەی هەبووە ئاوا بە هەحەتی چنگی

تە بنە بە جڕەك لە یەخەکانی زیاتر نەمنە؟ خە ئەگەر شەکیش ببووایە ئەوا سەگووە هەر دەبیسترا ، منیش نە سەگووە و نە دەنگی دیم بیست.. تە بەی خرتە خرتی ئەسقانی بزنەکە کە گورگ دەیهای بگاتە گوە ، بەام سەگووە نەبیسترە… ئەمیان کە مەحاەە..! . گومانم زیاتر بوو.. وتم: چاوەوان دەبم و خەمی بە لە بەسە دەنەم داخە لەڕەوە بەدوا کاتیرین چ دەکا..
شتەکی تریش سەرنجی ڕاکێشام: پەشان سەگەکە کلکی قەف قەکرد، بەام ئەستا ئەوەتا لە ئاستی پشتییەوە درێژ بووەتەوە. ئەمیان گەزە… گەزی دووەمیش ئەوە بوو سەگی کەللەبەڕە وای لە هات بن بژینگ و سەر کوزەڕەی دەدرایە، بەنی دەکرد و پەڕش و بڵاوی دەکردەوە و بەپەیان دەی شەلا ، ئەمەش مانای وایە کە تەڕە و نایەوە بیخوا..
ماوەیەك ڕابرد، ئەوەتا جارەکی تر گورگ بەدیار کەوتنەوە.. دەستم دایە دارەك(بە قیمەتانە قەوترین کووریان هەبژارد بوو، ڕفاندیان)، بەڕ ڕفاندیان و بەدوایی خەیشیان ڕاکێشا (کاترین) یش بەدوایانەوەیە… چاوەڕ نەبووم تا دەگەڕێتەوە.. بە دوایاندا چووم ، سەرکەوتم تاگەیشتمە لووتکە، تەلانەکی دەپەشدا بوو ، ئینجا دەگەیشتەوە گوزەڕە و دەردەچووەوە. لە شونەکدا سەیرم دەکرد ، هەموو شتەکم لە دیار بوو.. کوورەکەم دی کەل و کەم کراوە و فەڕە دراوە ، گەورگەکەیش هەر (30) هەنگاو بەو لاوەیە و دەشتەوە. کاتیرینیش بەسەریەوە وەستاوە و بە کەبەو چەنەکان لەعنەت بە دایکی دەنەرە..
کەواتە هەر گورگی گەرینە، هەرگیز لەو باوەڕدا نەبووم، کەچی ئەوەی بیرم لە نە دەکردەوە و بەخەیاەم دا نەدەهات بە چاو بینم. کاتیرین تاکو خواردی، خواردی، ئینجا کشایەوە بواری گورگیش بدا دەست پە بکاتەوە، گورگ دەخوا و کاتیرینیش تێیەوەڕاماوە و دەم ئەتەقێنە..! هەموو شتەك ڕوون و ئاشکرایە، کاکەڵەبرالەی خەیان کردووە،!. ئەو جار تەگەیشتم کاتیرین چ دەکا ، بەام ناتوانم بە تەنەی حوکم بەسەردا بدەم ، چونکە مام باچەلا ئەو لەعنەتییەی خەش دەوە و بە تەمایە بەری بە باوە.
وتم ئەوەی دیتم پەی دەەم و ئەو چەنی حوکم دەدا بابیدا. مەسەلەکەم بە مام باچە وت ، بەام بەوای نەکردو وتی: ـــ بە چاوت نادیوە، بە خەونت دیوە! سەگ و گورگ چەن دانوویان پێکەوە دەکووە؟.
ـــ: هاوبەشن مام باچە، بە چاوی خەمم دیتن.
ـــ: نەخەر کاری وا نابە ، شتی وا مەحاە.
وتم:ـــ وا دەکەم بەو چاوانەی ببینی. ئیتر خواو ڕاستان ەڕۆ ،

چاکم لێ بیر نەماوە چ ڕوژە بووە، بەڕام لە دەوروبەری جەژنی (قەدیس دیمتری)دا بوو ، دیار بوو مام باچە قسەی خۆی بۆی و پێی وتم:ـــــ دڵچم داران بۆ کۆخەکە خۆ دەکەموە ، تەش لەو ژەرانە لێ (فایراك) ، (ئەمە بۆو بەستە دڕێین فایراك) بزنەگەل بلەوەڕێنە، پاشان وتی: تۆ لەوە خەریکی لەوەڕاندنی بزنەگەل بۆ منیش خەریکی دار کۆکردنەوە دەبم.
هێشتم، کاترینیشم لەگەڵ بوو.. ئەها!! بوو،!! هەر تازە بزنەگەل کەوتبووە سەر لەوەڕ کە یەکێکیان کەوتە ماعەماع، گورگەکە خۆی شاردبووەوە دەیزانی هەوومان لەکۆدایە ، چاوەڕێی کردبوو تا تەدەپێین و نەچیرەکەی هەفاند بوو.. کاتیرین وەڕی و کەوتە دوای گورگی بەڕام من نەمتوانی لێ نێو قامیشەڵانەکەدا بیانبینم، قامیشەڵانێکی چڕوپڕ و هەڕچوو بوو بنیادەم سەری تیا ون دەبوو! تەنها لەرینەوەیم دەدی، دیار بوو بۆ تەنیا هەڕی دەکرد ، لە جوولانەوەیان زانیم بزنەکە بۆ کوێ هاتدەکەشە:
هاوارم کرد ـــــ: مام باچە ، مام باچە وەختیەتی وەرە. بەڕام تا مام باچە گوێی لێ بوو و هات گورگ لە گوزەرەکەی بەرامبەر بۆی دەرچوو و ون بوون، پاشان بەخۆ و بۆبزنەوە دەڕەکیان بۆی و خۆی دەکەڵەنێك ئاخنی لەوەدا وەستا، من و مام باچەیش بۆ دیاریەوە وەستا بووین. گورگ پێی دایە بزنەکە و کوشتی، ملی کەلاشکەیشی هاکەشا کاتیرینیشی بەدواوەیە نەدەوەڕێ و نەخەیشی تێك دەدا. مام باچە هاواری کرد:
ـــــ: لەعنەت لە شیری سەگ ، ئەوە چی لە هاتووە! گەڕاوە؟ وتم:ـــــ هاوەستە ئەستا دەبینی چی لە هاتووە. وەستاین ، تەماشامان کرد، کاتیرین نێك وەك دژمنێك، بەڕکو هەمن و لەسەرخە لە گورگی نزیك دەبووەوە.
گورگ سەیرکی دەوربەری کرد ، بۆ ئەوەی کەبەکانی بشارێتەوە یا کارکی لەو چێشنە بکا تەماشای کرد نە سەگ دەوەڕێ و نە گورگیش کارە دەکا.. تێك گەیشتوون! لەعنەت لە شیریان بێی چ چاوو هاویان کرد بۆ؟، داخە چیان دەچاوی دایە ئاوا تەبان؟، نازانم ، بەڕام گورگ وازی لە بزنەکە هێنا و ڕۆی بۆ کاتیرین چەل کرد.. چووە ئەولاوە. کاتیرین لە بزنەکە نزیك بووەوە و کەوتە هەڵووشینی، وەکو گورگی کەبەی لێ گیر دەکرد ، بۆ چێنکی پارچە پارچەی دەکرد.. مام باچە لەسەرسامیا دەمی داچەقی بوو بۆوای نەدەکرد.. هیچی نەگوت، کشایەوە و هاواری کرد:
ـــــ: هاوەستە! گەڕایەوە کۆخەکە تاپەکەی بێنە ، کە بەسەدای گوێی دارستان کەڕ دەکا.. من نەمدەزانی بۆ ئەوە چووە، بەڕام کە هاتەوە دیتم بەدەستیەوە بوو. سەڕی لە گرت، ڕەنگ دابچکۆاو ببوو بۆ

خۆزنەی سپی.. هاواری کرد: ـــــ: دەیکوژم گجوولەی پیرەخاینە دەکوژم! لەگەڵ گورگان خۆ لەك دەداتەوە؟ بەڵام زۆر دوورە چاوەڕێی دەکەم تا دەگەڕێتەوە ئینجا لە تەختی نیوچاوانی دەدەم.. ئەمەش وا دەگەیەنێ دیارە تا ئێستاش ڕوحمی بە دەبزوێ.. دانیشتین چاوەڕێی ئەوە بووین تا کاتیرین تەر دەبێ. ـ
ـــ: کاری بزنە لە کار ترازا ، با وازی لە بنین تا پێش مردن تەر دەبێ ، سەرەڕای ئەوەش زۆری بێ دەسەزی خزمەت کردووین.. مام باچە دیار بوو لەرزی پێوە نووساو..
پێم وت: ـــــ: خزمەتی کردین ، ئاستە بەڵام مام باچە ئەمە ئاگەر ئاردە گەنمەشامی نادەینێ برسی دەبێ. ئەو جار تەگەیی خزمەتەکەی سوودەکی نییە، ئیتر بوو بە دەستەبرای گورگان..
ـــــ: نەخێـــر! بەهەی برســـییەتییەوە نییە.. پەروەردەی فێڵ و مەکرانە.. ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە.. پەروەردەی فێڵ فێڵ! وای بە خەیاڵدا هاتووە،»گەر ئاگاداری بزنەگەل بم و نەبم وەکو یەك وایە، کە ئەوانیش (قسەی)م نادەنێ با بە خەم بیکەم«.. ئەوەتا کردیشی… قیژاندی.. دەیکوژم، لەی خۆش نابم. دەیکوژێ و دەیکوژێ، بەڵام تاپۆی بەرز نەکردەوە، کاتیرینیش تەر بوو و بواری دایە گورگەکەو ڕەیی، دەڵەکەی بەی و تاوە وەستا تەزە ئاوی دەسەر کرد و ڕەیی.
ـــــ: دەی مام باچە دەی ئاگەر ڕاست دەکەی ڕقت لێیەتی بیکوژێ! یا دەڵەی ڕقت لەی نییە؟!. تاپۆکەی بەرز کردەوە و سەڕەی لە گرت ، پاشان بیری کردەوە دایگرتەوە..
هاواری کرد ـــــ: ئای هەی چەند خاین دەرچوو، دایکی پیرە… چۆن وازی لە دێنم، ئەمەکە بزنەکەم چوو سەبینێ هەمان کار دووبارە دەکاتەوە.. جارێکی تر تاپۆکەی بەرز کردەوەو(بوومم!!). کاتیرین ڕاپۆی و خەی هەڵاوەت، دوو سێ جاران خلەر بووەوە و پەی جووت بوون…
مام باچە پەی وتم: ـــــ: بینەژە! حەیوانێکی بێ فێڵ بوو، چاڵێکی بێ هەڵکەنە..! ناشتم، تەنانەت بەیشی گریام، سەگم نادیوە دەنگی بێو جارە بێ و نایشیبینم.. ئەدی چاوی.. سەیری بکە بەڵام بێ ئەوەی قسە بکەی.. پەی ڕەق بوون. منیش وەبن خەڵەم دا.. مام باچە سەگێکی دیکەی بێ ناردم، کیسەیەك هاڵاوی گەنمەشامیشی لەگەڵ ناردبوو ڕایسپاردم:
ـــــ: دەولەکێکی بێ چێ بکە و خواردنی بدەیە ، ئاخری هەستی پێ کرد ، بەڵام پاشی چی؟ سەگێ تازەکە دەمی لە خواردن نا ، بخە بخە تاکو تەواو قەڵەو بوو، وای لە هاتبوو لەبار قەڵەوی پەی ناخۆش بوو ڕاوی گورگان بنێ مام باچە جارێکی دی لە چەکی خەیدا…
دانی پێدا دەنێم کە من لە مەسەلەی بەخێوکردنی کسکان بێ سەهوو

چوو بووم.. تەری دەکەی قژو دەبێ ئاوی گورگان نانێ ، تەری ناکەی لەگەڵ گورگی دەبەتە دەستەبرا.. بۆیە ئیتر کە خواردنی دەدەمێ زۆر وریا و ئاگادار دەبم.

(*) چیرۆکنووسێکی بەناووبانگی بولگارستانە .
ئەم چیرۆکە لە ژمارە (2)ی ساڵی دووەمی گۆڤاری (الاداب الاجنبية) ی سووریيەوە
کراوە بە کوردی .

پێنووس.. چیرۆک\ نووسینی: ئامانج شەروانی

ماوەیەک بوو لەسەر تاخی شەقامەکە دادەنیشت، سەرنجی یەک بە یەکی پیادەکانی دەدا، لەگەڵ قژقژەی هەر تومبێلێک موچڕکەکی پێدا دەهات، ئەو ڕۆژە تاریکەی دەهاتەوە یادی. چوار مانگ بەر لە ئێستا، لەسەر هەمان شەقام، سەر لە بەیانی زوو، ماڵاوایی لە تاقانەکەی دەکرد، نەیدەزانی کە ئەمجارەیان ماڵاوایی یەکجارەکییە، ئیتر چاوی بە چاوە گەشەکانی ئەو ناکەوێتەوە. ئەوە چوار مانگە بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە، هەشتا دەنگی سیکەی ئیستێپی ئەو تومبێلە لە گوێکانی دەزرینگێتەوە، هەشتا بۆنی تازوخۆی ژێر تایەکانی دەکات، هەشتا دەنگی هەناسە دوورودرێژەکەی گوێکانی کاس دەکات.
ئێستاش قیژەی جگەرگۆشەکەی گوێ لێیە.
ئێستاش وەکوو ڕۆژی ڕوون لە یادیەتی، لە شوێنی خۆی ڕاق ڕاوەستا، بە چەند چرکەیەک نەیدەوێرا ڕووی خۆی وەربگێڕێت، لە دڵی خۆیدا دەیگوت نا نابێت جگەرگۆشەکەم بڕێت، پەیمانم پێی دابوو کە ئەو ئەوارەیە کرەمێستی بۆ بکەم، ئەو هیچ شتێک بۆ قوربانی کرەمێستی ناکات. نا نابێت جگەرگۆشەکەم بڕێت، نا خودا ئەوەندە دڕاق نییە کە تاکە ئاوەنێی ژیانم لێ بستێنێتەوە. قیژە و هاوارەکان بەربەر بەرزتر دەبوونەوە، هەورەکان بەری ئاسمانیان دەگرت، ئەمیش لە نەوەستی شەقامەکە ڕاق ڕاوەستابوو.
پێنووسێک بەر پشتی پێی چەپی کەوت، زەری لە خۆی کرد تا ڕووی خۆی وەرنەگێڕێت. دواتر مەرییەکی ملوانکەیەک بەر پشتی پێیەکەی تری

کەوت، وەک بەڵێی کە بترسێت ڕاستییەکە بزانێت، دیسان بەرگری کرد و دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵیشت. ئەمجارەیان تاکە قەندەرێک بەئەسپایی دەستی لە پشتی ئەو دا، وەکوو ئەوەی پێی بڵێت ئیتر ناتوانیت لە ڕاستییەکان هەڵبێیت.
هەواش هەواش سەری خۆی بەرەو دواوە هەڵسوڕاند، لاقێکی بینی، لاقێکی پێپەتی، لاقێکی ئاشنا. بە دەستەکانی چاوەکانی خۆی کوشی، دووبارە سەیری کردەوە، ئەمجارەیان ملێکی بینی، ملێکی بە ملوانکە، ملێکی ئاشنا، دیسان چاوەکانی خۆی کوشی و سەیری دیمەنەکەی کردەوە، ئەمجارەیان کەمێک مرۆڤی شەواوی بینی، لەسەر گەمەک کە ببوونەوە، گەمەکی سوور، گەمەکی خوێن. پەیتا پەیتا بەرەو لایان هەنگاوی نا، بسکێکی بینی، بسکێکی ئاشنا. دیسان لەبەر خۆیەوە گوتی: نا نابێت ئەوە دەیژگەکەم بێت، ئەو هیچ شتێک بە قوربانی کرمەستی ناکات.
چاوەکانی خۆی کردەوە، تەومبەلێکی سووری لەدوورەوە بینی، خۆرا خۆرا، وەکوو سەرشتێک بەرەو چواریانەکە شەڕ دەبووەوە. لەو سەرەوەش منداڵێکی فرگەکەی ئەو بەری بینی کە نیازی بوو لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. وەکوو دایکێکی جەرگ سووتاو، وەکوو شێرێک بەرەو نەوەندی شەقامەکە چوو، تابلۆیەکەی دەستی بەرز کردەوە، کە لەسەری نووسرابوو (هەواش هەواش)، لە نەوەستی شەقامەکە، هاوارێکی هاوستا، بانگی لە منداڵەکە کرد، و خێشی وەکوو دایکێکی ئازا بوو بە پەنای، هەنگاو هەنگاو، شەقاو شەقاو، تاوەکوو گەیاندیە ئەو ڕەخەی تری شەقامەکە.
چوو لەسەر بەردەکەی خۆی دانیشت، وەک ئەشکگر چاوەڕێی منداڵی داهاتووی دەکرد. زەری پێ نەچوو، تارمایێک لەبەر دەمی قووت بووەوە، دارێک و کەتێک بە دەست، هەردوو دەستی بەستەوە و بە بیانووی ئاژاوە و هەراسان کردنی شوفێران ڕاپێچی کرد.

نووسینی: ئامانج شێروانی

ئـــــران.. گـڵـکـــــی هـژار و

دەستەواتەکی ناشارەعی!..
عەبدولڕەحمان گەورکی

چاوخشانێک بەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران و ئەرکەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی!
عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

بە پێی ئامارە فەرمییەکان، چەند ملیۆنێک ئێرانی لە دەرەوەی سنووری ئێراندا دەژین و زۆربەیان خوێندەوارن و ژمارەیەکی زۆریان بە بەوانامەی بەرز دەرچووەن و زۆرینەی ڕەهایان دژی ئەو ڕژێمە ئایینییەن کە حوکمڕانی ئێران دەکات! ئەم ڕاستییە دیمەنێکی ڕوون و ئاشکرای ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە لە ناوخۆی ئێراندا دەگوزەرێت. وەتەک کە لە هەموو ڕوویەکەوە دووەمانەدە. بەڵام بەهۆی دەستەواتەکی ناشارەعی و دواکەوتوو و ناشارستانی لەژێر ناوی "ئیسلام"دا، کەوتووەتە دەخێکی هەندە پڕ لە ئازار، کە خەڵکەکەی خراونەتە زیندان یان چوونەتە ڕیزی شەهیدانەوە یاخود خەمبارن و لە کەی گریان و شیندان و بە تۆندی خراونەتە ژێر گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریداو هیچ بژاردەیەک بە نەماوەتەوە جگە لە ناچارایەتی دەربەین و ڕاپەڕین و شۆڕش. هەندەکیشیان توانیویانە کەچ بکەن بە دەرەوەی ئێران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیان لە ناو ئێران جەهەشتووە.
هەر لەبەر ئەمەش کە دەوترێت "ژنەمی ئێران" هەرگیز نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران ناکات و کارنامەکەی پڕ لە تاوانی گەورە و بچووک. نەک تەنها بەرامبەر بە خەڵکی ئێران، بەڵکو بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە و جیهانیش. ئەوەی پەیوستە، تەداوانی ئەم ڕژێمەیە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە "پشتیوانیکردن لە خەباتی ڕەوای گەلی ئێرانەوە دەست پەدەکات!"
ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێت دژەمرۆڤانە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا لە لایەن وەتانی ئێندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەبینریت، جێگای شەرمەزاریە کە "ئێندامێتی ڕژەمی دیکتاتۆری مەزهەبی ئێرانیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا قبوڵ کردووە!"
لە ئێراندا ڕژەم ڕووبەڕووی "ئابووریەکی داماو" بووەتەوە. ئاماری "هەژاری" لە ئێران ڕۆژانە لە زیادبووندایە و ئەم دیاردە دڵتەزێنە نیوەی کۆمەڵگەی ئێرانیش گرتووەتەوە. ژنەمی ویلایەتی

فەقیهی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک بە ئەرکی خۆی نازانێت. چونکە تەنها گرنگی بە مانەوەی دەسەڵاتەکەی دەدات. رژێمی ئێران ڕووبەڕووی کۆمەڵگایەکی هەڵچوو بووەتەوە و دەخەکە ڕوو لە تەقینەوەیە. داواکارییەکانی خەڵک تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە و پەدەچێت زۆر بەدوور بێت بەم دەسەڵاتە وەڵام بدرێتەوە. چونکە لۆگۆی تەپڵەبووەنی "کات"، مەودای نێوان دەسەڵات و خەڵکی ئێران زۆرتر لە جاران زیادی کردووە. بەپێی خەمڵاندنەکان، نزیکەی ٢ ملیۆن کەس، هەتا زیاتر لە 10٪ی دانیشتوانی ئێران کۆمئێندامن. بەپێی ئامارەکان ساڵانە ٤٠ بۆ ٦٠ هەزار کۆمئێندام زیاد دەکات.
دەخی نیشتەجێبوون بە ملیۆنان ئێرانی زۆر ئاڵۆز و بە ئازارە. نزیکەی ٦٠%ی داهاتی خانەوادە شارنشینەکان بە خانووبەرە خەرج دەکرێت. هەڵاوسان لە کەرتی نیشتەجێبووندا زیاتر لە ٧٠% و ئەم بابەتە ساڵانە بەشکی زیاتری داهاتی ماڵەکان دەگرێتە خۆی. ژمارە ڕاستەقینەکان زۆر زیاترن لەو ژمارەیەی کە دەزگاکانی رژیم بڵاویان کردەتەوە. لە ئێران هەڵاوسانی ڕاستەقینە تەنانەت سێ ڕەقەمیە. ئێستا نرخی خانووبەرە بەهەی گرانی نرخی کەرەستەکانەوە بەرزبووەتەوە و کاتی چاوەڕوانی کڕینی خانوو بە چینی هەژار و مامناوەند، نزیکە لە (100)ساڵ! لەم وەاتەدا هەمیشە ڕێژەی ماڵیات و باج لە زیادبووندایە. بە پێی ئامارە فەرمییەکانی (ڕێکخراوی حکوومەتیی کاروباری ماڵیاتی ئێران)، ماڵیات بە بڕاورد بە ساڵی پێشوو ٣٠% زیادی کردووە (ئاژانسی هەواڵی ئیرنا، ١٩ی گوڵانی 1403).
ساڵانەکی زۆر هاوپەیمانانی رژێمی ئێران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە "گەمارۆ نەودەوڵەتییەکانی دژ بە رژێمی ئێران" بووەتە هەی هەژاریی خەڵک. درێژەکی گۆڕە بوو. لەم (3) ساڵەدا کە داهاتی رژێم لە فڕشتنی نەوت، بە هەی سیاسەتی سازان لۆگۆی دیکتاتۆرییەت، چەند هێندە زیادی کردووە، هەژاری، هەڵاوسان و گرانبوونی نرخ لە ئێراندا زیادی کردووە. تەنانەت خەڵکی نەدار و هەژار و بەتایبەت ژنانی ئێرانی، کۆرپەکانیان دەفرۆشن و لە زۆر حاڵەتدا کۆرپەکانیان لەسەر شەقامەکان بەجێدەهێڵن! فرۆشتنی ئەندامەکانی لەش لە ئێران بووەتە کارەکی باو. لۆگۆی زیادبوونی داهاتی ئەم رژێمە، دەزگای ستەم و هەژاری لە ئێران و شەڕفرۆشی لە دەرەوەی سنووریکانی ئێراندا بەهێزتر کراوە.
بەهای دۆلار لە ئێران لەم دواییانەدا سنووری ٦٠ هەزار تمەنی تێپەڕاندووە و گرانبوونی شتومەک سنووریکانی بڕاندووە. لە مانگی دووەمی ساڵی نوێی ئێراندا بەڕێژەی ٣٠٪ نرخی کۆلۆپڵی خۆراک بەرزبووەتەوە و سفرەی خەڵک لە جاران بەتاڵتر بووە. خامنەیی و

سەرانی ئەم رژێمە درێ دەکەن و هیچ پلان و بەرنامەیان نییە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک. ئەوان بەرزبوونەوەی نرخەکان بە "دڕی بازاڕ" ناودەبەن و ویستوویانە بە "درۆ" چارەسەری کێشەی خەڵک پراکتیزە بکەن و هەوەڵدەدەن بە هاندانی شتێ لە ناوچەکەدا پەردەپۆشی بکەن.

میدیای دەوڵەتی ئاماژە بە بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری دەکەن. ڕووتی کرێکارانی بێکار لە هەموو بوارەکاندا، (ڕووتکەی نیگەرانکەر) نیشان دەدەن. گەندەڵی لە حوکمڕانیدا لە سەروەڕ بە خوار، لە بڕیتی جاجاڵکەی خامنەییەوە بۆ سەرانی ئەم رژێمە و مەرکانی دەسەڵات، بووتە گشتگیر و ڕۆژانە بۆشک لە ڕاهێندکانی ئەم دیاردەیە، لە شێوە گورگی ناو دەسەڵاتی ئێراندا دەردەکەون. بۆ نموونە ماڵپەڕی (ئینتیخاب)ی سەر بە حکومەت نووسیویەتی: "ئێستا ئاشکرا بووە کە زیاتر لە 100 ملیار لە پەیمانگای مەساف ڕائیفیپور شاردراوەتەوە". ناوبراو برازاوای (ئیبراهیم ڕئیسی)یە.

لەشفرۆشی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ویلایەتی فەقیهی بەربڵاوە و ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بڕاوبوونەوەی هەژاریيەوە هەیە. منداڵانی کارکەر و دیاردەی وەک کارتۆن خەوی، زبڵ کۆکردنەوە، فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە، خەکوشتن، خەسووتاندن و بڕاوبوونەوەی نەخۆشیيەکانیش بە بەربڵاوی لە ئێران دەبینرێت. لە ئێراندا، نەدانی مووچەی فەرمانبەرانی حکوومەت، گەندەڵی، بەرتیلدان، ڕانتخەری، وازهێنان لە خوێندن و تەنانەت فرۆشتنی منداڵیش بوونەتە دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باو، کە دەرخەری مەودای ژیانی دەسەڵاتی وڵی فەقێ و خەڵکی ئاسایین لە ئێران.

لە ئێرانی ئێستاکەدا، ڕۆژ نیە ژمارەکی زۆر لە خەڵکی ئێران لە ژێر ناوی کۆبەر و سوتەمەنیبەر لە لایەن هێزەکانی ڕژێمەوە لە سنووردەکان نەکوژرێن. لە ناو ئەم تووژە هەژار و زەحمەتکێشەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە دەرچووانی خاوەن بڕوانامەی نایاب دەبینرێت. لە نێویاندا تەنانەت ژنانیس هەن کە ڕوویان لەم کارە سەخت و مەترسیدارە کردووە!

لەم دواییانەدا دامەزراوەیەکی ئەمریکی بە ناوی "MPI (Migration Policy Institute)" ڕاپۆرتکی بەگەنامەیی لەسەر دەخی کۆچبەرانی ئێرانی لە ئەمریکا بڵاوکردووە. ئەم ڕاپۆرتە دەڵێت: "کۆمەڵگەی بە ڕێچەک ئێرانی باشترینە لە ڕووی پەروەردە، کۆمەڵایەتی، ماڵیات، و ڕێچاوکردنی یاساوە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ژمارەی کۆچبەرانی ئێرانی لە ئەمریکا گەیشتووەتە یەک ملیۆن و نە سەد هەزارکەس. لەم ڕاپۆرتەدا جەخت کراوە کە ٥١%ی ئەو کۆچبەرە ئێرانیانەی ناو ئەمریکا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە. یەک لە چواری ئەوان

بەوانەی ماستەری هەیە و دکتۆرا. ئەمش بەرزترین ئامارە لە نێوان ئەو ٦٧ نەتەوەیەی لە ئەمریکا دەژین. لەوان دوانزە هەزار "مامۆستای زانکۆ" لە ئەمریکا وانە دەڵێنەوە و لە ئێستادا ٧٥%ی ئەم مامۆستایانە لە دوو سەد زانکۆی باڵای ئەمریکادا وانە دەڵێنەوە. لە حاڵی ئێستادا نزیکەی 15000 پزیشکی ئەڵمانی لە ئەمریکا دامەزراون.
دەخڵی (وەرزش)یش لە ئەران بە ئازارە. بە وتەی شارەزایانی ئەم بوارە، وەرزش لە لاوازترین دوخدایە. ژمارەیەکی زۆریان بە تاوانی پشتیوانیکردن لە راپەڕینی گەلی ئێران زیندانی یان شەهید کراون. یاخود ئێرانیان جگەشتووە یانیا لە دەخڵکی بژێوی زۆر خراپدان. جومگە وەرزشییەکان لە ئێراندا زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکانی سەر بە ڕژیمەن و بە ناوەڕۆکن.
لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندان وازهێنان لە خوێندن، بەتە شتێکی باو لە نێو قوتابیاندا. چونکە پارەی درێژدان بە خوێندنیان نییە و ناچارن ببنە "بژێوی" بنەماڵە و بخەرجکەر. لە نێوانیاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە "منداڵانی کار" لە شەقامەکاندا دەبینرێن. مامۆستایانی ئێران، چینێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێرانن کە بە هۆی نەبوونی مووچە و خراپی بارودۆخی ژیان، لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردان. ئەم دۆخە تایبەت نیە بە مامۆستایان و قوتابیان، بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بە کرێکاران و خانەنشینەکانیشەوە.

دوا وشە!

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، تەنها مشتێکە لە خەروار ئازار و ناخۆشی لە ئێران. لە هەموو رووەکەوە، خەڵک لە دۆخێکی دڵتەزێندان. ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئێندامێتی ڕژیمێکی لەو جۆرە لە کۆمەڵگەی نوودوودا، کە هەکاری سەرەکیی وەها دۆخێکی دڵتەزێنە لە ئێران، ئایا ڕەوایە؟ یان دەبێ حکومەتەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە تەنیشت گەل و بەرخودانی خەڵکی ئێراندا هاوسوز بن و ڕژەمێکی ناشارستانی و دژە گەلی لەو شێوەیە لە کۆمەڵگای نوودوودا دوور بخاتەوە و نەهێڵێت سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دووەمانەدە بە مانەوەی دیکتاتۆریەتی ئایینی و بەتایبەتی شەڕخوازی و تێکدانی سەقامگیری و ئاسایش لە ناوچەکە خەرج بکرێت!

بروسکەکان.. بروسکەی سێیەم و کۆتایی.. ستیڤان شەمزینی

تۆ نازانیت من چەند تینووم
بۆ خواردنەوەی قومێک لە کانیلەی لێوت
بۆ هەڵقوواندنی کەنیاکی بزەی تۆت
تۆ نازانیت من چەند تامەزرۆم
بۆ کەشانی حەشیشی باوەشت
بۆ هەڵمژینی بۆنی ڕەیحانەی هەناسەت
تۆ نازانیت من چەند سەوداسەرم
بۆ ڕاکشان لەژێر بریسکەی چاوت
بۆ بەربوونەوە بۆ نەو زەریای ماچت
تۆ نازانیت من چەندە شێتم
بۆ ڕنینی بەروبوومی کەنگەی لەززەت
بۆ نووسینەوەی مەژووی
شەوەکی ڕەمانسی
لەناو پەڕە گوڵی جەستەت
سەیرە تۆ هێشتا نازانیت!!

من و ئینجانە لە یەکتر دەچین
ئەو دەڵکی نەرمە
بۆ ڕسکانی گوڵ
من خاکەکی بۆ پیتم
بۆ گوڵگەنمی شیعر
ئەو بۆزار نابێت
لە مەکری گوڵکان
من تووڵنابم لەو شیعرانەی
وەک شمشێر تیغم دەکەن و
شەتاوی خوێن
لە دەمدا جێش دەدەن
ئەو کاتە دەمرێت، نازی گوڵ

لە نەو چاوەکانیدا دەربکەشرێت
من کاتێ، فەنا ئەبم
قەڵەمم مان بگرێت
لە نووسینی ئەو شیعرانەی
دڵێ بە دڵێ من لە یار و
یار لە منداڵەنەوە

خودا یەکەم رۆژ
تەی دروست کرد
دووەم رۆژیش
لە پەراسووی چەپی تە
منی خوەقاند
خودا رۆژی یەکەم
وشەی ناردە سەر زەوی
دووەم رۆژ
منی کردە گەیدەی وشە
خودا یەکەم رۆژ جوانی تەی
بە قەڵەمی پرشنگ کەشا
دووەم رۆژ
منی خستە سەر کەکەڵەی
کەنووش بردن بە ئەو جوانییە
من وەک ئیبلیس لاسار نەبووم
بە تامەزرۆییەوە لە بەرت نوشتامەوە
خودا یەکەم رۆژ
لەناو شیلەی ژیاندا
خەشوێستی هەهەنجا
دووەم رۆژ
منی هەبژارد
ببمە پەیامبەری ئەوینی تە
خودا یەکەم رۆژ
ملیاران ئەستێرەی لە ئاسمان و
یەک ئەستێرەی لەسەر زەوی ئافراند
دووەم رۆژ
ئیبلیس لە خشتەی بردم
لە بری ئەوەی لەسەر ئەم زەمینە

بە تە بگەم
چاوم بەیو
پەلک ئەستێرە لە ئاسمان
خودا خێی نیگای بە ناردم
تە لە نزیکی دوور و
دووری نزیکەو
لە ناو کەشانە رەنگاورەنگاکانی
عەشقدا بدزمەو
ئیتر خودا وەستا
لە ئافراندنی شتەکان

ستیڤان شەمزینی

گەیژ.. پشکۆ ناکام

[ئەوەی خاکی ووڵات ئەفرۆشێ و خیانەتی لە ئەکا
وەک ئەو کەسە وایە کە دزی لە ماڵی باوکی خێی
ئەکا و دەرخواردی دزەکانی ئەیا ، نە باوکەکە لە ی
خۆش ئەبێ نە دزەکان خۆاتی ئەکەن..
" چەگوارا "]
،،،

لە پەنجاکانا کاتێ " شێخ سەلام" ی شاعیر گەر بە هەڵیا نە چووبم مودیری دایرەی کشت و کاڵ یان دارستانی سلەمانی بوو و زەمانی مەلیکی بوو ، واتا ئەو زەمانەی پێ ی ئەوترا ئینتیداب و ئیستیعمار !! بە پێ ی توانا گەیژەی دار ڕێز کردوو ، ئەمە کە سوسیال دیموکرات !! حوکمەانە لە شارەکە ئەو درەختانە هەئەکەنرێن تا پاشماوەی ئیستیعمار نەمێنێ و ئەکرێن بە شوقڵە بە : "خانەوادەی کەسانی ئەو ڕووبارە خوێنەی ئەمەی هێناوەتە کایەوە"..!!
سەبارەت بە شارەوانی و دەور و دەسەاتی لە پەڕژەی "شاخ بەرامبەر بە شوقڵە" هیچ نیە، چێن بە تەلەفۆنکی "دەباشان" پەسەند کراوە ، تەنها تەلەفۆنکی دەباشان ئەتوانێ ڕایبگرێ ، بەڵام وابزانم تازە درەنگە " ....وعب بە ڕوعب"ی وەرگیراوە…
"گویژە" بە ملیاردەرکان بوو بە پەڕژە و بە حوکمەانکانیش بوو بە میوەیک کە پێ ی ئەووترێ..
" گەیژ" بە سیحەت و قاسە باشە…

ئاگر.. شیعری ستار ئەحمەد

لە کام ئاگر..؟
بسك و پەرچەمت دزیوە
کەژاوەی بووکەنی خەرە
یان تەونی مردنی بایە
سروشت بەو جەرەی چنیوە

نیگات لەکام کانی سازگار
دورگەی چاوانتی تەنیوە
خوێنی ئاسەی ئاوابوونە
یان بریننی دڵی شیعرە
لەنێو جگەرما مەییوە

ئەو مەمکانەت
دوو ساویلکەی .. نوستووی نێو جێن
یان جەرگ و هەناوی منن
بەزامی سنگتەوە دەلکێن

تۆ پەری شیعری گۆڕانگی
بۆ تیلەی تارای رۆژگارم
بیرت نەچێت ..
لەدواساتی ماڵاواییم
بۆ چرکەیەك وەرە دیارم

ستار ئەحمەد

داشتنەوەی گوتار لە نێو سیستەمی دەرهێنانداد.. شکۆ عومەر کاکەیی

شانۆیی (دادگەی شاهمارانێ) وەك نمونە

سەرنجەك

من کاری رێخنەگری بە پسپۆڕی خۆم نازانم، بەڵام چ ئەزموونی رابردووم و چ بەوانامە و رشتەی خوێندنەکەشم رێگەی ئەوەم پێدەدات لەپاڵ کاری دەرهێنان و پراکتیکدا لەو کایەیەش کار بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەنگەی باوەڕبوون بە پسپۆڕی و ڕێخساندنی دەرفەت بە کەسانی پسپۆڕی بواری، چەند ساڵێکە خۆم لەوە دەبوێرم لەبارەی نمایشە شانۆییەکانەوە بدوێم، بەڵام سەرئەنجام دەخی پاشاگەردانی رێخنە و ڕێخنەسازیی نەوەندی شانۆی کوردی وادەکات مرۆڤ وەك ئەرکێکی ئەخلاقی بەدەنگ نەبێت و لانی کەم ئەگەر دەرفەتی تۆژینەوە و بەدواداچوونی قووڵیش نەبێت، بەڵام راکێشانە سەرنجەکانی خۆی بخاتەوو. چونکە بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ لەو نەوەندەدا دەگوزەرێت بەسەوادی و هەژاریی مەعریفییەکی قووڵ هەیە، بەپێچەوانەوە نوسین و پیاهەڵدان و شکاندنەوەی بەرهەمەکان بەپێی میزاجی تایبەت و نزیکیی و دووری دەرهێنەر لە نوسەری رێخنە و باکگراوەندی حیزبی و شارچییەتی و بەخشینەوەی میدالیا و دەستواژەی داهێنەر و داهێنان بە کەسانی ناشایستە، بووەتە مەرکەبی ئەو نوسینە لاوازانەی کە ساڵانێکە بەرکەی نەوەندەکەی گرتووە، بگومان لەم دەخشدا نمایشگەلی گرنگ و جدی دەبن بەقوربانی و بەبەدەنگی تەدەپڕن. بۆیە

لە وەها دۆخێكدا نوسین و بەدەنگنەبوون دەبێتە ئەركێكی ئەخلاقی هەركەسێك كە سەروكاری لەگەڵ نوسیندا هەیە. هەكاری ئەم دۆخەش رووندە، كە بریتییە لە بەدەنگی نەوەندەكە بگشتی و كەسانی پسپۆڕ بەدیاریكراوی.
گووتار بونیادی سەرەكی هەر بەرهەمێكی هونەری-ئەدەبییە و مومكین نییە بەبێ ئامادەیی گووتار هیچ بەرهەمێك بتوانێت بەردەوامی بەخۆی بدات، بەدرێژایی مێژوو ئەم چەمكە بەچوونی فەلسەفی زۆر و جیاوازی لەبارەوە ووتراوە، كە رەنگە ئەمە لەرەدا بەخۆرایی بشكیان بخەینەوو. (ئەفڵاتون) پێیوایە گفتوگۆ-دیالێكتیك ئامرازێكی سەركیە بۆ گەیشتن بە راستیی، بۆیە پێویستە گووتار گوزارشت بێت لە گفتوگۆی قوە بۆ گەیشتن بە مەعریفەی قووە. یاخود (ئەرستۆ) گووتار وەك بەشێك لە رەوانبێژی پێناسە دەكات كە بریتییە لە هونەری باوەڕهێنان و بەجەهێشتنی كاریگەری لەسەر وەرگر ئەویش لەسەر ئاستەكانی ئەخلاقی و سەزداری. جگەستە لە قەناغە جیاوازەكانی دەركەوتن و گەشەسەندنی دراما لە گریكی كۆندا بوو بە ئامرازێكی راستەوخۆ و ناوەندگرا لە فەرمانڕەكردن و پێكانی گووتاردا، كە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێكی تایبەت لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەندەكانەوە بونیادنرا و بووە گووتارێك بۆ گوزارشت لە ئاهەنگە ئایینی و سرووتە بەكۆمەڵەكان. فیلەسونی فەڕەنسی (مەشێل فۆكۆ)ش گووتار پێویست دەكاتەوە بە دەسەڵات و خەسڵەتنی و بە ئامرازێكی بنەڕەتی ئەو سیستەی لەقەڵەم دەدات. میشیل فۆكۆ دەڵێت سەبارەت بە بەندینخانە هیچ مانایەكی نییە ئێگەر تەنها پشت بەو گووتارانە ببەستین كە سەبارەت بە بەندینخانەكان نوسراون، بەڵكو ئەبێ بایەخ بەو بەیار و پەیڕەوە ناوخۆییانەش بدەین كە لەلایەن ئەو خەڵكانەوە داڕێژراون كە لە ناو ئەو دەزگایانەدا ژیاون و بەڕێوەیان بردوون. (ژاك دریدا)ش لە سیاقی تێكستدا مامەڵە لەگەڵ گووتاردا دەكات و لە میتۆدە فەلسەفییەكەی خۆیدا كە میتۆدی (هەڵوەشاندنەوە)یە پێیوایە گووتاری تێكست هەڵگری فرمانای ناجێگیر و پێویستە هەوڵ بە ئاشكراكردنی مانا دژ و فرەكانی بدرێت. ستراتیژییەتی (دریدا) بەشێوەیەكی گشتی تیشك دەخاتە سەر هەڵوەشاندنەوە و بەش بەشكردنی دەربەین و گریمانە فەلسەفییەكە و ئینجا دووبارە پەڕپێدانی ئەو بونیادە هاوبەشەی كە ئەو دەربەین و گریمانانەی لەسەر دانراوە .
هەروەك دیدە فەلسەفییەكەی (ڕۆلان بارت)یش تیشك دەخاتە سەر گووتار و بەرگەیەكی شیكاری ڕەخنەییەوە بۆی دەڕوانێت، كاتی جەخت لەسەر چەمكێتی بونیاتنانی مانا و فەرمی زمانەوانی لە تێكستدا دەكات، بەبەچوونی (بارت) گووتار تەنها كاری ئەوە نیە مانا و ئاماژەكان بگەیەنێت بەڵكو پانتاییەكە بە دەسەڵات و كاریگەییەتی بەسەر

چواردەوری خۆیدا، بەپێی لێدوانی فەلسەفیکی خۆیدا کار بۆ دەرخستنی ئەو تێگەیشتنە دۆگمایانە کە لە رێگەی گووتارەوە شوناس و مەعریفە و دەسەڵاتی کاریگەر پانتایی خۆیان وەربگرن. دواجار لەم خستنەڕووەدا هەرچەند خەراش بوونام ناکرێ خەمان لە دیدە فەلسەفییە قوڵەکەی (فریدریك نیتشە) ببوورین و ئاماژەی بۆ نەکەین، (نیتشە) گووتار بەو جۆرە دەبینێت کە دەکرێت خۆی لە خۆیدا ببێت بە هونەرێکی باڵا، بەڵام پەراوێزە لە زیندوێتی و داهێنان، هەروەك بانگەشەی ئەوەی دەکرد پێویستە گووتاری ئەکادیمی ووشك تێپەڕێندرێت لەپێناو گووتارێکی کاریگەر و پڕ لە زیندووێتی، بگشتی (نیتشە) باوەڕی وایە کە ناکرێ گووتار گوزارشت لە حەقیقەتی ڕەها بکات، بەڵکو ئامرازێکە مروڤ هانای بۆ دانانی کاریگەری لەسەر واقع و یاریکردن پێی. ڕێنگە بابەتی بەرجەستەکراوی سەر تابلۆیەك سەرسامان بکات، دووچاری شڵەژانمان بکات، سەرقاڵمان بکات، وەك ئەوەی کاتێك دەبینین تێکستەندنەوە و مەترسی ستایش دەکرێن، لەڕدا ئەمە چێژ و خۆشی لە هەڵچوونەکەدا بدیدەکەین، لەسەرکەوتن بەسەر بێزاری بدیدەکەین .

دەرهێنان ئەو کردە ئاڵۆز و قووڵەیە کە لەڕێگەیەوە بونیادی نمایش و پانتاییە جیاوازەکانی دادەڕێژرێتەوە و تەواوی ڕێگەزە هاوبەشەکان ڕێکدەخاتەوە و لەوەوە وەکو سیستەمێکی دینامیکی سەرجەم پرسە هاوبەشەکانی دیکەی دەوروبەری لە بەتەی خۆیدا دەتوێنێتەوە و پێکرا یەکەیەکی هاوەنی دروست دەکەن بەنەوی نمایش. (دۆك سایکس مینینگن) هەمیشە تێکیدی لەوە کردووەتەوە کە پێویستە نواندن لە چوارچێوەی گروپدا بێت و فەرمێکی ئەوتەی داشت بە یەکخستنی هەموو ڕەگەزەکانی وەك دیکەر و جلوبەرگ و ڕووناکی و هەروەها ئەکتەریش لە چوارچێوەی یەکەیەکی هونەریدا، هەروەك (گەردن گرێك) پێیوایە کە ئەو ڕەگەزانە هەموو بەیەکەوە پێوەستن و ناکرێت جودا بکرێنەوە . یەکگرتنی ئەم ڕەگەزانەش بگومان لەو دووەیانەدا دروست دەبێت کە پێی دەوترێت سیستەمی دەرهێنان. ئامانجی ستراتیژی لە هەموو نمایشێکی شانۆیدا بریتیە لە گەیەنی تێکستی شانۆیی بە سیستەمێکی هاوئاهەنگ و تێکەڵکەش لە کارتێکەرە دەنگی و بینراوەکان . لە شانۆی مۆدێرنیش جگە لەو ئەرکە بنەڕەتیانە، هاوکات کاری دیکەش خۆی خزاندووەتە نێو سیستەمی دەرهێنانەوە و گرنگترینیان داشتن و ئامادەکردنی گوتاری سەرکی نمایشە، کە دواجار دەبێتە پانتایی بنەڕەتی دەرهێنەر تا لە ڕێگەیەوە پلان و ستراتیژیەتی چۆنیەتی پێکانی ئامانجەکانی خۆی وەك بونیادنەرێکی یەکەمی نمایش دابڕێژێت. جا ئەو داشتنەویە دەکرێت لەڕێگەی یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نمایشەوە بێت بە نمونە ئەکتەر، بەو جۆرە ئەکتەر پارێزگاری لە

پەگەی سەنترالیزمییەتی خەی دەکات و دەبەتە دروستکەری زیندووی مانا و دەلالەت لە رەگەی دەنگ و جووڵە و بەدیاریکراویش جووڵەی رووخسار و رەنگکردنی گووتار بەشێوەیەکی گشتی .
بوونی گوتاری روون لە نمایشدا ئاماژەیە بە حزووری دەرهێنەری بەئاگا لە پشتی نمایشەوە، چونکە دواجار لە رەگەی ئەو گوتارەیەوە موخاتەبەی ئەقڵی بینەر و کەمپەگای خەی دەکات و هەموو کەد و ئاماژە پێویستەکان دەنرێت بە ئەویتری وەرگر. دەبینین (هاعەبدولعەزیز)ی دەرهێنەری شانۆیی (دادگەیە شاهمارانە) توانیویەتی گوتارێکی روون و مانادار و خاوەن ئامانج ئامادە بکات و دووبارە فۆرمڵەی بکاتەوە و لەنێو سیستەمە دەرهێنانەکەی خەیدا دایبڕێژتەوە و ئاڕاستەی بینەری بکات. ئەویش سەرەتا بە دەستبردن بە هەڵبژاردنی (میت)ێکی کۆنی نەتەوەی وەك شاهماران کە رەنگە تەمەنی سەدان ساڵ و زیاتریش بێت و دەماودەم گێڕدراوەتەوە. چونکە هەڵبژاردنی تێکست بەپێی بەچوونی زەربەی نوسەر و ڕەخنەگران بنەمای سەرەکی شکست یان سەرکەوتنی نمایشی شانۆیە. لەڕەدا دەرهێنەر کاتێ دەستی بە ئەو ئەفسانەیە بردووە بگومان دوای داشتنەوەی لە فۆرمی دەقێکی شانۆییەدا لایەن نوسەرەکەوە کە بریتی نیە لە خودی دەرهێنەر. بەدەنیاییەوە مەبەست و مانای شاراوەی خەی هەیە و لە نمایشەکەدا ئەو مەبەست و ئامانجانە بەرووبی دەرکەوتن. چونکە وەك هەمووان دەزانین لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵێکی بەرنامە بەدارێژراو هەیە بە دزینی میتۆلۆژیای (شاهماران) لایەن دەوڵەتی تورك بە داماڵینی لە فۆرمە کوردییەکە و بەتورککردنی. چونکە تاکو ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش لانی کەم وێنەی (شاهماران) لە نێو زەربەی ماڵی کوردیدا ئامادەیی هەبوو ئەویش یان لەسەر فەرشی هەواسراوی سەر دیوار یاخود لەسەر ئەو بەکسانەی کە وەك گەنجینەی هەگرتنی کلوپەلی نێو ماڵ بەکاردەهێنران و پێیدەوترا (بوراق)، ئەم ئامادەگییە ڕەمزییە وایدەکرد تاکی کورد ئاگەر لەسەر ئاستی وێنەسازی و فیگەریش بێت (شاهماران) بەبەشەك لە کەنەستی گشتی نەتەوەدا بیببینێت و هەست بکات کە (شاهماران)ی نێو قووڵایی مێژوو، ئەمرۆ ئاگەر لەسەر ئاستی وێنەیکیش بێت حزووری هەیە و لەگەڵیدایە. گووتار لەڕەدا لەسەر ئاستی وێنە خەی دەخاتەوو کە دەکرێ لەڕەدا بە دیدی (جەرج گادامیر) خوێندنەوە بە ئامادەیی گوتار بکەین کە لەڕەگەی شیکردنەوە و تەئویلی وێنەوە بگەین بە کرۆکی گووتاری نمایش، ئەویش کاتێکە کەوا گووتار تەگەیشتنی هاوبەش دروست دەکات لەڕەگەی تێکەڵبوونی ئاسۆکانەوە ئەوەش لە کارلێکی ئاسەی شیکەرەوە و ئاسەی تێکست-وێنەوە دەتە کایەوە. بەم ئەم ئامادەییە بە دیاریکراوی لە دوای ساڵانی دووهەزارەکانەوە بەتەواوی وون دەبێت،

بۆیە دەبینین ئەمرۆ کەمترین وشیاری دەربارەی ئەو میتۆلۆژیا گرنگەی نەتەوەیە لە نێو نەوەی تازەی گومگادا هەیە، ئەمەش وایکردووە دزینەی ئەو ئەفسانە گرنگەی کورد لایەن دووەمین سیستماتیکی تورکەوە ئاسانتر بێت. (میشێل فۆکۆ) پێیوایە دکرێ گووتار ئامرازێکی گرنگ بێت بۆ دەسەڵات و قەرخکاری و بکاریش دەهێنرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی فکر و بیرکردنەوەی مرۆڤ. جارێکی تر دەتوانێ هەموو ئەو شتانەی کە بەهای جیاوازییەکەوە لەیەدووركەوتوونەتەوە بەدەستیان بهێنێتەوە، بیانگرێتەوە خۆی و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە لە ئێوانەدا مامەبەندێك بدۆزێتەوە . دروست وەك ئەو کردەیەی دووەمینکی وەکو تورکیا کە لەسەر ئاستی (میت)ی کوردییەکان پیادەی دکات. هەموانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەتەوە بەبێ بوونی میتۆلۆژیا و ئەفسانەکانی رابردووی خۆی ناتوانێ لە ئێستا و داهاتوودا حزوری هەبێت. بۆیە دەبینرێت کاتێ دەرهێنەر ئەم بابەتە دکات بە ماتریالی نمایشکەی، لە رێگەیەوە دەیەوێت بینەر دادگایی بکات کە خەریکە بوونی خۆی لە رابردوو وون دکات! وا نەتەوەی دژەکی کە لە لووپکەی فاشیەتدا سەدان ساڵ دەیسەپێتەوە، رابەدوو بە خۆی دەبات ئەویش لەرێگەی دزینی ئەفسانەکانیەوە کە بونیادی نەتەوەیی تێدا دارێژراوەتەوە. ئەم هەوڵەی دەرهێنەر لەو دیمەنەدا دگاتە ترۆپك کاتێ کامیراتی نوسەر لەسەر ستێج دێتە خوارەوە لە بینەر نزیکتر بێتەوە تا لەپەنا گوێیدا پێی بڵێ بۆ ئاگاوەرەوە و فریای رابردووی خۆت بکەوە، کاتێکیش هیچ بەرپەرچێك لە بینەر نابینێت بووپکەی شکستەوە هەڵی نمایشکە بەجێدەهێڵیت و دەڕواتە دەرەوە. لەرشدا دکرێ دیدکی (سارتەر)یانە بە گوتار ببەخشین کە ئەو باوەڕی بە ئەدەب و هونەری پابەند هەیە کە پەیوستە بەردەوام لە هەر قۆناغێکدا بێت ڕەخنەی کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆی بگەێت، بەوەی کە دەبێت ببێتە ئامرازێك بۆ گەانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو واقیعەی کە تێیدایە، هەروەك خودی خۆشی ئەو بەچوونەی کرد بۆ بنەما بۆ کارکردن کاتێ دەبین ئەدەبەکی خستە خزمەت جێختکردنەوە لەسەر چەمکەکانی ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی و لێپرسراوێتی تاکەوە. ئەگەرچی رەنگە ئەو دیمەنەی کە باسمان کرد بونیادی هونەری و تەکنیکی نواندنی هەندێ باڵا نەبێت و زیاتر پشتی بە تەکنیکی سادەگەیی و راستەوخۆیی بەستبێت، بەڵام دواجار بە تەواوی لە خزمەتی گوتاری نمایشدا بوو و بووە زەنگێك بۆ بینەر-کامەگا. بۆیە بۆ خوێندنەوەی ئەم هەوڵەی دەرهێنەر دەتوانین چەمکی (مۆبەستداری)ی فێلمسۆفی ئەڵمانی (ئیدمەند هسرڵ) بەکاربهێنین کە یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئایدیا فەلسەفییەکەی و پێیوایە مۆبەستداری بریتییە لە ئاگایی، هەمیشە ئاگاییەکە بە شتێکی

دیاریکراو، بۆیە گووتاری نمایش دەکرێ لەم دیدگایەوە بخوێندرێتەوە کە بریتییە لە ئامرازێك بۆ ئاوگەکردنی نیازی دەرهێنەر-نوسەر بۆ ئەزموونکی مەلموس لەسەر تەختەی شانۆ و لەوشەوە ببێت بە پردێك بۆ گەیاندنی مانا و واتا شاراوەکانی پشتی نیازی دەرهێنەر بۆ بینەر.
هەر لە دیمەنی سەرەتاوە بینەر بەر هەوڵەکانی دەرهێنەر بۆ داشتن و دامەزراندنی گووتارێکی رووندەکەوێت کاتێ دەبینین کارکردن لەسەر کەمەکێك سرووتی کۆنی ئاهەنگئامێزی کوردی و ماتریالی وەك خاکەناس و بەرد و ئاگر و دەنگبەژی و یاریی ناوچەیی دەبێت بە دەستپێکی نمایش، ئەم کارکردنە ئاماژەی ئەوە دەداتە بینەر کە پەیوستە خۆی بە بڕکەوتنی گووتار و ئەتمۆسفێری کوردی ئامادە بکات. لە دیمەنی دواتردا ئەم هەوڵە رووونتر دەبێتەوە و تەنانەت دەگاتە پلەی کامڵبوون کاتێ دوو ئەکتەر وەك نوێنەرایەتی دوو جەمسەر لەرگەی دوو شمشێری ئاگراویەوە دەکەونە ململانێی یەکترەوە و یەکگیان ئاویتر لەناو دەبات، ئەمیش بۆ سوودوەرگرتن لە ماتریالی ئاگر کە لە کۆنەستی کوردیدا هەڵگری مانا و دەلالەتی قووترە بۆ گیانەوە بۆ ئەفسانەکانی پێشووی.
دەرهێنەر دەیەوێت لە رەگەی ئامادەگی دەنگ و ستران و لاوك و هەڵهەڵەوە، بینەر بباتەوە ناو مێژوو کە تاکی کوردی هەمیشە دەنگ و دەنگبەژی وەك ئامرازێکی مانەوەی خۆی بینیووە، لەرێشدا بۆ دامەزراندنی گووتاری نمایش دەرهێنەر بەدروستی سوودی لەو ئامرازانە وەرگرتووە و لەناو سیستەمێ ئیخراجیکێدا هونەریانە دایشتوەتەوە.
هەر لە چوارچێوەی گوتاردا دەرهێنەر (ها عەبدولعەزیز) ووردی کار لەسەر ڕەخنەکردنی دەسەڵات دەکات بەڕام گرنگی ئەو هەوڵە لەوەدایە بەبێ پەنابردن بۆ جنێو و سوکایەتی و تەکنیکی راستەوخۆیی ئەنجامی دەدات، کە بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایدا هانابردن بۆ بۆکارهێنانی جنێو و وشەی بازاری بۆبیانوی ڕەخنەکردنی دەسەڵات و سیستەم بۆجۆرێك زاڵ بووە بەسەر بەشێك لە نمایشکاندا کە لە کۆتاییدا تەواوی تەکنیك و ئاست و بەها هونەرییەکەی کردووە بە قوربانی و نمایش زیاتر وەك پانتاییەکی سادەگەیی و دروشمبازی دەرکەوتووە.
بەڕام لە شانۆیی (دادگەیی شاهمارانێ) بە داشتنەوەی کۆسایەتی دادوەر بەشێوەیکی تەکشکاو و بێئاگا و بەخشینی فەرمکی هەزڵی و گاتەجارانە بۆتایبەت لە ڕووی دەنگ و جەستەوە، هەروەها نیشاندانی کۆسایەتی (پۆلیس-پاسەوان)ی دەسەڵات بەشێوەی گاتەجاری و پکەنینەاوی، بەگومان ئەمەش بەسوود وەرگرتن لە ئەکتەری خاوەن جەستەی ئامادە و نەرمونیانی وەك (عومەر عادل و مستەفا ڕەبەر و

ئاراس) دەرهێنەر توانی لە فێمینکی هونەری باڵادا تووندترین ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت و پێیان بڵێت تاوانی ئەو زۆر لەو خەڵکە زیاترە کە ئەمڕۆ ناتوانن ڕابردووی خۆیان بناسنەوە.
کارکردن لەسەر دورستکردنی شوناس بە شانۆ لە کوردستان ساڵانێکە بە تەواوی پەراوێز خراوە، ئەوەی کە هەیە شانۆ لە پێناو شانۆدا دەکرێت، دەردی کوشندەی شانۆکەی ئێمە نەبوونی فێم و شوناسێکی نەتەوەیی-کلتوریی کوردییە لە نمایشەکانمان، دەرهێنەر لە (دادگەی شاهمارانێ) زۆر بەووونی لە زاری کارەکتەرەکەوە ووتی من چی لە شکسپیر و تەسەتەی و ...هتد بکەم لە کاتێکدا خەم تائێستا نەمتوانییوە شوناسێك بە خەم دیاری بکەم لەگەڵ ئەوەی خاوەنی دەوڵەمەندترین باکگراوندنی کلتوری و کەلەپوری و مێژوویم بە ئەوەی بتوانم بیکەم بە ماتریالی بەرهەمە هونەرییەکانم؟! جەدلیەتی جیهانیبوون و لەکاییەت لەمێژە هەیە بووی کە بەرهەمی هونەری لە لەکاییەتەوە دەچێتە قەناغی جیهانیبوون یان بڕۆچوانەوە، بگومان ئەوەی یەکەمیان راستە کە پەیوستە سەرەتا کار لەسەر لەکاییەت بکرێت بە ئەوەی ببین بە جیهانی. بە ئەم باسە ئەزموونێکی زیندووی خەم بە نمونە دەهێنمەوە ساڵی 2019 بەرسەمی وەك کوردێك لەگەڵ هاوڕێیەکی شانۆکار بەشداربووم لە وەرکشۆپێکی یەك مانگی شانۆکاری جیهانی (ماریە بیاجینی) کە ساڵانێك هاوکار و یاریدەدەری سەرکی (جیرزی گرۆتۆفسکی) بوو لە بەرهەمکانی کۆتایدا، سەرەتا بە ئەوەی لە ڕووی کلتوریەوە خەمانی پێ بناسنین داوای لێکردین هەریەکەو دیمەنێکی پێشکەش بکەین، هاوڕێکەم دیمەنێکی شانۆیی (کالیگوڵا)ی پێشکەش کرد کە دوا بەرهەمی ئۆکاتێی بوو، منیش دیمەنێکم لە یەکێك لە نمایشەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك پیشکەش کرد کە لە ڕابردوودا خەم نواندنم تێداکردبوو بریتی بوو لە پەرفەرمانسی (هاملێتی کەرکوك) دەرهێنانی نیهاد جامی بوو و تێیدا کار لەسەر سرووت و گاتاکانی زەردەشتیەت کرابوو بە گریمانەی ئەوەی ئەگەر هاملێت کەرکوکییەکی زەردەشتی بوایە چی ڕوویدەدا! دوای پێشکەشکردنی هەردوو دیمەنەکە، دانیشتین و (ماریە) بەوردی گفتوگۆی لەگەڵ کردین و پێی ووتین (کالیگوڵا) و هەموو تێکستێ جیهانییەکان هیچ بە ئەوە نابەخشن و ناتوانن لە ڕەگیانەوە ببنە خاوەنی شانۆییەك بەشوناسی کوردییەوە، ئەوە پەیوستە بگەینەوە بە کلتورە دوورەمەندەکەی ڕابردووی خۆتان، ئەوە دەبێت زیاتر لە زەردەشتیەت و سرووتە ئاینی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکەی خۆتانەوە هونەر دروست بکەن و فەرمی تازە بدۆزنەوە، ئەوەی گەلانی زاگرۆسی خاوەنی میراتی ئایینە میترایی و یاریەکانن کە سەرچاوەی داهێنانی زۆربەی تیاریستە گەورەکانی ئەوروپان. کلتوری ڕێزەمان بەگشتی بە

ئەمەی رۆژئاوایی گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو، چ جای بۆ ئەوە خۆتان. من لەو ئەزموونەوە بۆتەواوی گەیشتم بەوەی کە ئەمە تاکو چیخۆف و شکسپیر و ئیپسن و سۆفکلیس و هەموو ئەدەبیاتی جیهان لە ناو کلتووری کوردبووندا نەمرنین و دووبارە (ڤانیا)ی کوردی و (ماکبەس)ی کوردی و (نورا)ی کوردی و (ئەدیب)ی کوردی دروست نەکەین ناتوانین ببین بە خاوەنی شانۆیەکی بە شوناس کوردی و لە نەوەندە جیهانییەکاندا نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی خەمان و کلتورە دەوڵەمەندەکەمان بکەین، هەبەتە ئەمە بانگەشە نیە بۆ ئەوەی ئەمە تەنها بە کوردی نمایشەکانمان پێشکەش بکەین، یان بەین جامانە و جلی کوردی و کەاش لەبەر ئەم کەسایەتیانە بکەین و بڵێین تەواو ئیدی بووین بە خاوەن شوناسی کوردی، نا بەپێچەوانەوە دەکرێت ئەمە (ئەدیب)ەکی کوردی بخوەقەنین بەبە ئەوەی یەك ووشەی کوردیش لەزاری بەتەدەر. بە دروستکردنی شانۆیەکی کوردی پێویستە (هاملەت)ەك بە بینەری کوردی نیشان بدەین کە هەست بە ئازارەکانی خۆی بکات لە بینینیدا، کلتوری تاکی کورد لەنەو تەکستە زیندوەکانی جیهان لە سەر تەختەی شانۆ بە بینەری کورد نیشان بدەین، دروست وەك ئەوەی کە لە شانۆیی (دادگەیە شاهمارانە)دا، رووبدا کاتێ بینەر لەگەڵ سات بەساتی نمایشدا کارلەك دەکات و خۆی تێدا دەبینێتەوە و چێژ لە باڵایی ئاستی هونەری دەبینێت چ لە نواندن یان ڕەگەزەکانی دیکەی وەك روناکی و موزیك و دەنگ و جلوبەرگ و تەواوی پێدراوەکانی سەر شانۆ. بینەر لەڕدا بەردەوام ئاسەی بەشبینییەکانی تێکدەشکێنرێت لەلایەن دەرهێنەرەوە ئەویش لە ڕەگەی تەکنیکە جیاوازەکانی نواندن و دەرهێنان و ڕووناکییەوە کە بەووردی کاری لەسەر کراوە و لەناگەڵ بینەر بە ساتەك جۆەی ڕووداوەکان بکات و پێشبینییەکانی زاڵ بن بەسەر ڕووداوەکانی نمایشدا و بەردەوام سوپرایزی نوێ دەنێتە کایەوە. ئەمەش سەلیقەی دەرهێنەر دەردەخات کە چۆن شیکاری بە هەموو لایەنەکانی کەمەگاکەی کردووە و دەزانێت چی پێشکەش بە بینەرانی جۆگرافیاکەی خۆی دەکات. شانۆی کوردی پێویستە کار بە فەلسەفەی هەوەشاندنەوەی (جاك دریدا) بکات کاتێ کار لەسەر میتەلۆژیایەکی وەك ئەفسانەی (شاهماران) دەکات بە ئەوەی ڕەهەندە میتەلۆژییەکەی لە دابماڵێت و فرەمانایەکەی بدزێتەوە و لە فۆرمێکی شانۆییدا دووبارە دایبەژێتەوە، چونکە ئەو پێوایە گوتار-زمان-تەکست ناتوانێ مانای کۆتایی و جۆگیر ببەخشێت بەبە هەوەشاندنەوەی سەنتراڵیزم و دووبارە بەخشینەوەی مانا دژ و ناجۆگیرەکان. کە دواجار دەکرێت ئەم کارکردنە بمانباتەوە سەر تێگەیشتنە فەلسەفیەکەی (هابرماس) کە لە میانی چەمکی (کردەی پێوەندیگرتن) پێوایە گووتار دەتوانێت ببێتە ئامرازەك بۆ پێوەندیگرتن و

کارکردنی دەستەجەمعی هاوبەش، ئەو پەیوایە گووتارە نمونەییەکان پەویستە ئازاد بن لە هەر چەوساندنەوە و قەرغکارییەك و دەبەت هەوە بدات بە گەیشتن بە تەگەیشتنەکی لەژیکی هاوبەش، ئەویش لە رەگەی گفتوگەی کراوە و راشکاوانەوە.
بەیە دواجار دەگەینە ئەو بەوایەی کە دەرهێنەرەك دەتوانەت گووتاری تەکمە و رووەن دابەژەت و لە سیستەمەکەیدا جەیبکاتەوە کە خاوەنی دنیابینی تایبەت بە خەی بەت و (ها عەبدولعەزیز) لە شانەیی (دادگەهە شاهمارانیە) توانی ئەو ببەتە خاوەنی ئەو گووتارە رووەن و تەکمەیە.



شکە عومەر کاکەش
ماستەر لە دەرهێنانی شانەیی

سەرچاوەکان:

1. حسن عبود النخيلة. خطاب الصورة الدرامية. دار الفكر للنشر والتوزيع، البصرة، 2013، ط1، ص 15.
2. ئازاد بەرزنجی. لاپەڕە پەرشەکان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ 1، کوردستان-سلەمانی، 2005.
3. د. جبار حسين صبري. عدم/عقل. منشورات مهرجان بغداد لمسرح الشباب العربي/ الدورة الاولى، بغداد، 2012، ص 288.
4. فریدش نیچە. مرۆڤانە زەر مرۆڤانە. و: ڕەبین ڕەسوڵ

ئیسماعیل، بەرگی دووەم، ناوەندی فێربوون، 2020.
5. الكسندر دين. اسس اخراج المسرحي. تر: سعدية غنيم، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، 1982. ص 41.
6. د. نبيل راغب. فن العرض المسرحي. مكتبة لبنان ناشرون، لبنان، 1996 ص 79.
7. د. نديم معلا. لغة العرض المسرحي. دار المدى للثقافة والفن، بغداد، 2004، ص30.
8. د. كەمال میراودەلی. زانین و دەستەات خوێندنەوەی فەکە وەك خۆی. چاپخانەی ڕەنج، چ1، 2004.

کتێب\ شیکردنەوەی گوتاری شنەبیریی.. نووسینی: غازی حەسەن

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن..

GhaziHassan_GwtariDownload

ئیسرائیل و دادگای نێودەوڵەتی!.. نوری بەشیر

ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٤ داواکاری گشتی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای داوای دەستگیرکردنی بە بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یۆواڤ گالانت، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل و چەند سەرکردەی حەماس لەوانە؛ یەحیا سینوار سەرۆکی حەماس لەغەزە، ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی حەماس و محەممەد مەسری سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی حەماس بە تەمەتی ئەنجامدانی

تاوانی جەنگ، خستەتە بەردەم دادگاکە.
ئەم هەنگاوەی داواکاری گشتی دادگای تاوانە نێودەوڵەتیەکان دوای سکاکەی ئەفریقای باشور دێت کە لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا لەسەر کەمپەکوژی ئیسرائیل خستبووە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی و دوبارەش ئەفریقای باشوور داوای ئاگربەستی "دەستبەجێ" و ئاگرتنی ئەپراسیۆنە سەربازییەکانی لە ئیسرائیل کرد. ڕۆژی٢٣ی ئایار واتە سێ ڕۆژ بەدوای داواکەی داواکاری گشتی لەسەر ئەم داوایەی ئەفریقای باشور، دادگای دادی نێودەوڵەتی کە باڵاترین دەزگای دادوەریە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند کە داواکاریەکەی ئەفریقای باشور دەخاتە بەردەم نزیکترین دانیشتنی دادگاکە. کەریم خان ڕایگەیاند، بەدوای حەوت مانگ لە دەخی فەلەستین و ئیسرائیل، بەڵگەی کافی لەبەردەستە کە حەماس و ئیسرائیل تاوانی دژی مرۆڤایەتییان ئەنجامداوە.
بەئاوەی ئەم داوایەی داواکاری گشتی بەیاری لەسەر بدرێت، دەبێت زیربەی ئەو وڵاتانەی ئەندامی دادگاکەن کە ١٢٤ ووڵاتن، ڕەزامەندی لەسەر بدەن. لەئێگەری قبوڵکردنی ئەم داوایەو دەرکردنی بەیاری دەستگیرکردن بە سەرانی حکومەتی ئیسرائیل، سەرکەوتنەکی گەورە بە پرسی فەلەستین و ناساندنی سەرانی حکومەتی ئیسرائیل وەکو تاوانبارانی جەنگ، تەمار دەکرێت، کە دەتوانە کەشەی فەلەستین هەرچی زیاتر نزیك بکاتەوە لە چارەسەر. هەر ئەوەی کە سێ دەوڵەتی ئەوروپایی(ئیسپانیا، ئیرلەندا و نەرویج) دان بە دەوڵەتی فەلەستیندا دەنێن و فەرەنسا ئاماژەیان کە دان نان بە دەوڵەتی فەلەستیندا قەدەغە نیە بەڵام هەشتا کاتی نەهاتوە، دەتوانە ئاماژەیەك بێت بە دروستیی ئەو ئەو لێکدانەویە. ئێگەریش ئەو بەیارە ڕەگری لێبکرێ، بەڵام تەنها ئەوەی کە بابەتی تاوانبارێوونی سەرانی پلە یەکی حکومەتی ئیسرائیلی دەستی هەڵبژاردەی ئەمریکاو ڕۆژاوا، چووتە سەر مێزی دادگای تاوانکانی نێودەوڵەتی کە لە بنەڕەتدا دەزگایەکە بەدەستی ئەمریکاو وڵاتانی بەرژوازی ڕۆژاواوە، دیسانەوە ئەوەش سەرکەوتنەکە بە مەسەلەی فەلەستین و هاوکات سەرکەوتنەکی بەڕەی ئازدیخوازی جیهانیە کە چەند مانگێ شەقامکانی ووڵاتانی ڕۆژاواو ئەمریکای کردەتە مەیدانی بەرگری لە خەڵکی فەلەستین و دژ بە کەمپەکوژی و جینەسایدی ئیسرائیل دژی خەڵکی فەلەستین.
هەبەتە ئەم داوایەی داواکاری گشتی دادگای تاوانکان تەنها ناتانیاهەو حکومەتەکەی تووڕە نەکردوە، بەڵکو سەرانی حکومەتی ئەمریکاشی تووڕە کردوە، بەیە واشنتۆن تاوتوێی سپاندنی سزا بەسەر دادگای نێودەوڵەتیدا دەکات بەهەی پشتیاری فەرمانی دەستگیرکردن

لەدژی بەرپرسانی ئیسرائیلی! ئەوەبوو ئەنتونی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە لەگەڵ یاسادانەرانی ئەمریکا گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە ئەگەری سەپاندنی سزا بەسەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا.

ئەم هەنگاوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەرهەمی ئەو فشارە جیهانییەیە کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، بەپسانەوە ماندووبوون، یەخەی دەوڵەتان و حکومەتە بەرژوایینەکانی گرت و دژی کۆمەڵکوژی ئیسرائیل و بە خواستی ئاگربەستی دەستبەجێ و بەرگری لە خەڵکی غەززە و پرسی فەلەستین هاتنە مەیدان. بەرهەمی دەنگی ناڕەزایەتی ئەو ملیۆنەها ئینسانە بوو کە تەنها مرۆڤایەتی و بەها مرۆییەکان دەیجوڵاندن، لە هەموو گۆشەیەکی زەوییەوە و بگرە لەناو خودی ئیسرائیلەوە، بەرگرییان لە خەڵکی فەلەستین دەکردو دژی شەڕ و کاولکاری و کۆمەڵکوژی ئیسرائلی لە غەززە لە شەقامەکان، زانکۆکان، کارگاو ناوەندکانی کار و لە بەندەرەکانەوە ڕۆژانە و هەفتانە بەدەنگ نەبوون، داوای ئاگربەستی دەستبەجێیان دەکردو بەرهەمی ئامادەنەبوونی کرێکارانی بەندەرەکانی ووڵاتانی ڕۆژاوا بوو بە بارکردنی چەک بۆ ئیسرائیل!

هەربۆیە ئەم هەنگاوەی داواکاری گشتی و ئەو ناڕەزایەتیە جیهانییەی کە ماوەی چەند مانگە بەردەوامو بەردەوام فراوانتر دەبێتەوە، جێگای ئومێدە بۆ گرتنەبەری هەنگاوی جدی ترو عەمەلی تر بۆ کۆتایهێنان بە کۆمەڵکوژیەک کە لە فەلەستین ئەنجامدرێت و پێداکردنی ڕێگاچارەی یەکجاری بۆ ڕێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەو هەموو کارەساتانەی کە لە فەلەستیندا ڕووددات و ڕزگارکردنی خەڵکی فەلەستین و ئیسرائیل لەم کوشتار و شەڕ و نائارامیەی کە بەهەی چارەسەر نەبوونی کێشەی فەلەستینەوە گیردەی بوون!

هۆشی فەلسەفە وەک بەش لە زانکە زۆرێک گفتوگۆدەنێتە پێشەوە. سەرەتای گفتوگۆکان ئەوەیە، کە سەرنجڕاکێشە لەم نوسینە کورتەدا ئاماژە بۆئەوەبکەین، کە گفتوگۆی فەلسەفە وەک بەش لە زانکە جیاوازە لە گفتوگۆی فەلسەفە وەک شوێنێک بۆ داهێنانی دانایی.
فەلسەفە وەک بەش پێویستی بەوەیە خۆی نوێبکاتەوە.
فەلسەفە ناشێت لەم سەردەمە، کە هەنگاو بەرەو زیرەکی دەستکرد دەنێت وەک هەزار ساڵ لەمەوبەر بوترێتەوە. ئەمەی وتراوە مانایەدێت، کە فەلسەفەوتنەوە لە زانکەکان پێویستی بەرفەرمکی

گۆڕێ. سەرەتای ئەو ڕەفەرمە لەوەوەدەستپێدەکات، کە شانبەشانی وتنەوەی مێژووی فەلسەفە گرنگ و پێویستە جارێک لە بەبیرکاریکردنی (mathematization) هەزر، لۆژیک و تۆپۆلۆژیا(لاهوت، یەزدانناسی)، ئەنتۆلۆژیا (بوونناسی) و تێۆریزانین(ئەپستەمۆلۆژیا) بوترێتەوە. بە ئەو مەبەستە و لەم حاڵەتەدا زانکە پێویستی بە مامەستای فەلسەفەی هزرکراوە و زمانزان و خاوەن ئاگامەندی هاوچەرخە. بەئەوە زانکە فەلسەفشی تیابێت شتێکی ئەوتە ناگۆڕێت.
شایانی وتنە، لەمووەوە بابەتێکی کرێکداری تر هەیە، کە تایبەتە بە فەلسەفە وەک بەش لە زانکە، ئەوەش پەیوەندی بە خودی خوێندکاری فەلسەفەوە هەیە. بەشکانی فەلسەفە ووە لە وشکبوونەکەن و لەم ڕووەشەوە هەزرە و سەرکێترین هەشڵەنگە ئەوە بێت، کە خوێندکاری بەشی فەلسەفە وەڵامی ئەو پرسیارەی دەستناکەوێت، کە دەپرسێت، دوای تەواوکردنی ئەم بەشە کارم دەستدەکەوێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارە و هەکاری کار دەستنەکەوتنی خوێندکاری بەشی فەلسەفە پەیوەندی بە زەر لایەنەوە هەیە، لەوانە: بەشی فەلسەفە هەروەک پێشتر ئاماژەمانپێکرد پێویستی بە ڕەفەرمە. ڕەفەرمەکان هەر لە گرینی هزر و توانا و لێهاتووی مامەستاکانەوە دەستپێدەکات تادەگاتە گۆڕینی مێتەدی وانە وتنەوە و کەرەسە بوک و خودی وانەکان و ناوەرۆک و ئامانجییان.چونکە ئەو پەرشیە لەناو مامەستاکانی فەلسەفەدا بوونی نییە، کە بەسەردەمیکردنی بەشەکە بەقازانجی گشت زانکە دەگۆڕێتەوە.

زانکەی بە فەلسەفە

ێاستە بە باکیمان بەرامبەر بە فەلسەفە ڕەگ و ڕیشەی خێی هەیە، لە بە شکڵیی فەلسەفشی لە ئێستادا لە نەوەندی ئەکادەمیمان هەلومەرجی تری هەیە. لە زانکەی بە فەلسەفەدا پرسیار درەنگ دروستدەبێت. کە دروستیش دەبێت سادە و فرەهەند نییە. هەر لەوەدا شەوازی قسەکردن و ڕوونکردنەوە زەدەڕیتیادەکرێت و ناپسپەر لە فەلسەفە وانەی فەلسەفە دەڕێتەوە. هەروەها پشتکردنی کەلەجەکان لە فەلسەفە وتنەوە بە چەوسانەوەی فەلسەفە کۆتای دێت. فەلسەفە بەخێی دژی چەوسانەوەیە، کەچی لە زانکەی بە فەلسەفە دا دەچەوسێنرێتەوە.
وەڵای ئەوە، لە زانکەی بە فەلسەفەدا، فەلسەفشی تیابێت هەر بە فەلسەفەیە. لەم حاڵەتەدا هەگەری بروانامە لە فەلسەفە وادەردەکەوێت، کە هەگەری بروانامەیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان(مرۆیەکان). بە ئەوەی هەگەری بروانامەی فەلسەفە شارەزای فەلسەفە بێت پێویستی بەوەیە جارێکیتر فەلسەفە بخوێنێتەوە. چونکە فەلسەفەی لەبەردەست ئەواندا خوێندووە، کە

قوناغێکی فەلسەفییان نییە. ئەمش بەشێکە لەو غەدرەی زانکۆکانی هەرێم لە فەلسەفەی دەکەن، ئەوەی فەلسەفە دەخەنە بەردەست کەسانی ناپسپۆر لە فەلسەفە!

بارکردنی فەلسەفە لە زانکۆ بارکردنی عەقڵە، کە ئەوەش بە بارکردنی بیرکردنەوە کۆتای دێت. هەر لەبەر ئەوە، دژایەتیکردنی فەلسەفە لە زانکۆ دژایەتیکردنی عەقڵ و هاوکات ڕاستیشە. زانکۆ و فەلسەفە پێکەوە دەخی ڕاستی دەپارێزن. فەربوونی ڕاستیش لە زانکۆ شانبەشانی زانین بە بوونی فەلسەفە بە مانا دەبەخشێت. بەڵێ ترسی زانکۆ لە فەلسەفە ترسی لەو عەقڵەی فەلسەفە دەیهێنێتە ناو زانکۆوە.

زانکۆ بێ فەلسەفەوە

فەلسەفە وەک دانایی بابەتێکی گەورەتر لە بابەتی فەلسەفە وەک بەش لە زانکۆ. ئەوەی هەیبەتی فەلسەفە لە زانکۆ دروستدەکات ئەو دانایییەیە، کە لە کرێکی فەلسەفەدا پێنهانە. بەدانایبوونی فەلسەفە وادەکات زانکۆ نەکارێت پشت لە فەلسەفە بکات. کەوابێت، شکڵی زانکۆ بە بوونی فەلسەفەوە لەناو زانکۆ گرێدراوە. ئەم شکڵە بەو مانایە نایەت کە بەشی فەلسەفە لە زانکۆ بوونی هەبوو، ئەوە مانای ئەوەیە زانکۆ شکڵدارێ و زانینی زانکۆییش شکڵی پارێزراوە. نەخێر بەوجۆرە نییە، بەڵکو شکڵکە بە بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیی، بە بەاوکردنەوەی ئەم بیرە لە گشت بەشە جیاکانی کەڵەجۆ زانستی و مرۆییەکانەوە گرێدراوە.

بەم شێوەیە بێت، فەلسەفە کە دێتە ناو زانکۆوە ئەمە والە مامۆستا و خوێندکار دەکات ریال(واقیعی)تر بن و زانکۆش دەبێتە دالدەی نەشونمای پرسیار و بیرکردنەوەی ئازاد، ویست بە ماف، کە ئەمانەش دروستدەبن، ئەوکات فەلسەفە لەناو زانکۆ خێی پێویستتر دەردەخات و زاڵیشدەبێت بەسەر وێنەدا. لەڕەوە زانکۆ بەهەی فەلسەفەوە بیر دەکاتەوە لە بوون و ستاتۆسی(کیان) خێی و خودی خێشی باشتر دەبینێت. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی، کاتێک فەلسەفە لە زانکۆدا ئامادەیە ژیرمەندیی لەڕگای ئەو پێوەندییە بێتینەوە دێتئاراوە، کە لێنەوان پرسیار و وەڵام دا هەیە.

بەپێی ئەوەی زانکۆ شوێنی خستنەگەڕی عەقڵە، هەر ئەو شوێنەش ونەکی زانین بەاودەکاتەوە. لەبەرئەوە فەلسەفە لەناو زانکۆدا بەواریکە بە هەشتنەوەی عەقڵ و نەهەشتنەوەی سینەوەی بیرکردنەوە. کەواتە، فەلسەفە ئارەزوو نییە پێویستییە. بەمجۆرە سەرەتا نابێت فەلسەفە ئارەزوو بێت، کە مرۆڤ لە بوونی فەلسەفە گەیشت ئەوکات لای دەبێت بە ئارەزوو، بگرە ویستیش. راستە فەلسەفە ئارەزوویەکی شاراوەیە لە هەموماندا، بەڵام ئەم ئارەزووە کەتواری

خۆی هەیە و کاتی سەرهەڵدان و کارابوونیشی جیاوازە.
بۆچی ڕۆلان بارت بڕێت بە کافکا نوسین ڕۆگایەک بوو بۆ دەربازبوون لە نیگەرانیی، زانکۆش دەبێت بەو جۆرە بروانێتە فەلسەفە. فەلسەفە وا لە زانکۆ دەکات خۆی دەربازکات لە نیگارنیگانەکان، کە هەردەم بەرەکیی زانینیی ئەکادیمیدەگرن. ڕزگاربوون لە نیگەرانییش دەمانخاتەبەردەم پرسی چۆنیەتی ڕزگاربوون لە نیگەرانیی.

چیبکرێت تا فەلسەفە لە زانکۆ هەڵنەبکرێت؟

زۆرێک ناخوازن فەلسەفە توخنی زانکۆ بکەوێت، چونکۆ پێیانوایە فەلسەفە بێئیمانی، بێباوەڕی، بێاودەکاتەوە. بەیە ئەو کەسەی لە نەوەندی ئەکادیمیدا فەلسەفەدەکات وەک دژە ئایین و یەزدان تەماشادەکرێت. بەڵام ئایا وایە؟ ئێبەتە نەخێر.چونکۆ فەلسەفە لە زانکۆ بۆتەوە هەیە، کە لە خودی خۆمانمان نزیکبکاتەوە و خۆشمانزیکبکاتەوە لە ژیان و ئەو ژینگەیەی ڕۆژانە دەیژیین.
سەرباری ئەوە، دورکەوتنەوەی خوێندکاران لە زانکۆ لە فەلسەفە پەیوەندی بە خودی ناواخنی فەلسەفەوە هەیە. فەلسەفە خۆی وایە، سادەیەکی بازاڕی نییە. هەرلەبەرئەوە زۆرێک لە خوێندکارانی زانکۆکان ڕقییان لە فەلسەفەیە و تاپۆشیانبکرێت خۆیان لە فەلسەفە بدوورەگرن. بۆشرمانە زۆرجار داوادەکەن بە زمانێکی سادە، زۆر سادە، ئەوە باسکرێت، کە بابەتێکی هزرییە. هەر ئەوانە گوێیان لە چەمکی فەلسەفە دەبێت ترس و نیگەرانییەک ڕوخساریان دادەپۆشێت و پرسیاری ئەوە لەو ڕوخسارە پۆشکاویان دەبینرێت، کە تێناگەم. تێناگەم لە فەلسەفە ئەو گوزارە باوەیە خوێندکاری زانکۆ خەیپە لە فەلسەفەربوون دەربازدەکات. بە ئەو خوێندکارە شتێک نییە ناوی گفتووگۆیان دانوستاندنی فەلسەفەیی بێت. ئەو لە ژینگەیەکەوە هاتوە نافەلسەفیی بووە، لەوەڕبووە لە بیرنەکردنەوە، لە کتێب نەخوێندنەوە، لە بیرکردنەوەی بڕش و سەرپێیی ناقوە و ڕووکەش. بەیە ئەو خوێندکارە سەرسام نییە بە هیچ شتێک بلکۆ بە ژیرەندیی و ئەندێشەگرایەوە. ئەم بۆچوونەک لەتەک فەلسەفەدا ناسازگارە ئاسان نییە لەو ماوە کورتەی زانکۆدا بکرێت بیری بۆچوونکی تر بچنرێت و وایلێکرێت ڕچەشکێنرانە بیربکاتەوە. هەڵە و ژینگەی زانکۆ و ئەو جۆرە مامۆستایانەی لە ئێستادا بەردەستن، ئەو جۆرە خوێندکارانە لە هەناوی بیرنەکردنەوەدا قەتیسدەکەن. ئەمەش گیردەخوێقێنن بە ئەوانەی بخوازن فەربوونێکی تر لەناو خوێندکاراندا بچێنن.
بەداخەوە، ئەم جۆرە خوێندکارانە ئەو نەوەیەن وەسوەس و بەزارن لە بیرکردنەوەی قوە و فراوان. ئەگەر سوور بشزانن فەلسەفە ئەویان

فەردەکات پشتر فەرینەبوونە هەر هەوەستەکی باشیان نابێت لەوبارەوە. گشت ئەمانەش بەرەنجامی ئەو ژینگە پێنادادیی و بە مافییەیە، کە خەیان و خەزانەکانیان سانا نکە تیایدژین. بەڵێ ئەو ژینگەیە رق لە فەلسەفەی تیا سەوزکردوون و کردوشنی بە دوژمنی کتێبخوێندنەوە.

سەرئەنجام

لەردا مشتەک شرۆڤەی کورتمان خستەووو سەبارەت بە هزرەژاری زانکە، کاتێک بە فەلسەفە دەبێت، لەمە قسەمان تەنها لە بوون و نەبوونی بڕشی فەلسەفە نەبوو لەناو حەرامی زانکە، قسە سەرکیەکەمان لە بوونی بیرکردنەوەی فەلسەفیی بوو لەناو مامەستا و خوێندکاران، لەناو سەرتاپای کەلەجەکان، لە گشت قوژبنێکی نەوەندی ئەکادەمیماندا. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی، کە کەمدراماتی زانکە دەکرێت بەو هەژاریە هزریە فەلسەفیە پەوانبکرێت لە زانکەدا بووونی هەیە. جگە نیگەرانییەش، دەرفەت لەبەردەم بیرکردنەوەی فەلسەفیی لە زانکەدا ناکرێتەوە، وانەکان و فەربوونەکان هەڵگری توخمی زانینیی نوێ و نادووبارەنابن. هەنگڕشی فەلسەفە، کە سەربەخۆی بدرێتێ و هەست بە ئازادی بکات، بکارێت خوێندن لەو بڕشە والەکات بە ویستی خوێندکار بێت و دواتر پسپۆر لە لقەجیاجیاکانی فەلسەفەش دروستکات و زەمینەش بە دروستکردنی پسپۆر لە هزری هەژئاوا بەخسێنێت. بەڵام پێش هەموو ئەوانە پسپۆڕ لە فەلسەفە پێویستی بەوەیە خۆی لە قاتوقەیی هزریی دەربازکات و ئاسۆی هزریی بەرین و فراوانکات.
شارستانیی کۆن و نوێ لە جەری فەلسەفەی بەخێوەی نەدیوە. پگەی ئەم جەرەش، واتە فەلسەفە، کە مرۆڤایەتیی دەزیوێتیەوە، بە گووجەکان لاوازنابێت. گووجەکان، کە ئاشنانیین بە فەلسەفە نازانن فەلسەفە لەوانلەوە لە ئاوەز، کە ئەوەش دژە جەمسەری ئەوانە. گووجەکان، کە شادن بە نەمانی فەلسەفە، لەوە بێئاگان نەمانی فەلسەفە بە نەمانی پرسیارەوە گرێدراوە. پرسیاریش هەیە تا مرۆڤ هەبێت. گووجەکان، کە فریوخواردوون، لە زیادبوونداین. گووجەکان دەکرێت مرۆڤکانی ناو و بەردەستی دەسەڵات بن، دەیشکرێت دوژمنانی فەلسەفە ئەوانە بن، کە بەسەقەت فەلسەفە دەکەن. گووجەکان ئەوانەن، کە ڕقیان لە فەلسەفەیە، ئەوانەی فەلسەفە تاوانبارەکەن بە ناووونیی لە بیرکردنەوە. ئەوانەیش، کە بەهەی خراپحالیبوونیان لە فەلسەفە جگە بە فەلسەفە لەژدەکەن و پرسگەلی فەلسەفیی ناوروژنن، کە دەرد و کێشەکانمان تیماربکەن. کەوابێت، بە دەبێت فەلسەفە

هەبێت، کە گیرەدەبوونەکانمان نەخاتە ژێرپرسیارەوە!

ئازاد حەمە

مانای سێیەمی فیگوری مرۆڤ و سێگ.. نیهاد جامی

ئەمە لە کوێی ژیاندایە؟ پرسیارێک پەیوەست نیە بە ئێستامانەوە، هەندێی پرسێکی بونگەرایی ئەمەیە کە دەکەوینە کوێی مێژووی مرۆڤەوە؟ هەر بەڵاست ئەمە لەسەردەمێکدا کە کولتوری شاشە ژیانی زەوتکردوین، پەیوستە لەگەڵ هەوداوەکانی رۆژدا قسەمان لەهەموو شتێک هەبێت؟ کەی ئەو پرسیارانە دەرگا کردنەوە نیە بە قسەکردن، هەندێی نائومێدبونی مرۆڤ لەم رۆژگارەدا، رووبەڕێک نامەنەت بە پسپۆری، بەیانوی هەڵوەستەوە قسە لەتەواوی کایە جیاوازەکانی ژیان دەکەین، لەناگەڵەین پسپۆڕانی بوارەکە قسەمان بۆ بکەن.
لەڕەدا ئەمە لەنێوان مرۆڤ و کولتوردا، بەشایەکمان هەیە لەو پەیوەندیەدا، ئەویش ناسینە، ناسین وەک مانای زانستی مرۆیی دێت، لەو ساتەدا دەپرسین کاری هونەری دەکەوێتە کوێی زانست؟
بوونی هونەر بۆ ئەو ناپەرسیاریەتیەی مرۆڤ تا بەدەردی گەمژەیی قسەکردنی زێرینە نەمرین، هەندێکجار قسەکردنی زێرینە وەک ژەهرێکە دەرخواردمان دەدرێت، ئەمە بەهەی ئەو قسەکردنانەوە بونمان لەبەردەم ژەهراوی بوندایە، بەڵام هونەر دێت خەرا فریامان دەکەوێت، لەم رۆژگارەدا کەوا مرۆڤی ئەمە قسە لەروداوگەلێکی کەن دەکات، ئەو مرۆڤە خەی وەک هەمیشە دابەش دەکاتە سەر دوو بەرەی دژ بەیەک، ئەوەی بۆ ئەمە دەمەنێتەوە قسەکردن نیە وەک ئەوان، هەندێی بەدەنگیەکە کە ئاخە ئەم ژەهرە دەمانکوژێت یان تەنیا کوێرمان دەکات؟لەبەردەم ئەم پرسیارەدا هونەر دێت تا رۆزگارمان بکات لە مەرگ و کوێریی، حەقیقەتێی مرۆڤ لەقسەکردنەوە دەباتە ناو گومانکردن، بە من ئەو حەقیقەتە لەتابلۆکانی هونەرمەند پشەوا مەحمود بینیم، کەمێک فیگورێکی مرۆڤ لەدەخێکی ئاوێتەیی نەوان مرۆڤ و سێگدا رووبەروی هاودژبونەوەی تێگەیشتنمان دەکاتەوە بەوەی ئەو لەژیکە کە بوو بە زانیاری بەرایی لە ئێستادا، بەوەی سەرەتا

مرۆڤ وەک گیاندار دەرکەوت و هەندێک سات ئارەزوییکی زۆر دەمانبات بۆ لای تیۆرەکەی داروین بۆ مرۆڤی سەرەتایی، تا ئاستی چوونەوە ناو مرۆڤناسی، بەڵام ئێدی ئەو زانینە هیچ کۆمەکێکمان ناکات بۆ ئەستا، دەشێت ئەوە زانستێک بێت مرۆڤکانی تێڕای کۆمەڵایەتی لێشوونی شوێنەوارناسان و مرۆڤناسان قسەی لەبارەوە بکەن، سەرەنجام رووانینەکان هەمووشیان شتێک بۆ زانینمان نابەخشن، کەچی پێشوا دێت مرۆڤی هاوچەرخ ئەو مرۆڤەی باس لەوە ناکات کە سەرەتا ئەو لێشووی گیاندار بوو، هەندەی فیگوری ئەو مرۆڤ لەئەستادا ئەو حەقیقەتەیە کە بوونی ئەو لێنەوان مرۆڤ و گیاندارەکە دەگەڕێتە سەر سەگ، لەڕادا سەگ بە کۆمەڵێ دەلالەتکەوە بە دینیەکانی لای خەمان شوێنی سەگ سەر شەقامە، شوان بە مرۆڤ دەوترێت، کەچی بە مرۆڤی خەرئاوایی باشترین دەستە و لەماڵەوە ئێندامێکی هەرە ئازیزی خێزانە، ئەو دوالیزمە ڕەنگە بە مرۆڤی کوردی وەک فیگورێکی بەبەها سەیری بکرێت، بەئاگا لەوەی بوونی ڕاستەقینەی خۆیەتی لەقسەکردنێکی هەمیشەیی، بەڵام هونەرمەندەکەمان لەگشتێکی هونەری کە ئێدی ئەو لەناو کولتووری خەرئاوا نیگاردەکێشێت، سەگ بە ئەو ئەو مانا کوردیە نابەخشێت، بەڵکو ئەوەی دەخی لابردنی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیاندارە لە فیگورەکدا، ئەمە لەبەردەم ئەو دوو مانایە بە فیگور ئومێدێک بە خەمان لەبینین نادەزینەوە، بۆیە نائومێدیەکانمان بەرەو مانای سێیەمی کاری هونەریمان دەبەن، ئەو مانایە بە کۆمان دەگەیەنێت؟ پرسیارەکەی ئەمە لەڕووە دەست پێ دەکات تاوەکو گومان لەکەی ڕوانینەکانی پێشوومان بکەین.
لەڕادا بە مانای سێیەم پشت بە ڕەلان بارت دەبەستین، کە کەی ئەوەی خستمانە ڕوو لەهەمان کاتدا بەو مانایە گومانی لێ دەکەین، هەکارەکەی مەعریفە نیە هەر وەک زانیاری مرۆڤکانی تێڕای کۆمەڵایەتیە کە بارت بە ئاستی هەواڵ ناوی دەبات، ئەمە کارمان بەو ئاستە هەواڵیەی فیگور نیە، وەک چۆن وەستان لەئاستی ڕەمزی فیگور بەس نیە، ئەو دەمەی ئاستی ڕەمزی فیگور شوناسی مرۆڤی هاوچەرخمان لە ڕووخساری سەگ نیشان دەدات، ئاخۆ ئەو دەلالەتەی بە وەرگر دەبەخشێت لەدەرەوەی بەزەیی و سەز وەناکردنە بە شوناسی داهاتووی ئەو مرۆڤ؟
ئایا ئەوە زمانە ئێدی توانای تێگەیشتنی لەدەستداوە و لەڕێگەی هەستکانەوە دەتوانین کە دەنگێکی بەدەنگی بە زمانی بینین و ئاماژە دروست بکەین؟ ئەوە دەشێت پرسیار بێت، بەڵام هەرگیز دەستەواژەیەکی پێشنیارکراومان نیە بە تێگەیشتن لەداهاتووی ئەو مرۆڤ.
ئەو مرۆڤە لەهەر پەرتەکدا سەر بە کولتور و ڕەگەزێک، فیگوری

ژنەکە دابەش بوونە سەر مرۆڤ و سەگ، ئەو دابەش بوونە ناگەڕێت، ئەوەی دەگەڕێت گەڕانەوە نەژاد و کولتورە، دەبێت بە پیاو بە گەش پێست بە مرۆڤکەی عەرەبی بە هاوەڵگەزبازەک لەنگی قژیاو وەک ئاماژەیەکی زیرەکانەی هونەرمەند خستوبێتیە ڕوو، سەرانیەک، پیرەکی نەخۆش بەدەم ناینی ئازارەوە، بەنام لەکەی کردەی بینین پەرتەتی ئەو مرۆڤە لە تاکەکەوە یەکدەگرن، لە کە پەرتەتدا فیگوری ئەمەی مرۆڤی هاوچەرخ پێکدەنن، بە لابردنی تەواوی ئەو جیاوازیە کولتوریی و نەژادیە، ئەوە ئەمەیەک چەندە ئابردوومان هەگری شوناسەک بوو، سەرەنجام یەک سیستمی ئەخلاقی هەمومان کە دەکاتەوە، جیاوازی نەژادی و ڕەگەزی و کولتوریی هیچ مانایەکی بە نامێنتەوە.
ئەگەر مانای ڕوون لەناو مانای سەیەم بەپێی چەمکە بارتیەکە بخوێنینەوە، بەو پێیەی بارت دەنووسێت «ئەوە بەشەکە لە مانای ڕوون، وە مانای ڕوون شەشە» دەبێت بەیەن شەشی تەکنەلۆژی کە مرۆڤی هاوچەرخی کردە بەرهەمی کولتوری شاش، فیگوری ئەو مرۆڤە ئیدی لەبەردەم بینین و وێنەدایە، هەستی مرۆیی شتەک نیە هەندەی پەویستی بینینە، نیگای سەگ کە هەمیشە نیگایەکی خەمبار و هاوهەمەنگیە لەگەڵ بینین، لێرەدا حەقیقەتی مانای سەیەم لەو ئاوێتە بونەی مرۆڤ و سەگ دەردەکەوێت لەبینینی تەواوی زانیاری و ڕووداوەکانی شاشەدا، کە لەساتی بینین ئەو مرۆڤە سەگئاسا خەمبار دەبێت و هاوسۆزی نیشان دەدات، هاوسۆزیەک دیسان لەڕەگەی پەیوەندی شاشوەیە.
مانای سەختی وەک یەکێک لە ماناکانی سەیەم لێرەدا چیە؟ پاککردنەوەی ڕووخسارە لە سەگ و بینینەوەی وەک مرۆڤی هەر تابلۆیەک؟ ئایا ئەوە مانا سەختەکەیە یاخود ڕووپۆشکردنی سەگ بەسەر تەواوی فیگور تا ئەمە سەگ ببینین نەک مرۆڤ؟ ئەستە لەو ساتەدا مانای سەخت ئەمە دەخاتە بەردەم دوو گریمانە، بەنام ئاخە ئیشکردنەوە لەسەر یەکێک لەو دوو گریمانەیە بە خەی کردەیەکی پووچگەرا نیە بەوەی بمانەوێت ئەو دوو فیگورە لە فیگورەکەدا لەیەکتر جیا بکەینەوە؟ لە مانای سەختیدا بە من پرسیارە ئاستەقینەکە ئەوەیە.
کەواتە ئەمە لەمانا سەختەکەدا بەرەو کوە دەبین مادام نامانەوێت لەسەر ئەو دوو پرسیارە ئیش بکەین؟ ئەمە کاتێک یەک لەو دوو ڕوخسارە «سەگ و مرۆڤ» لەیەکتر جیا ناکەینەوە، دەزانین کردەی زانینیش هەر کاتێک زانیمان پەویستمان بە گیان نیە، ئەمە لە نەزانراو دەگەڕین تا بگەین بە زانین، بەیە قسەکردن لە ڕوخساری سەگ یان مرۆڤ دوو ڕووخساری زانراون، ئەوەی نەزانراوە نهێنی ئەو دەمامکەیە لەپشت سەگەوە هونەرمەندەکەمان خستوبێتیە سەر مرۆڤ؟

لەردا ئەم قسە لەهیچ لەو دوانە ناکەین هەندەی دەمانەوێت لەنهەنی ئەو دەمامکە تێبگەین وەک ئەوەی ئیدی مرۆڤ وسەگ پێکەوە یەک فیگور پێک بهێنن، ئەو فیگورە پێیوەندی زەمانی مرۆڤی سەرتایی تا دەگات بە مرۆڤی ئەمڕۆ کە چەن ناتوانێت بەبێ گیاندار هەبکات، لەهەمان کاتدا پێیوەندی هاوبەشیان وایکردووە هەر یەکەکیان ئەویتر تەواو بکات، ئەو لەژیکە لەگەڵاندا بەرەو ئەو ئاستەمان دەبات کە ئیدی چەن دەکرێت ئەمە لەیەکتریان هەلبوەشێنینەوە، هەوەشاندنەوەی فیگور دەبێت لەسەر بنەمای گەڕانەوە بێت بە سروشت ساتە تەنیا ڕەنگ بوونی هەیە و هەشتا مرۆڤ و گیاندار نەهاتونەتە ناوێوە.
ئەگەر بارت لە وتارەکەیدا بگەڕێتەوە بۆ جارێک لە ئارەزوی نواندنی بڕختیانە «شانەکاری ئەمانی بۆتەد بڕخت» ئەوا لای پەشەوا مەحمود فیگورەکە نواندن ناکات، هەندەی نونەرایەتی فیگوری منە، من وەک ئاماژەیەکی مرۆڤی هاوچەرخ.
هەست و ئارەزووکان هیچ گەڕانکاریەکیان بەسەر نایەت، ئەوەی دەگەڕێت فەمی بینینە، دەنا ویستی مرۆڤ و گیاندار کردەیەکی بایەلۆژی هاوشێوەی یەکتریە، ئەو فیگورە لەوەنەیەکی ئاوێتەیی دا ئەو دوانەی کردەتەوە یەکتر، یا گەر بە زمانی بارت قسە بکەین دەمامکی سەگ لەسەر مرۆڤ بۆتە هەکاری نواندنەکی بڕختیانە کە نونەرایەتی یەکتری دەکەن، چونکە سەر بە یەک نەژاد و زیندەگین، هەر نا لە کاری هونەری هونەرمەندەکەماندا.

١٩/٥/٢٠٢٤
نەخشانەی لا تیمەن

کام یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا ؟!.. سەدیق سەعید ەواندزی

سەرنجێك لە بارەی پرۆژەکەی پەیمانگای پەرە پێدانی ئەمنی وکارگێڕی لە هەنبەر پرسی یەکسانیدا

لەگەڵ گواستنەوەی کەمەگەی مرۆڤایەتی، لە قۆناغی کەمانەی

سەرتاییەوە، بە کۆیلایەتی و دواتر دەربەگایەتی و پاشانیش سەرمایەداری، وەك دوا فۆرمی پەرەسەندنی ژیاریی و کۆمەڵایەتی و سیستەمکی سیاسی و کارگێڕی کە ئێستا لە جیهاندا باڵادەستە، مرۆڤایەتی گەلەك پشکۆتنی شارستانی بە خۆوە بینیوە. مرۆڤ سەرتایەکان، لە ئشکۆتکان دژیان و پشتیان بە ئاوکردن بە درژدان بە ژیانییان دەبەست، بگۆڕای دارکان و پستی ئاژەل، خۆیان لە سەرما دەپاراست، پاشان ئاگریان دزیەوە، لگۆڕ دزینەوەی ئاگر، لە ئشکۆتکان هاتنە دشت و قڕاغ ئووبارکان و ئەو هۆمرجە سەرتاییە نوێیە، ناچاریکردن شونك بە مانەوەی خۆیان لە ئووداوە سرووشتیەکان و خۆپارێزیان دروست بکەن و دواتریش دەستیان کرد بە زەوی داچاندن و گوندی چڕمووی ناوچەی چەمچەماڵی هەرێمی کوردستان، یەکەم گوندی دیرکی و شونەواریە، کە مرۆڤایەتی بە یەکەم جار کشتوکاڵی تیادا کردووە. هەموو ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و مرۆیانە، هۆمرجکی تازیان لگۆڕ خۆیان هەناوتە ئاراوەو دینامیکییانە ژیان گۆڕاوە لە قۆناغکی سەرتاییەوە، بە قۆناغکی ئاڵۆزی وەك ئێستا. مرۆڤ سەرتایەکان، دوای ئەوەی لە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ، بە یەکەوە دەستیان کرد بە ژیانکردن و کارکردن، فۆرمکی کۆمەڵایەتییانەی تازە بە ناوی خێزان، هەروەها گوندی گەورەترو شارچکە هاتنە ئاراوە. بەمش مرۆڤایەتی لە قۆناغی سەرتاییانەی بەیەکەوە بوونەوە پڕت و باوبوونەوە و هەریەکەیان، شوناسکی جیاوازتری لەوان وەرگرت. نەتەوە و گەلانی جیاواز بە درژایی مێژوویی مرۆڤایەتی دەرکەوتن و ئەو گشکردنە گۆڕانکاریی و سرووشتییە، هەم پداویستی زەرتری هەنا ئاراوە، هەمیش فۆرمکی دیکەی جیاوازی لە ژیانی ئاسایی نەو گوند و شارە سەرتاییەکان هەنا ئاراوە، کە ئەویش شارە بە مانا مۆدێرنەکەی. شار، بە کۆمەڵك تایبەتمەندی جوگرافی، ئەتنیکی، کولتووری، پیشەسازیی و بازرگانی دیناسرێتەوە، کە هاوگری جۆرە هارمۆنیایکی کۆمەڵییە و هەموو پکهاتەکان لە شاردا بە جیاوازی گۆڕانکاریی و ناسنامەیان یەکدگرنەوە، بە پیچەوانەی گوندکە پارێزگاری لەو مۆرکە خۆکیە گوندییەی خۆیان دەکەن. لە شاردا، جۆرە ونبوونکی ناسنامەیی هەیە، کە ئەوی جیاواز و تاك لە نەو کەی شاردا دەتوێتەوە دابڕتە بشەك لە کەی ناسنامەی گشتی ئەم گۆڕانکارییە هەر تەنها شەقام و باخانە و سیمای ژیاریی و سەرخانی شار ناگرێتەوە، بەکو لە ئاستی پکهاتەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کرانەوەی هزریشدا دگرێتەوە. بە جۆرەك کە جیاوازی نەگەزی، ئازادییەکانی ژن، ئازادییە کەسی و گشتییەکان، گشەی زەریان بە خۆوە دیوە. بگومان ئەو پشکۆتنانە، دەرئنجامی گشەی

ژیاری و شارستانی کۆمەڵگەن و بەشکن لە پشکۆوتنەکانی جیهان و لەگەڵ هەر جۆرە پشکۆوتنێك، ئیدی شوناسی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پرسی ماف و ئازادییەکانیش پشدەکەون و گەڵانیان بەسەر دادەت، وەلێ پرسکی مرۆیی گەورە، کە دەکرێ وەرای ئەو هەموو پشکۆوتنانەی کە مرۆڤایەتی تا ئێستا بە خۆیەوە بینیویەتی، هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست گەڵانکاری تێدا بکرێت، پرسی جیاوازی نێوان هەر دوو ڕەگەزە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا. گەرچی ژنان، ماف و دەسکەوتی گەورەی زەریان، هاوتەریب لەگەڵ پشکۆوتنەکانی ژیان وەدەست هێناوە، وەلێ هێشتا لە هەزاران شوێن و جێگە و سووچی ئەم دنیایە، ژنان هاوتای پیاوان نین. سەرمایەداری، کە وەك دوا مەدی کۆمەڵایەتییانەی ژیان، لافی ئەوەی لێ دەدات، کە دوای کۆمۆنیزم، ئیدی ژیان دەکاتە بە هەشت، قەیرانەکانی ئەوەندی دیکە قووڵکردنەوە، بە جۆرێك لەو سیستەمەشدا، هێشتا ژنان مافخوراو یەکسان نین لەگەڵ پیاوان. بە نموونە تا ئێستاش لە مەزووی درێژی ئەمریکادا، بەو هەموو دیموکراسییەت و لیبرالییەت و کرانەوەیە، ژنێك نەبەتە سەرۆکی. هەتا ئەم ساڵانەی دوایی لە وڵاتانی کەنداو، ژنان ماقی شۆفێری کردنیان نەبوو، بەگومان ئەگەر لەم وڵاتانە ژنان بەوشەویە بەبەش بکرێن لە مافەکانیان، دەبێ لە کۆمەڵگەی ئەمەدا چۆن بن؟ پرسی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا لە کۆمەڵگەی ئەمە، پرسکی کۆمەڵایەتی، خەزانی و کولتووریی و پەروەردەیە. کێشەکە، ڕەگەکی درێژی مەزوویی هەیە و بووە بە نەم و تەگەیشتنەکی میللییانە کە هەرگیز پیاو و ژن هاوتای یەکتری نین و نابن. بەو پێیەی لەلایەکەوە شەریعەتی ئیسلام وا دەڵێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕەهەندی جەستەیی و فسیۆلۆژی ژن، دەکرێتە پاساوێك بۆ ئەو لێك جیاکردنەوە و پلە بەندییە کۆمەڵایەتییە بەو مانایەی ژن سووی مانگانەی هەیە، منداڵی دەبێت، ڕەمانسیتر و بەسۆزترن، لەوەی ئەقلانیتر بن. ئەمە وەرای ئەوەی کە گەورەترین مەترسی لە سەر ئەو بەیەکسانکردنە هەیە، کە ئەویش مەسەلەی بەستنەوەی شەڕفە بە ژن و لە ژنیش بە عەورەتی و لە عەورەتیشی بە دەپە خوێنەك. بەیە بەردەوام بە شێوەیکی ڕەها، لە جیهانبینی پیاودا، ئەو سنوورە دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی هەردووکیان لە یەکتری. لە ڕاستیدا، پرسی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا، بە تەنها کاری ڕەکخراوەکی فەمینیزمی، ژنە چاڵاکوانەك، دامودەزگای بەرەنگاربوونەوەی تووندووتیژی دژی خەزان و ئافرەت نییە، ئەو پرسە پێوەندی بە بیرکردنەوە و ئەقڵیەتی کۆمەڵگە بە گشتی هەیە، بەیە دەبێت کاربکرێت لە سەر هەڵگەڕانەوەی ئەو تەوانینە. من سەیرم پێ دێت، وەختە دەبینم ژنەك قەڵغانی مرۆیی و دەیان خەڵاتی ڕەز لەنان لە

پێنا و کارکردنی لە سەر پرسی یەکسانی پێ دەدرێت! مەگەر ئەو پرسە بە تەنها هی یەك کەسە؟ لە دوای هاپێینەوە، گەرچی کرانەوە و پشکەوتنێك لەم ڕووە هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هێشتا وەك پێویست نییە و دەزگاو دەکخراوکانی ئەو بوارە و بگرە حکومەت و فەمینیستکانیش، بە ئاگایی و خۆپارێزیەوە کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن، چونکە دەزانن دەرئەنجامەکەی چی دەبێت؟ پرسی یەکسانی پێیوەندی بە سیاسەتی یەکسانی، بزاڤی دەکخراوەیی، هەوڵی فەمینستانە بە تەنها نییە، بەڵکو پرسێکی گشتییە و پێویستە بە ئەقڵی گشتی کۆمەڵگە و تاکەکانەوە دەبە لەوەدا هوشیار ببنەوە، کە یەکسانی چییە و چەند بڕوایان پێیەتی، نەك لە ڕێگەی پەیام و گوتارێکی کورت مەودا، ئەو پرس و بابەتە بکرێتە گەنگەشەی کۆمەڵایەتی و دوانریش شوێنی خۆی نەگرێت. (سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئاقرەت و پیاودا)، ناونیشانی بەاوکراوەیەکی (پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگەی و تەکنەلۆژیای زانیاریی) سەر بەوەزارەتی ناوخۆیە و تیایدا لە بارەی سیاسەتی یەکسانی، ماف و ئەرك و ئازادییەکانی نەو ئەو دوو ڕەگەزە، دەرفەتی کارکردن، چەند پرسێکی دیکە، باس لە چەنییەتی بەرجەستەکردنی ئەو سیاسەتە دەکات. ئەم بەاوکراوەیە، گەرچی پە دەچێت ناوەڕۆکەکەی پێیوەست بێت، بە کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆوە بەتەنها بەڵام چونکە بەشوەیەکی گشتی لە بارەی یەکسانی ئافرەت دەدوێت، ئیدی پرسەکە پێیوەست دەبێتەوە بە هەموو کۆمەڵگەوە. لە دەسپێکی ئەو بەاوکراوەیەدا، پێناسەی سیاسەتی یەکسانی کراوە، بەڵام گەر سەرنج لە ناوەڕۆك و شێوەی ئەو چەمکە بدەین، دەبینین خودی پێناسەکە، پارادەکس و دژ واتایی وەڵی و ناوونیکی زۆری تێدایە و بەڵاشکاویی و بە ڕوونی و بە سەرەتاوەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و خەزانی، پێناسەی چەمکی یەکسانی ناکات، گومان دەکەم ئەوانەی پێناسەکەیان کردووە، لەڕوانگەی خۆپارێزیی میللی و کۆمەڵایەتییەوە، مەبەستیان نەبووە پێناسەکە ڕوونتر بکەنەوە و بە کردەیی دەریبخەن کە یەکسانی چییە و چەنە. لە پێناسەکەی پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و تەکنەلۆژیای زانیاریی هاتووە:([illegible] 7) [illegible]

ئۆگەر هاتوو بەربژێرێکی پیاو و بەربژێرێکی ئافرەت لەچاوپێکەوتن دەرچوون، ئەوا پێویستە پێشینەیی بدرێتە ئافرەتەکە و وەکو بەربژێر دیاری بکرێت. لا 15) ئەم بۆچوونەیە، گەرچی لە بارەی پرسی یەکسانییە، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان لە بری ئەوەی یەکسانی بنەتەدی، بە بۆچوونی ئەو جیاکارییە قووتر و زەقتر دەکاتەوە. ئۆگەر پیاوێك لە چاوپێکەوتنەکدا، وەك بەربژێر سەرکەوت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو بوارەشی تێدا بێت، دەکرێ بڵێین بە پێی کام یاسا، ئەو مافەی لە زێت دەکرێت و دەدرێتە ئافرەتێك؟ ئەمە یەکسانییە لە ئەرك و مافدا؟ یاخود بە پێچەوانەوە؟ ئۆگەر ئافرەتێك بە لەوشاوەیی و لێهاتوویی خۆیەوە وەك بەر بژێر سەرکەوت، بۆچی دەبێت لە پێشینەیی بدرێتە پیاوێك؟ مەگەر هەردووکیان مرۆڤ نیین؟ وەك یەك ماف و ئەرکیان نییە؟ نابێ مافی یەکێکیان، لە پێناو مافی ئەویتردا، پێشێل بکرێت، چونکە ئەمە جۆرێکی دیکەیە، لە جیاکاریی لەووی ماف و پێیەوە. لەبرگەیەکی دیکەی ئەو بەاوکراوەیدا، لەبارەی پێست و بەرپرسیاریەتی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا هاتووە:_(لە پێستە باڵاکان، یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو، یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکان، بە دەکخستنی دام و دەزگاکە) گەر سەرنج لەو بۆگەیە بدەین، بە دیاریکراوی دەستواژەی (پێستە باڵاکان)ی دیاری نەکردووە، کە مەبەست کام پێستە و لە چ پلەیەکی کارگێڕی دەست پێ دەکات؟ بۆچی ئەو پێستانە، بە ناونیشان و پێگەی سیاسیی، بە ئاشکرا ڕوونەکراونەتەوە، کە ئەمش بەبۆچوونی من، جۆرێکی دیکەیە لەوەی کە ئافرەتان، ناتوانن تا پێستی باڵای ئەم هەرەمە، بڕۆن و هەرتنها، لە پێگەیەکی دیاریکراو دەمێنەوە. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە بەشێك لە پێناسە و بۆگەکانی ئەو بەاوکراوەیە، پێویستیان بە داشتنەوەو پێناسەکردنەوە هەیە، بە ئەوەی بە ڕوونی دەربکەوێت، کە مەبەست لە سیاسەتی یەکسانی و

چەنیەتی پیا دەکردنی لە کەمەگەی کوردی و دامودەزگا کارگێیەکان چییە؟!

پەراوێز:_ سیاسەتی یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا، لە بڵاوکراوەکانی: وەزارەتی ناوخۆ، ساڵی 2019.

سەدیق سەعید هەواندزی

*ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ڕەگای کوردستان ژمارە (1378) لە 20/2/2024 بڵاوکراوەتەوە.

سیمیۆلۆژیای بارت و بوونگەرایی سارتەر.. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

نووسین کلیلە بۆ ناسینی جیهان، نەك جیهان کلیل بێت بۆ ناسینی نووسین. لە ڕەگای ئەو قسەیەی بارتەوە لێنوان (نووسین) و (کلیل) لێنوان ئازادی زمان و مێژووی نووسین… هەوەدەم قسە لە چەمکی (ناسینی مێژوو) لای سارتەر و چەمکی (ناسینی ئازادی) لای بارت بکەم. وەك دەزانین هەر یەك لە سارتەر و بارت لە ڕووی ڕەشنبیریەوە بە دوو نەوەی بەرهەستکار دەگێنەوە. دەشە لەو خوێندنەوەیەدا بە بیروڕاکانی بارتی سیمیۆلۆژی (لەبری وشەی کلیل) وشەی ئازادی زمان و بە (ناسینی جیهان) و بە پشکنینی بیروڕاکانی سارتەری بوونخواز وشەی مێژووی نووسین (لەبری وشەی کلیل) بە (ناسینی نووسین) بەکار بهێنین، دواجار بە کورتی دەمانەوێت ناسینی جیهان لە سیمیۆلۆژیا و ناسینی نووسین لە پابەندبوونی نووسەر بخوێنینەوە!
(ژان پۆل سارتەر) ناسینی نووسین وەك وەسیلەیەك بۆ پابەندبوون دەخاتە ڕوو. کەواتە زمان وەك بۆها، ئایدیۆلۆژیەتکی هێزموویندار پێکدێنێ و مرۆڤ والێدەکات لایەك بەدوایدا بکەوێت و لایەکی دیکەش لە دووتوێیدا دابخرێت. بەڵام (ڕۆلان بارت) پێیوایە دەق لەگەڵ خوێنەر دێتە گۆ. لە خوێندنەوەدا دەق قسە ناکات، بەڵکو

لەگەڵ خوێنەردا دەکرێتەوە. سارتەری بوونخواز پێیوابوو مرۆڤ مانا دروستدەکات! بەڵام بارت پێیوابوو مانا بە دەست دێ و مرۆڤ لەخۆ دەگرێ. کەواتە ئەو خوێندنەوەیە دەکەوێتە نێوان داخران و کرانەوە، دروستکردن و هاتنەدی.

(1)

زمانی سارتەر، زمانی شەڕشگێڕییە، بەڵام هەرگیز بارت بەرگەی زمانی شەڕشگێرانەی نەدەگرت و پێیوابوو ئەو سیمیۆلۆژیایە کار بە بووژانەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکات. ڕەنگە هاوگونجاندنی زمان لەنێوان مۆژوو و ئازادی، زمانی شەڕشگێڕی و سێیرورە بتوانێ بارت و سارتەر لە یەکنزیك بکاتەوە؟! بە دیوەکەی دیکە بارت سەرسام بوو بە چەمکی پابەندبوونی سارتەر، ئەگەرچی هەرگیز زمانی شەڕشگێرانەی قبووڵ نەبوو! بەڵام سارتەر بایەخی بە سیمیۆلۆژیای بارت نەدەدا، وەکچۆن بەگومان جەختکردنەوەی سارتەر لە پابەندبوونی نووسەر، دژ بە مەرگی نووسەر لای بارت دەکەوێتەوە.

لای وجودییەکان بوون پێش ماهیەت دەکەوێ. لەڕەوە پابەندبوونی نووسەر دوای تێگەیشتن دێت، یان لانی کەم هاوکات لەگەڵ زمانی شەڕشگێرانە دێتە بوون! یان بە دەربڕینکی دی پابەندبوونی نووسەر لە زمانی شەڕشگێرانەوە دەست پێدەکات، بەو مانایەی کە مرۆڤ مەوجودێکە دەچێتە نێو پێیوەندی لەگەڵ خۆیدا و توانای ئەوەی هەیە، بڕەو بە تواناکاتی خۆی بدات. مرۆڤ بڕەو ئیمکانی بوونی خۆی دەچێت، بەو مانایە تەنها مرۆڤ هۆشیاری بە بوونی خۆی هەیە.

لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵدەدەم لە فەلسەفەی سارتەردا چەمکی دەروونخوازی نووسەر بەو شێوەیە گەشە بکەم، کە (مرۆڤ هیچ نییە، تەنیا پابەندبوون نەبێ، کە زمانی شەڕشگێری دروستی دەکات! ئەو قسەیەی من تەنیا بە ئەدەبەوە بەندە، واتە ریشەی ئەم خوێقاندنە لە خودی نووسەردایە، نەك لە جیهانی دەرەوە و ناچارکردنی زمانەوە بێت!

بەڵام سیمیۆلۆژیا پێچەوانەی سارتەر دەکەوێتەوە، هەر لەڕەشەوە بارت پێیوابوو ئەدەب هیچ چارەیەکی بە ئازادی پێ نییە، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو ناتوانێ لە ناچاربوونی زمانیش دەربچێ و ئازادی دابین بکات، چونکە زمان فاشییە! بەو مانایەش پابەندبوون وەك سارتەر بیری لەدەکاتەوە هەرگیز لە زماندا دەرناکەوێت، تەنها لە ڕێگای مۆژوو و شەڕشەوە نەبێ، چونکە زمان سیستمێکە ڕێساو یاسای خۆی هەیە و هەموو نووسەرێك ملکەچی ئەو ڕێسا و یاسایانەیە. دەشێ هەموو نووسەرێك بکەوێتە نێو مۆژووەوە بەڵام هیچ سنورێك بە ئازادی زمان بوونی نییە!

(2)

شەواز یان ستایل لە کاتی داشتندا، کەد بە دەقە ئەدەبییەکان دادەنێت! بەو مانایەش شەوازەکانی ئەدەب بەرهەمی لادانەکانی زمانن، لەڕووی شەواز و زمان بە یەك دەگەن، بە مانایەکی دیکە وەکچەن زمانی ئەدەبی لە سەیروردایە، هەمیشە شەوازی ئەدەبیش لادانەکانی زمان دەگرێتەخۆ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ستایل فۆرمی نووسینە و ڕەهەندی کەسی و جێستەیی هەیە. بەڵام نووسین کە بابەتی نەوان زمان و ستایلە، لە ڕێگای نووسەرەوە دەگات و لە ڕێگای نووسەرەوە پابەند دەبێت. دەتوانین بڵێین نووسین بوارێکە بە ئازادی و پابەندبوون. نووسین بوارێکە بە زمان و مەژوو، چونکە وەکچەن مەژوو بڵایەن نییە، زمانیش بڵایەن نییە.
لەسەر بنەمای بڵایەن نەبوونەوە، دەتوانین بڵێین زمان و شەواز دوو هێزی کۆرن، بەڵام نووسین کردەیەکی تاکئامێزی مەژووییە. زمان و شەواز دوو بابەتن، بەڵام نووسین وێزیفەیە. هەمیشە نووسین لە پەیوەندی نەوان داهێنەر و کەمەڵگاوە هەڵدەقوڵێ. ئەوە زمانی ئەدەبییە بەردەوام ئاراستەکردنی کەمەڵگا دەگەڵێ.
(3)
بارت لە کتێبی "نووسین لە پلەی سفر"دا وەك پەرچەکردارەك لەبەرانبەر ئەو پەناسەکردنەی "سارتەر" کە دەڵێت: شیعر لەوردبوونەوەیەکی خودییە و پرسیسکردنکی زارەکییە، لە بنەڕەتدا ئامانجی خێی هەیە. بەڵام پەخشان هاوکاریکردنی نووسەر و خوێنەر نیشان دەدات. لە پەخشاندا بەیەکگەیشتن پردەکە دەکەوێتە نەوان دوو ئازادی و زەتریش. لەو قسەلەکردنەدا سارتەر فەزای ئەدەبی دیاری دەکات...
پەرچەکردارەکەی بارت ئەوەیە کە نووسین شونك لەنەوان شەواز و زمان بەدەست دەهێنە. نووسین لە پلەی سفر خاڵی یەکتر بینی تەوەرەی "X" و "Y"ە، لە ڕووداوەکانی "دیکارت"دا. زمان تەوەرەی "X" ەو ئاسەیی و نمایشکارانە دەکەوێتەو. بەڵام شەواز "Y"یە و گوزارشتکردنکی ستوونییە. شەو و بەهای نووسینیش لە یەکتربینی ئەو دوو تەوەرەیە دەردەکەوێت. بەو مانایە لای بارت نووسین دەبە بەردەوامی بە بەدەنگی و بڵایەنی و دالەو بدات.
(4)
ئەوەی سارتەر لە بارەی زمانی ئەدەبی شڕۆڤەکرییەو قسەی لەدەکات، بارت لە بارەی ئازادی سیمیۆلۆژیاوە دەیەێتەو. بەڵام یەکمیان ئەدەب بە پابەندبوونی سیاسییەو دەلکێنە و دووەمیان لە سیاسەت جیای دەکاتەو و پێیوایە هەرگیز تواناکانی ئازادی لەسەر نووسین نەوستاوە، لەسەر پابەندبوونی سیاسی نووسەر جێگیر نابێت، بەڵکو لەسەر ئازادی زمان و گەانەو دەوستە، زمانیش لەبەر ئەوەی

فاشیە، هەمیشە ئازادی زمان دەبە لە هەوی سیرورەدا بێت، هەمیشە زمان دەبە لە جوولەدا بێت! بەڵام لای سارتەر هەموو ئەوانە هیچ مانایەکیان نییە، چونکە نووسەر پابەندە، نووسەر مەوجودەکە دەچێتە پشت وشەکانەوە بە ئەوی لە ئامانجەکانی خی نزیك بێتەوە. بەڵام مەوجودی بارتی لە خوێنەر و خوێندنەوەدا دەکرێتەوە، چونکە بارت پێیوایە خوێندنەوە جۆرێکە لە (دووبارە نوسینەوەی دەق) و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق، دەق خوێنەر دەخاتە گومان و هاوسەنگی ڕێشنبیریی و دەروونی و زمانەوانی لەق دەکات! دەق لە ڕێگای سیستمە دەلالییە تایبەتییەکانی و بە هەی تەکنیکەکانییەوە خوێنەر وەك نەچیری خی دەپێکە، دەق لە ڕێگای ناسینی زمانی بارتەوە بەردەوام خوێنەر و نووسەر هەدەوشێنێتەوە، بەڵام سارتەر پێیوایە نووسین جۆرێکە لە دووبارە نووسینەوەی مێژوو، نووسین لە ڕێگای زمانی شێشگرییەوە بەرەو ئامانجی خی دەچێت، بێگومان لەوشەوە نووسین لە ڕێگای ناسینی نووسەر وەك پابەندبوونێکی ئایدیۆلۆژیی هەژموونداری دادەخرێت!

12/5/2024 هەولێر

خۆشەویستی زۆرانبازیی نییە، لە خۆشەویستیدا بۆ و دژ نییە.. نووسینی: ستیڤان شمزینی

مانۆلۆگی یەکەم لە کتێبی (خۆشەویستی لە سەردەمی شەرپێنج)دا

پێشەکی

ئەم کتێبە بریتییە لە خوێندنەوەیەک "مانۆلۆگ" لە بارەی زۆر پرسی لەک جیاواز، هەر لە خۆشەویستی و سێکس و جەستەوە بیگرە تاکو مەرگ و نامۆبوون و ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنێتە و سیستمی کاپیتالیزم، ناوەڕۆکی هەر هەموویان لە دواجاردا بەستراوەتەوە بە چەمکی خۆشەویستییەوە، هەر بۆیە ناوی کتێبەکەشمان نا "خۆشەویستی لە

سەردەمی شۆرپەنجەدا" هەرچەندە ئەم ناونیشانە، خواستنە لە ناوی رۆمانی "خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرا"ی گابریل گارسیا مارکیز، ئەمەش کارێکی ڕەپەدراوە، تەنانەت کەسێکی وەک "لینین" ناوی یەکێک لە کتێبە سیاسییەکانی خۆی "چی بکرێت؟" لە ناوی ڕۆمانێکی ناسراوی ڕووسییەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەمە دڵقاودڵق ناوەکەمان وەرنەگرتووە، بەڵکو "شۆرپەنجە"مان خستۆتە بری "کولێرا"، ئەگەرچی هەردوو ناوەکە ناوی نەخۆشین، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ناوەکەی لەکچوویان نییە، هەبەتە وشەی "شۆرپەنجە" لای من دوو دڵالەتی بنەڕەتی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە ئەم کتێبە کە لە بنەماوە چەند پارەگرافێکی پەرش و بڵاوبووە، لە سەروەختی ململانێ لەگەڵ نەخۆشی شۆرپەنجە نوسراوە و پاکنووسکراوە، دووەمیان، پەموایە زەمەنەکە چەرخی شۆرپەنجەیە بە خۆشەویستی و ئەو هیومانیزمەی من داکۆکی لێ دەکەم و کردوومە بە درێژایی تەمەن، دەتوانم بڵێم دەزی ژیانم دەزی هیومانیزم و بەرگرییکردن بووە لە مرۆڤی ڕووت. ئەوەی لەسەرووە هەموو شتێکەوە بەم گرنگە مرۆڤە، هەر شتێکی تر لە خواروو ئەمەوە دەبینم.
ڕەنگبێ شەوازی مانەلەگەکان بە خوێنەران سەیر بن، یان ڕەنگە بڵێن باشتر بوو لە فەرمی توێژینەوەدا بیرکەکان تەرح بکرابان، ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام لەوانەیە ڕاستتر لەوەدایە، ئەم مانەلەگانە شێوەکە لەناو ئەندێشەمدا بەرپابووە و تا کەتایش ئەم جەنگە بەردەوامیی دەبێت. لانیکەم مرۆڤێک سەروکاری لەگەڵ خوێندنەوە و نووسیندا هەبێت، لە باری سایکۆلۆژییەوە جگیر نییە، بەو پێیەی هەمیشە لە شێوەکی بە پسانەوەدایە لەگەڵ بیر و پارادەکسەکانی ناو هزرینی، ئەمە حاڵەتێکی سروشتییە، لە سەنگەی ئەوەی دەڵێوکە هەمیشە مامانی داهێنانە و هەوێنی پشکۆتنی ژیاریش، تەنانەت ئەدگارێکی هەمیشەیی مرۆڤی شارستانییە. ئەو دیالەگەی نێوان "من" و "خەم" تەنیا ئاوازسەندنەوە نییە بە یەکتر، نزیتی بەندبژکانیش پێیەو ناکۆن تاکوو بەندی یەکتر تەواو بکەن، بەڵکو لە بارێکی مەڵەق و ناجگیردا قسە دەکەن، تەبا نین لەگەڵ یەکتر لەسەر زەر شت، بەڵام دواجار ئەمە ئەندێشەی مرۆڤ، پەموایە ئەندێشەی هەر مرۆڤێکی تریش پێیەتی لە هاودژیی، لەوانەیە جیاوازییەکەم لەوەدا بێت توانای گوزارشتکردنم هەیە لەو پارادەکسە. بەی هەیە "خەم" لەڕەدا هەر "من"ە فرێدییەکە بێت، هەمیشە بکەوێتە بەرداشی شێوەی دەستوێخەی "ئەو" و "منی باڵا"وە. "من"یش لەم تێکستەدا هەمیشە "ئەو"ی سەرکەشە، هیچ کات ڕێی "منی باڵا" ناگێت، بگرە لەم تێکستەدا "منی باڵا" بوونی نییە، ئەوەی هەیە دیالەگی "من" و "ئەو"ە، ئەمەش وەک وتم بە پێی تیۆری دەرونشیکاریی فرێید.

حەزیش ناکەم باس لە ناوەڕۆکی کتێبێ بکەم، یان کورتی بکەمەوە لەم پێشکێشکردنەدا بە خوێنەر، ئەگەر وا بکەم پێویست ناکات خوێنەر خۆی ماندوو بکات و تەواوی کتێبەکە بخوێنێتەوە. ئەوەی گرنگە لام ئاماژەی بۆ بکەم، ڕوونکردنەوەی هەندێک تەموماژە لە دەوروبەری مانەڵەگەکان. هەندێک جار "من و خەم" هێندە دوور لە یەکتر دەئاخڤن، وەک ئەوەیە دوو کەسی جیاواز قسە بکەن، بەڵام لە ڕاستییدا قسەکەری یەکەم و کۆتایی هەر نووسەری ئەم کتێبە خۆیەتی، لەوە زیاتر ڕوانینی هیچ کەسێکی تر بەشدار نەبووە لە گێڕانەکردنی ئەم مانەڵەگانەدا، هەر بۆیە چارەم نەبوو، دەبوایە ئەم جەڵەحانەیە هەر لە نێوان "من و خەم"دا ڕووبدات، زەرجار بیرکەی ئەوە بە خەیاڵمدا گوزەری دەکرد، ناوێک "ناوی کەسێک" لە بەرامبەر "من"دا دابنێم، بەڵام هەر زوو ژیوان بوومەوە، بۆی نەکا سەر لە خوێنەر بشێوێنێت و پێیوابێت نووسەر لەگەڵ کەسێکی تردا دیالەگی کردووە و ئەم بەرهەمە لە دایک بووە.
کۆتا جار، ئەم پرسیارەش لە خەم دەکەم، ئایا کتێبێکی وەها پێویست بوو بە خوێنەری کورد؟. وەڵامێکی کۆنکرێتم لا نییە، دەمێک لەبەرخەمەوە دەڵێم ئەم کتێبە وەک هەموو دەنگەکانی بەشایی ئاسمان تەنها وەک دەنگێک لەناو ئەو هەموو هەراوهوریایەدا دەمێنێتەوە و کەس گوێی لێی نابێت، دەمێکی تر دەڵێم خوێنەرێک هەیە بیدەزێتەوە و بە بایەخەوە بیخوێنێتەوە، لەناو هەموو ئەو ڕاایانەشدا بەیاری چاپکردنیم داوە، ئیدی هەر لە چاپ هاتە دەرەوە، پەیوەندییم لەگەڵ ئەم کتێبە دەپچڕێت و تاکە شتێک بمبەستێتەوە پەوەی ناوی خەمە لەسەر بەرگی کتێبەکە، هەروەک ئەلبەر کامۆ لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا وتبووی "کتێبەکانی خەم ناخوێنمەوە، دەمەوێت کارەکی تر، ئەنجام بدەم، یان ڕوونتر بڵێم دەمەوێت بەرهەمەکی تر بنووسم". ئەم پرەنسیپەش لە سەرەتاوە باوەڕم پێی هەناوە و جێبەجێم کردووە، هەر بۆیە لە ئێستادا وەک بگارییەک پشکی ئەم کتێبە دەنووسم، بەهەی ئەوەی خەم تەرخان کردووە بە نووسینی کەمێک بەرهەمی تر. لەیەک کاتدا کار لەسەر سێ کتێب دەکەم، بۆیە کاتم بەدەستەوە نابێت تا جارەکی تر کتێبەکانم بخوێنمەوە. نایشارمەوە هەکارەکی تریش هەیە، ترسم هەیە لە کاتی دووبارە خوێندنەوەیدا ئەو هەستەم بە دروست بێت، پەلەم کردووە و زەر شتیشم نەوتووە کە دەبوو بیڵێم. بەهەرحاڵ هیوادارم ئەم کتێبە سوودێکی بچووک بە خوێنەری کورد بگەیەنێت، ئومێدەواریشم بگاتە دەستی خوێنەرێک توانای داوەریکردنی هەبێت لەسەر تەماکانی ناو کتێبەکەمان.

کۆتایی فێبریوەی ٢٠١٩

ئ□ما نیا – شتا ینها گن

-١-

خ□م: ب□ قووی□ س□یری ئ□و د□ریای□ بک□، د□□ک، شیعر□کی ل□سر بنووس□!! من د□ریام خ□ش د□وت و ه□میش□ ل□ ت□نیشتیی□و□ ه□ست ب□ ئارامی د□ک□م.

من: ب□ ش□پ□ل□ دوور□کان د□□وانم، ک□ چ□ند نامرادان□ د□مرن ب□ ئ□وی بگ□ن□ ک□نار، ئ□گ□ر ئامانجت ک□نار ب□ت، د□ب□ت ه□زی ش□پ□لدانت ب□ه□ز ب□ت و ه□نگاو□کانت گ□ور□ بن.

خ□م: ئ□و□ گ□یشتن□ ک□ناریش چی د□ب□ت؟. ه□موو ش□پ□ل□ک ل□ ک□ناردا ون د□ب□ت راستتر وای□ ب□□م د□مر□ت.

من: گرنگ نیی□ ل□ کو□دا د□مرن، ئ□وی جی□ بای□خ□ ل□ ه□نگاو و گو□دان تا کاتی مردن.

خ□م: ل□ دوور□و□ ئا□و□دانیی□ک دیا□ر□، ئ□وب□ر□و□ و□ا□تکی ت□ر□، کولتوور□کی تر□.

من: نا، من نام□و□ جگ□ ل□ د□ریاک□ چاوم ب□ هیچ کو□ی تر ب□وانت، ب□و ئا□استی□دا د□□وانم، ت□نیا شینایی د□ریام ل□ دیار□. د□ریا شمشا□□ک□، ش□پ□ل□کان ئاواز□ جادوویی□کین و زمانی شاعیر د□پژ□نن. ل□کن شاعیر د□ریا و شیعر ی□ک□کن.

خ□م: با ت□ز□ک ب□د□نگ بین، ر□ بد□ین ش□پ□ل بدوت و ل□ باو□شی ی□کتردا ه□ست ب□ د□ن□وایی بک□ین.

من: ز□ر باش□، وا د□ک□ین، پ□م خ□ش□ گو□ ل□م شیعر□ بگرین ک□ باسی د□ریا د□کات.

خ□م: ئ□و فرم□سک□ چی بوو. ل□ چاوانت□و□ باری و کو□می منی ت□□ کرد.

من: ب□ ب□د□نگی و ل□ م□شکی خ□مدا د□موت "ت□ ه□ست ب□و□ ناک□یت، چ ئازار□ک د□مخوات، ر□ژ□کانم ت□د□پ□□ن و م□رگ زیاتر ل□م نزیک د□ب□ت□و□، چ□ند ئ□کت□ر□کی باشم ک□ د□توانم ب□ د□خ□شیت خ□م ب□ باش نیشان ب□م".

خ□م: خ□یات ب□ کو□ ر□شتوو□، ب□چی ب□د□نگیت؟.

من: نا، ب□د□نگ نیم، ب□□ام و□ک س□ر□کی هیند□ سوور□کانی سیاتل ل□ وتار□کدا وتی "وش□کانم ئ□ست□ر□کانن ئاوا نابن". د□م□وت شت□ک ب□□م ه□میش□ بم□نت□و□، وش□کانم د□ب□ت ه□زی ما□و□یان ه□ب□ت ب□ ز□ر دوور، د□م□وت ل□ ر□ی وش□کانم□و□ ز□ر بژیم، چوونک□ کاتم ز□ر ک□م ماو□ ب□ فیزیکیی.

خ□م: ت□ ز□ر باش دیاریت، ت□نی د□نگت وا نا□□ت ک□ ک□مت ما ب□ت ل□

ژیاندا، تەم لە رەمانەکدا خوێندەتەوە، نموونەی هەز و ئیرادەیت!!.
من: ئەوەی چاوت پێدەکەت هەمیشە جێی گومانە، چاومان کەمترین جار راستیەکان دەبینێت، پەم خۆشە راستیەکە تەقێنەرەکە نابینیت، تا بتوانین چڕ لە ئێستا وەربگرین.
خەم: واز لە باسی مردن بهێنە، بۆچی هەموو کات بە مردن دەمترسێنیت؟.
من: مردن خۆی لە باسکردنی دەترسێت، تە کاتێک باسی مردن نەکەیت واتە هێندە تەقیویت لێی ناوەریت ناویشی بهێنیت. تەنها ئەوانەی نزیکن لە مردنەوە هەست بە خەیان دەکەن، هیچ کەسی تر ناتوانێت لەیان تێبگات.
خەم: واز لە بابەتی مردن بهێنە، دەمەوێت بپرسم چەندە منت خۆش دەوێت؟.
من: بەینی رەگا کەندەڵانەکانی عەشق، ریسک و سەرکەشیم، هەموو نیشانەکانی عەشقەکی گەگرتوو نیشان نادەن؟.
خەم: من شەوازی خەمم هەیە لە خۆشویستیدا، ئەویش راوەستانە لەنەوان "من" و "منی باڵا"دا.
من: "منی باڵا" هەمیشە سەرکوتکارە، دیکتاتۆرێکی رووتە، خۆشویستی بە "من" دەکرێت، "منی باڵا" دوژمنی باوەکوژی خۆشویستیە.
خەم: "منی باڵا" رەگەڵ نادات هەموو کارێک بکەم لە خۆشویستیدا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر خۆشم دەوێی.!
من: دنیای خۆت لە قاڵبداوە و زیندان کردووە لەسەر داخوازیی "منی باڵا"!، ئەو بڕیارە لە کێ خۆت بکەوە، جارێک لە قسەی دەربچە و بە قسەی "من" بکە، بزانە چی جوانیەکی لە قەدەغە کردوویت؟.
خەم: پەوەرەکانی من بە خۆشویستی جیاوازن، بەوام بە خۆشویستی ئەفلاتونی هەیە، جەستە هیچ ڕۆڵێکی وەهای نیە لەو فەرمە خۆشویستیەی من دەیخوازم؟.
من: زۆر جار وەک پیاوێکی بەهیمی دەردەکەم، بەڵام کەمێک پرنسیپێکی خەم هەن، ڕەنگە لە هی کەسی تر نەچن، وەڵە ئەوەی سەبارەت بە خۆشویستی دەیزانم، نابێت بەردی خۆشویستی بەرز بکەیتەوە، بە ئەوەی هەموو جمکەکانی بگریت، دەبێت خۆشویستی بە هەموو تانوپۆی خەیاڵەوە قبوڵ بکەیت، ئەگەرنا قبوڵت نەکردووە.
خەم: مەرجی جێستێت هەیە بەسەرماوە وانیە؟ تە نابینیت ڕەحم لە تەدا دەتوێتەوە! ئەمێت پێ کەم؟.
من: کەشکەکە شتێکی تر، پێکگەیشتنی بایەلۆژیی نێک ئارەزوو بەکو پێویستیشە، تە جێستەی خۆت ئاوەزانی کەسێک نەکەیت خۆشت دەوێت، ئەو مافە دەدەیت بە کە ئاوەزانت بێت؟. خۆشویستی عیرفانی، شەوازە هەرە کۆن و مازۆخیەکەی خۆشویستیە، تۆش ئەو مەرجێت لەسەرم

هەبگرێ!!.
خەم: تۆ زۆر بەهێزیت، من ناتوانم خەم بگرم لەبەردەم هێزت، تۆ یەکەم کەسیت لاواز بنوێنم لە بەردەمیدا.
من: خۆشەویستی زۆرانبازیی پاڵەوانەکان نییە، تا هێز براوە و دۆاو دەستنیشان بکات، لە خۆشەویستیدا براوە و دۆاو نییە، ئەوەی هەست بەلاوازیی دەکەیت، لە بەرامبەر منـدا نییە وەک قەبـارە بایەلـجییەکە، بەڵکو بەرامبەر بە وزەی خۆشەویستی منە.
خەم: هەر چۆنێک بێت تۆ گەمەکێت بردەوە و کۆتاییەکێت بە ویستی خۆت دیاری کرد.
من: ئەمە گەمە نییە، بەڵکو کردەیەکی ئیستاتیکی هاوبەشە، ئەمە هەردووکمان پێکەوە ئەو تابلۆیەمان ڕەنگ کرد.
٢٠١٨-١٠-٢١
کاتژمێر: نۆ و پێنج خولەکی بەیانی
نەخشەخانەی گلیاد ئاینس

"کانە بچووکە یان ماڵمانی بووکە" ماڵمانکی ژنانە.. دڵشاد کاوانی

پێشکی
هەرچەند ئەدەبیاتی کوردیی لە بورای ماندا هەشتا لە گۆگاڵ دایە، بەم دوایی دوایین، دەیان قەڵەم و ماڵمانووسی تازە بوارنە هاتوونەتە پێش و جلەوی ماڵمانووسیان لە هەستە گرتوون، وەلە هەشتا ئەدەبیاتی کوردیی لە بەشایی و کەمهەنانی ماڵمانی باشدایە. بەتایبەتی ماڵمانووسانی ژن و بە بیر و فانتازیا و هوئیای ژنانە لە کەم کەمترە و ژمارەنیان بە پێنجکانی دەست، پێنجکان گەلێک زۆرترن.

سەرەتا
ماڵمانی کانە بچووکە یەکێکە لەو ماڵمانە جوانە کوردییانەی وەک ماڵمانکی مەینەی کوردی بەرچاوم کەوتبێت، ماڵمانکە بە هەناسەیکی

ژنانە و دەربینەکی ژنانە نووسراوەتەوە و پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکانی ژن و بە زمانی ژن دەدوێن، زەربەی هووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەش هەر بەسەر ژناندا دێن.
ڕۆمانی کانە بچووکە. ڕۆمانەکی (٤٧٩) لاپەڕەیە و لە (32) بەش پێکهاتووە و بەرهەمی یەکەمی جوان عوسمان حەمەئەمینی ڕۆمانووسی شاری سلێمانییە، براوەی پێشبرکێی ڕۆکخراوی قیم فاوندێیشنە بە ساڵی ٢٠٢٣ لای لێژنەیەک لە پسپۆران و شارەزایانی ڕۆمان، بەیاری چاپبوونی لەبارەوە دراوە و لە چاپخانەی پاندا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ڕۆمانی کانە بچووکە، باس لە چوار دەستە خوشک دەکات، کە دەیانەوێت لە ڕۆگەی خوێندنەوە و بە ئامانجەکانیان بگەن لە پاڵ ئەوشدا لە ڕۆگەی پاڵەوانی سەرەکییەوە باسی دوو ماڵباتی دانیشتووی شاری سلێمانی دەکات، یەکەمیان خەزانی گەشاوی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و بە هەی هەژاریی و دەردەسەری و مەینەتییەکانی ژیان، ئەندامانی خەزانەکایان لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە. دووەمیان خەزانی لالە سەردار، ماڵە خەزورانی گەشاو کە بە هەی هەبوونی و دەوڵەمندییەوە تووشی هەڵوەشان و لێکترازان دەبنەوە.

چەژ لە کانە بچووکە.
کانە بچووکە هەرچەند ڕۆمانەکی قەبارە ئاستوور و ئێکس مینیمالیزمە، بەڵام بە هەی زمان و گێڕانەوە و خەماڵیی هووداوەکان و بەستنەوە و گرێدانی هووداوە لاوەکییەکان بە هووداوی سەرەکی خوێنەر ماندووناکات و ڕۆمانەکە زەر بە ئاسانی خەی بەدەستەوە دەدات و کەمێک گەیی گێرانەوە دروست دەکات و دواتر گرێکان دەکاتەوە. ڕۆمانووس هووداوە تراژیدییەکان زەر بەوردی دەخاتە ڕوو، بە سانایی وا لەخوێنەر دەکات بچێتە ناو و وردەکاری هووداوەکان و خەی تەدابینەتەوە و گەمەیەکی جوانی دەروونی دەکات، وا لە خوێنەر دەکات بەدەم ڕۆمانەکەوە لەپاڵ گریان و ئازاری کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەوە خوێنەر بە کۆ بخاتە گریان، ئەمەش لەزانیی و زانایی ڕۆمانووسمان نیشان دەدات.

تەکنیک و گێڕانەوە لە کانە بچووکە.
تەکنیکی گێڕانەوەی هووداوەکانی ڕۆمانی کانە بچووکە، تەکنیک و شێوە و شێواز و بونیادی گێڕانەوەی کانە بچووکە بە ڕۆمانە ڕیالستییەکان دەگۆڕێتەوە، کە ڕۆمانووس هەوڵی داوە لە دەستپێکی ڕۆمانەکییەدا لە سەردەمی نوێی گشاوەوە بە ناوی تەکنیکەمەڵایەتییەکان دەست پێ دەکات و دواتر لە بەشی دواتر بە سەردەمی

منداڵی گەشاو و ژیانی سادەی شاری سلێمانی دڵگەشتووە، بەم جۆرە تاکەتایی ئەمانەکە بەش دوای بەش لەنێوان هەردوو سەردەم ڕووداوەکان دڵگەشتووە و هەندێ جاریش زەمەنی سێیەمیش دڵگەشتووە، کە زەمەنێکی کورتی گەڵانکارییە لە ژیانی گەشاو. کانێ بچووکە ئەمانکی فرەدەنگە، لە هەڵووداوێکی سەرکی پەنا بە گەڵانەوەی ڕووداوێکی دیکە دەبات، بەڵام گەڵانەوەی لە فرەدەنگیدا کورتە و خوێنەر تەرناکات، بەڵێ باشتر وابوو ئەمانکە یەک دەنگ بووایە، یان فرە دەنگی تەواو. هەرچەندە جوان هەوڵی داوە لە ڕێگەی فلاشباگەوە گەمەیەکی جوانی گەڵانەوە بکات، بەڵام دەتوانین بڵێن ئەمانی کانێ بچووکە وەک ئەمانی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد و شاری حسێن عارف و ئەم ستایلەی ئەماننووسانەی پەیڕەوکردووە کە لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان ئەمانی باوێی کوردی پەیڕەویان کردووە.

دەتسپێکەکی باش و کۆتاییەکی خراپ.

بەم دوای دوایێ پێداچوونەوەم بە دە ئەمانی گێنجانی کورد کردووە، سەرجەمیان سەرەتاییەکی باشیان دەست پێ کردووە و بەڵام نیان زانییووە چۆن کۆتایی بە ئەمانکیان بێنن. چونکە لەسەرەتا بە گەرموگووڕییەوە دەست بە نووسینی ئەمان دەکەن و دواتر ماندوو و شکەتیان پەوێ دیار دەبێت. دەستیان بەسەر ڕووداوەکانی ناو ئەمانە ناشکێت، بە کۆتایی هێنان بە ئەمانکە، دەکەونە هەڵەوە. دەتوانم بڵێم گرنگی کۆتایی ئەمان هیچی لە دەستپێکەکەی کەمتر نییە. جوان عوسمانیش بەهەمان شێوەیێ، هەرچەندە کانێ بچووکە لە تەڕە کەمەڵەیەتییەکان دەست پێ دەکات واتە زەمەنی دواوەی ئەمانکەیە، وەلێ بە ئەو ندازەیە پەڕگرافی یەکەمی هێندە بەزاردووە کە سەرنجڕاکێشترینی بە شی نەو ئەمانکەی بێت، کە پێویست بوو وابێت. وەلێ دەشێ دەستپێکی خراپ نەبێت. بەڵام کۆتاییەکەی خراپە، دەتوانین بڵێین ئەماننووس بەدەستی خۆی خراپی کردووە، ئەویش بە زیادکردنی بەشێک لە کۆتاییدا، کە هیچ پێوەندیی بە ئەمانکەوە نییە و بە زیادەوە خراوەتە نەو ئەمانە، ئەمیش بەشی (مانەوە بە خەڵاگیرتیرینە) زۆر زیادە و بە مۆفاییە، لە هەزی کۆتایی ئەمانکەی کوشتووە.

کارکتەرسازیی کانێ بچووکە.

کارکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەمانی کانێ بچووکە لە چوار کارکتەری سەرەکی پێکهاتووە و کە هەرچواریان دەستخوشکن ئەویش نیکاێ و دڵخواز و لاقە و گەشاوی پاڵەوانی سەرەکین، لە ژیانی منداڵی

هەرزەیی‌وە تا تەمەنی پێگەیشتوویی لێگەڕێ ژووداوەکان لە دەکەن. هەروەها لە چەندین کارەکتەری لاوەکی پێکهاتوون، کە زۆربەیان لە ڕێگەزی مێینەن و کارەکتەرە پیاوەکانیش هەر لە دەوری کارکتەرانی مێینە دەسوڕێنەوە.
هەرچەندە هەندێکجار ڤێگەڕ زاڵ دەبێت بە سەر گێڕانەوەدا، بە تایبەتی لەسەر زمانی پاڵەوانی سەرەکی گێشاودا، وەک هەموو شتزان دەردەکەوێت. ئەویش زانینی خودی ڕێمانووسە نێک کارکتەری ناو ڕێمانەکە.
دەتوانین بڵێم باشترینی بەشی نێو ڕێمانەکە هەڵبژاردنی کارکتەرەکانی ناو ڕێمانەکەن، کە بە زمانی خەیان دەدوێن و تا ئەندازەیەکی زۆر لە ڕێگە بەخشین بە کارکتەرەکانی ناو ڕێمانەکە ڕێمانووس سەرکەوتووبووە.

زمان لە کانە بچووکە.
ڕێمانی کانە بچووکە باسی سێ زەمەنی جیاوازی شاری سلێمانی دەکات. کە بەم جۆرە خاڵبەندی بە دەکرێت.
1- لە ساڵانی 2004 تا 2020 واتە لەسەردەمی گۆڕەبوونی گێشاودا. ژووداوەکانی ئاشکرابوونی بازرگانی ماددەی هۆشبەر و و کەمڕێک ژووداوی دیکە ژوودەدەن.
2- ساڵانی 1991- 2003 بە شێڕێکانی هەستی و گێڕانەوە بە کەڵانەکانی منداڵی زەمەنی ڕابردووی گێشاو و بە زۆر بە شودان و و ژووکردنە ژیانی گوند.
3- ساڵان 1980 – 1990 ئەمەش بەشەوەی گێڕانەوەی لاوەکی بە ژووداوە گشتیەکان، لەسەر زاری کارکتەرانی ڤێگەڕی هەموو شتزان و ئاریشەکانی کەمڕێگەی کوردی وەک ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان لەسەر دەستی ڕژمی بەعسی عێراقی خراوەتە ژوو.
واتە کەی ژووداوەکانی ناو ڕێمانەکە بە نزیکەی چل ساڵی نێو ڕێمانەکە دەگێڕیتەوە.

شوێن لە کانە بچووکە.
شوێنەکانی کانە بچووکە کەمترین کاری لەسەر کراوە دەبووایە لە ئاستی قەبارەی ڕێمانەکەدا شوێنەش وەک ئامانج و مەبەست کاری زۆرتری لەسەر کرابووایە. سەرجەم ژووداوەکان لە ناوەندی شاری سلێمانی و لە گوندەک ژوودەدەن. جگە لە هێنانی ناوی شوێن وەک ژووداوی نادیار چوونی ساماە بە هەندەران و کامیل قادر لە شاری بەغدا کە ڕێمانووس لەسەریان نەوەستاوە. هەرچەندە جوان لە نیشاندانی دیمەنەکانی گوند زۆر سەرکەتووبووە، چەندین وێناکردن و

دیمەنی جوانی نیشانداوە، بەڵام دیمەنەکانی شوێن لە شاری سلێمانی لاوازن. بۆیە دەکرێ بڵێین شوێن لەم بەرهەمانە بە هەزە.

فکر لە کانە بچووکە

فکر لە بەرهەمانی کانە بچووکە کاری لەسەر کراوە و چەندین چەمک و دەستەواژەی فکری کاری بۆ کراوە و بۆتایبەتی شتەی زانین و نەزانین. وەک چەمکەکانی ماف و ئازادیی، پشکنوتن، ئایین. بەرهەمانووس لەسەریان وەستاوە و جارێکی دیکە یوتوبیاکەی ئۆفاتوونی لە وێنەی گوندێک: مەزارانداتوە و لالە سەرداریشی وەک منی باڵایی نیچە لە بەرگێکی باوک سالاریی مەزراندتوە. بۆیە بە هوانگەی فکیر و هزریشەوە، تا ئەندازەیک بەرهەمانووس مەبەست و ئاماژەکانی لەگەڵ هوەداوەکان بەکخستووە.

هەڵەکانی کانە بچووکە

هیچ بەرهەمانێک بێ هەڵە و کەماسی نییە و بەهەمان شێوە بەرهەمانی کانە بچووکە لە هەڵە و کەموکوڕی بەدەرنییە، هەرچەندە هەندێک هەڵەی زۆق هەن و دەبێت بەرهەمانووس زۆر ئاگادار بێت و تەی نەکەوێت، هەندێک هەڵەی بچووکیش زۆرجار بەسەر بەرهەمانووس و دەقەدا تەدەپەڕێت. بەنموونە لە بەشی تەڵە کەمەڵایەتییەکان لە لاپەڕە (9) بەرهەمانی کانە بچووکە وەک کتێبێکی یادەوەری گەشاو لە کوردستان دەنووسرێتەوە، سامان کە دەکاتە برای ئومێدی مەردی گەشاوی نووسەری کتێبی کانە بچووکە، لە وەڵامێکی بەڕێزاوایی، لە پەیکەدا کتێبێکە لە دەستی هاونشینێکی میتەکە وەردەگرێت. کەمەڵێک پرسیار دروست دەبێت، ئایە ئەم کتێبە بە گەیشە ئەوە و چۆن ڕەکەوت کە کوردێک هاونیشنی میترێکە بێت و سامان بەهای ئەو کتێبی براژنەکەی خۆی ببینێت. لە کاتێکدا بەرهەمانووس تەنیا ئەم دیمەنەی لەناو بەرهەمانەکەیدا دروستکردووە و وەک ئەوەی دیمەنەکەی بیرچووبێتەوە، لە هیچ شوێنێکی بەرهەمانەکە و بە هیچ جۆرێک ناگەڕێتەوە سەری و وەک گرێیەکی نەکراوە دەمێنێتەوە. لە لاپەڕە (144) لە بەشی چیرۆکی ژوورە نادیارەکە. کاتێک فەگەڕی گشتی بەرهەمانەکە گەشاوی پاڵەوانی سەرەکییە و بە جێناوی کەسی سێیەمی تاک چیڕۆکخوانی هوەداوی نیلۆفەر و هاستخ دەچێتە ناو حیوانی نیلۆفەر و دەنووسێت (نیلۆفەر دەستی پێکرد: تا ئەو دەمەی کە مامی نیلۆفەر لە قوماردا دەدەڕێنی گەڕاومەتەوە.) کەواتە بەپێی ئەوەی نیلۆفەر دەستی پێکرد: کەواتە پێویست بوو نیلۆفەر بە کەسی یەکەمی تاک قسە بکات، کەچی گەشاوە و بە کەسی سێیەمی تاک قسە دەکات. هەر لەهەمان بەش و لە لاپەڕە (148) لە گەڕانەوەی بازرگانانی ماددەی هەشبەر، کەمەڵێک کچ و ژن لە ژێر

زەمین بە ئامادەکردنی مادەی هۆشبەر بەکاردێنن، نیلەفەر لاچاوی سووتاوە و ناچی جێستە و ڕووخساری سووتاو و شێواوە و میهناز جێستە و ڕووخساری پڕ لە پڕ و گروە بووە. زەهرا فرەسکی خۆن، لە چاوی دایە. هەرچەندە مەبەستی ماننووس ئەوەیە کە ئەوەیە بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان، ژن و کچە جوانەکان بە لەشفرۆشی بەکاردێنن و ناشیرینەکانیش بە ئامادەکردنی مادەکە، واتە بە هۆی ناشیرینی ڕووخساریانەوە بەلایاندا ناچن. وەلێ بە بۆچوونی من مەرج نییە، ناشیرینەکان دەستدرێژیان نەکرێتەسەر و بازرگانیان پێوە نەکرێت، کە خۆشی لە پێشدا ئەم دێخەی پێگوتووین، کە ئامانیش هەمان دەردی جوانەکانیان هەبووە. بەیە ئەم هەموو وەسفە لەکچوو و هاوبەشانەی کارەکتەرەکان، هەم لە چیرۆکی گێڕانەوە و هەمیش لە ڕەکەوت، نیشاندانی کاریگەری نەرێنی بە سەر ڕەمانەکە هەیە. هەروەها لە لاپەڕە (162) لە بەشی (شەهیدێک بە گوند گەڕایەوە) دەربارەی خۆشەویستی نێوان نەزیرە و ئومێد، کە قۆناغێ ئاوەڕنگی خوشکی ئومێد، چیرۆکی خۆشەویستییەکیان بە گشاو دەگێڕێتەوە و لەمەی دایک و باوکی دێکات کە نەیان هێشتووە ئومێد و نەزیرە بەیەک بگەن. ئینجا گشاو دەبێتە قۆناغەی خوێندن و دەڕەت: (بەڵام با واشبێت ئەی بۆچی هێشتیان خۆشی بووێت). لێرە ڕەماننووس تێدەکۆشێت، وەک ئەوە نەزانێت خۆشەویستی پرسیارکی تاکەکەسییە و کەس ناتوانێت بچێتە ناخی کەسێکی دیکە و دەستکاری خۆشەویستن و خۆشەویستن بکات. جاگەر دایک و باوکیش بن، ناتوانن دەستکاری ناوەوەی مرۆڤێک بکەن ئەگەر ڕەکەکەشیان بێت. بەهیچ جۆرێک ئەمە نابێتە بیاری گشتی بەکۆ خۆشەویستی لە ناخی خودی کەسی دایە، هەر خۆشی ئومێد دەتوانێت نەزیرەی خۆشبوێت یان نا. لە هەمان بەش و لاپەڕە (169) گشاو دەڕێت (خۆن بینین و بیرکردنەوە لە ڕابردوو قەناسەکم بۆرامبەر دەروونی خۆم دانابوو، ڕۆژانە گوڵەبارانی دەروونم دەکرد). لێرەش ڕەماننووس وردبین نەبووە، کە قەناس بە نیشانەگرتنە و گوڵە بە تاک دەتەقێنێت، دەبوایە بنووسێت دەشکە یان ڕەشاش و ئەو چەکانەی لەسەریەک دەتەقن. چونکە گوڵەباران ئاماژەیە بە گوڵەی زەر و لەسەر یەک وەک باران، نەوەک تاک تاک و هەرنەبا، دەیتوانیت بنووسێت قەناسەکم بۆرامبەر دەروونی خۆم دانابوو، ڕۆژانە تەقەم لە دەروونم دەکرد، بەمەش گرفتەکەی چارەسەر دەکرد. لە بەشی چیرۆکەکانی ناو زیندان و لاپەڕە (206) کاتێ گشاو و لافە سەردانی زیندانیانی چاکسازی ژنانی سلەمانی دەکەن چاوپێکەوتن لەگەڵ کچێکی ڕەش ئاسمەر دەکەن، ڕەک حیوانەی ئەم کچە بە تەواوی زمانی ڕەمانەکە هەڵدەگەیتەوە کە ڕەمانەکە ڕیالستییە و لە دەرخستنی بابەتە سێکسی و زایندەکان زمانێکی شەرمنانە و ڕەوشتی

باسای هەیە، کەچی فۆگۆ لە هەگبەی حیوای ئەم کچە بە یەک دوو هستەی زەر ئیرەتیکانە بەتەواوی دەبەتە سوریالیی و دەنووسێت (ئەم پارچە قوزە بەمان بوو بە بەلا... دەمگوت خوایە گوناهت ناگات کەرت داوە بەو و قوزیش بە من). هەرچەندە هەمانووس ویستوویەتی بچێتە قاپبی کچکی شەلاتی، وەلە بەپەی پەوەری گشتی زمانی گەلانەوەی هەمانکە خوەنەر دەخاتە بەر هەدمەیەک بەڵیت ئەوە ئەم هەمانەنیە، نەدەبووایە بەم جەرە تەنیا هستەیەکی سوریالی بخاتە نەو گەلانەوە، کە پێچەوانەی تەواوی زمانی فۆگۆ لە گەلانەوەدا. لەبەشی بەهەکردنی زستاندا لە لاپەڕە (217) کاتێک گەشاو و سەیوانی کەولە بە ئاماژە قسە دەکەن، کەچی لە ناکاو هەمانووس بیری دەچێتەوە کە سەیوان کەڵ و لاڵە هوەداوکی نەوان خەیی و ئومەدی مەردی گەشاو بە گەشاو دەگەڕێتەوە. پاشان لەبەری ئەوەی ئومەد بە گەشاو زمانی ئاماژە وەرگەڕێتە سەر زمانی گوتن یەکسەر دەڵێت: (دواتر سەیوان خەی بەی وەرگەڕام). لە کاتێک گەڕەوە سەیوان هەر خەیتەی و کەولاڵە, لەرە دەبووایە ئومەد هەبستەت بە کاری وەرگەلانەکە نێک سەیوان. لە هەمان بەش و لە لاپەڕە (226) باسی شنە و دادە نەسرین دەکات کە دوو ژنی گوندبوون، دەڵێت لەوە تێگەیشتم کە (شنە و هەم دادە نەسرین هەرگیز لە ئاژەڵە وردەکانی وەک مشک، جرج، مار، نەدەترسان). دواتر ئەم نەترسانەیان بە ئەوە دەگەیتەوە کە ترسی گەورەتریان لە مرۆڤ بینیووە. بەیە لە لاپەڕە (217) دەنووسێت (چون ئەوان شتی زەر ترسناکتریان لە ژیان ئەزموونکردبوو) بە هیچ جەرەک ترسان لە مشک و مار و جوورج پەیوەست نیبە بە ترسی دیکەوە. تەنیا پەیوەندی بە ئەزموونی خودی شتکە خەیوە هەیە، ئەمە فیسەلەژیا و سایکەلەژیای مەینەیە کە هەژەی ترسی زەرتر لە مشک و ئەبابەکانی، بەیە ئەمە بەهگەیەکی نالەژیکیبە، ژن هەیە هەنگە بوەری و چاونەترسی لە پیاو زیاتربێت، کەچی هەر لەم بونەورانەش دەترسێت. لە بەشی پرسەی باوکم لاپەڕە (270) کاتێک گەشاو دەچێتە سەردانی باوکی کە لە نەخۆشخانەیە و بە هۆشە، بە جاری دووم دەیەوێت بچێتەوە سەردانی، لە دەرگەی نەخۆشخانە پەلیسەکە هەگەی چوونە ژوورەوەی پەنادات و دەنووسێت (خەم داماو کرد و بە دڕەوە گوتم: بە خوا باوکم زەر هیلاکە. ئەچم سەردانی دەکەم...) جانازانم بەچی ئەم دڕیەی بە زیادکردووە، لە کاتێکدا هەر بەڵاستی باوکی نەخۆش و لە نەخۆشخانەکەیە. لە بەشی ئاهەنگە تایبەتەکە و لە لاپەڕە (286-287) سەیوان شوانی گوندە و گەشاو ژنکی بە مەردە، لەسەر کانی سەیوان کە شوانی گوندەکەیە، کوەکی گەنجی سەتە بە دەنەوایی گەشاو دەچێت دەستی بەسەردا دەهەنێت. خەی دەکات بە باوکی شەقویی گەشاو، لە کاتێکدا لە تەمندا جیاوازییەکی ئەوتەیان نیبە. ئەمە لەگەڵ عورفی

کەمایەتی و دابوونەریتی گوندەکی دواکەوتووی نەتەوەکانی سەدەی ڕابردووی کوردستان ناگونجێت، لانی کەم ئەم دەخڵە بە لەکەوتە و کاردانەوەی توندوتیژی تێپەڕنابێت. لە هەمان کاتدا (293) گۆشاو لە وەسفکردنی سەیوان بە نزیرە کە خەڵەک وەک شێت ناساندوویانە، گۆشاو دەڵێت: (نزیرە سوێند بەهەرچی پیرزیەیە ئەو لە زەر لە پیاوانی گوند و شار و ئەم نەتەوەیە عاقڵترە) لەڕاستیدا زۆرێک لە دەکات کە بە چ بەڵگەیەک چۆن و بە چ پێوەرێک سەیوانی کەولاە کە بە شێت ناوی دەبێشتووە، لە هەموو پیاوانی یەک نەتەوە عاقڵترە!!

لە بەشی شەشەم یەک بە دوای یەکەکان لە لاپەڕە (330) گۆشاو بەهەی شەڕی ناخۆیی و ئەو نەهامەتییەی تووشی کورد هاتووە، دەڵێ تاکی کوردی هەق لە دایک و باوکی و لە خۆشەویستانی دەبڕێتەوە، بۆیە دەنووسێت (تەنانەت لە تەش خوایە هەقیان لە تە و پەغەمبەرەکەش دەبڕێتەوە) ئەمەیان هەرگیز ڕاست نییە و پێچەوانی کەمەڵگەی کوردی مسوڵمانە کە بە هیچ جۆرێک نە هەقیان لە خوایە و نە پەغەمبەرەکەشی، بەڵکوو لە بینینی ناخۆشیدا خەڵەک زۆرتر ڕوو لە خودا و نزاوپاڕانەوە دەکەن. لەبەشی سیما دەبڕێتە مامۆستا لە لا (330) سیما کچێکی تەمەن (13) ساڵانە و نەخۆشی شێرپەنجەی هەیە و خەونی بوونە مامۆستای هەیە، گۆشا و لاڤێ ئەم خەونەی بە دڵنەدی لە کەمپانیایەکی خۆ و وانە وتنەوە دەیکەن بە مامۆستای وانەبێژ. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە سیما نەوک تەنیا وەک مامۆستایەکی قسە دەکات، بەڵکوو وەک پرۆفیسۆرێک دەردەکەوێت، تەنانەت ڕەخنە لە سیستەمی وانەگوتنەوە و شێوە مامۆستایەتی دەگرێت، بۆیە دەنووسێت (سیما پێی گوتم مامۆستایەتی هەندێ هونەریە هەندێ پیشەی نییە) بەمەش زیاد لە پێویست زیرەکی دەخاتە پاڵ سیما کە هەرگیز بە کچێکی (13) ساڵان بە تایبەتی لە کەمەڵگەی کوردی ڕاست نییە. لەبەشی خۆشەویستی لە دەرگام دەدات لە تا (417) ڕەمانەووس ڕەخنە لەوە دەگرێت کە نابێت ژن و مێرد لای مەلا مارە ببڕدرێن، بەڵکوو تەنیا دەبێت لە دادگا بێت، بە بیانووی ئەوەی کە ئۆگەر تەنیا لای مەلا مارەبکران، مارەییان ناکەوێت، بۆیە دەنووسێت (گۆشاو ئەوە شتێکی زەر خێرە جا کە لێکیش جودابوونەوە هیچ مارەیەکت ناکەوێت) لەڕاستیدا ڕەمانەووس بە ئاگایە لە یاسای باری کەسی عێراقی کە مەرج نییە، تەنیا مارەکردن لە دادگا کرابێت، ئینجا هەقی مارەیی و مافەکان بکەوێت. بەڵکوو بە دوو شایەد گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە دەسەڵمێنێت و مادەی (10 بڕگەی 5) لە یاسای باری کەسی لەسەر پیاوەکە دەکرێتەوە، جگە لە ماف و یەکلاکردنەوەی هاوسەرگیرییەکە سزای یاسایی پیاوەکە وەک بکەر دەدرێت.

ئەمانە هەڵەی زۆرکانی کانە بچووکە بوون کە خستوومەتە ڕوو، جگەلەوەی ڕەمانووس بە هیچ چەشنێک خەی لە بەکاهێنانی وشەی عەرەبی نەپاراستووە تەنانەت لە ڕووی ڕێنووسیشەوە هەر بەزمانی عەرەبی کەمەک وشە دەنووسێت وەک اصلاح. بە کەچ و اختصاص بە تایبەتمەندییەتی و مطبخ بە ناندین و چێشخانە. لە چەندین شوێن دووبارە دەبنەوە.

گۆشەنیگا
گۆشەنیگا لە ڕەمانی کانە بچووکە چەندین گۆشە نیگای جودا جودا دەبینەرن، کە ڕەمانووس لە گەڕانەوەی هەر ڕووداوێک لە پاڵ گۆشەنیگای مەبەستی سەرەکی ڕەمانووس چەندین گۆشە نیگای لابەلا دەخاتە ڕوو، بەمەش کانە بچووکە لە گۆشەنیگای گشتی و تایبەتی دەوەمەند. نووسەر بە ئاگایییەوە کاری لەسەر کردووە.

پەیام
پەیامی ڕەمانی کانە بچووکە نیشاندانی دواکەوتوویی کەمەگەی کوردی و کارکردن بە ڕێشخستنی کەمەگە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی.

ئەنجام
لە کۆتایی بابەتەکەمان بەوە گەیشتن کە ڕەمانی کانە بچووکە بە هۆناسەیەکی ژنانە و دید و بۆچوونی ژنانە نووسراوە و زۆربەی ڕووداوەکانی ناو ڕەمانەکە هەر بە ئاست و تێگەیشتن و ڕوئیای ژنانەوە دەڕوانێتە چارەسەری کێشە و گرفت و مەینەتییەکانی کەمەلگە. ژن زۆرتر ڕۆی فریادەڕەس دەگەڕێت و پیاوان لاوازتر ئەم دەورەیان پەداراوە و زیاتر پیاوان کراونەتە ئامانج و بەشی سەرەکی گرفت و ئاریشەکانی کەمەگەی کوردییان بەرکەوتووە.

دڵشاد کاوانی نووسەر و ڕەخنەگر

سەرچاوە:
ڕەمانی کانە بچووکە. جوان عوسمان حمە امین. چاپی 2023. چاپخانەی پاندا. سلێمانی.

گفتوگۆ لەگەڵ نووسەری بواری منداڵان (ئەمین محەمەد).. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

نووسەر ئەمین محەمەد: ئەدەبی منداڵان لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستان گرنگیەکی زیاتری پەیدا کرد و کەمێك نوسەرو شاعیری خەمخۆر و دڵسۆز خزمەت بەو بوارە دەکەن
نووسەری بواری منداڵان ئەمین محەمەد: خوێندنەوەی چیرۆك وهونراوە کاریگەری ئاستوخێی لەسەرهەست و دەرونی منداڵ هەیە
نووسەر ئەمین محەمەد: ئەدەبی منداڵان ژانرێکی تەواو جیاوازو سەربەخۆیەو مەرج وبنەماو یاساوێسای تایبەت بەخۆی هەیە
نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان حەمەئەمین محەمەد ئیسماعیل ناسراوبە (ئەمین محەمەد)لەساڵی 1962 لەسلەمانی لەدایك بووە،لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستی بەشیعرنوسین کردوە، یەکەم شیعرم لەساڵی 1986 لە گۆڤاری کاروان بڵاوکردوەتەوە، بەشداری زۆربەی کۆشیعریەکانی ساڵی هەشتاکانی کردوە لەسلەمانی وهەولێرو قەڵادزە و هەڵەبجە.(ئەمین محەمەد)، یەکەم کتێبی شیعریم بەناوی (هەوڵەست)لەساڵی 1991 چاپکردوە، کە بریتیە لە شیعری بەرگریی لەساڵی 1991 دەبەتە بە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی سلەمانی. لەساڵی 2008 ڕووی کردوەتە بواری ئەدەبی منداڵان، شیعرو چیرۆك و ڕۆمان بەمنداڵان دەنووسێت.هەروەها لەبواری ڕۆخنەدا کاری کردوەو دوو بابەتی لەو بوارەدا بە چاپگەیاندوە کە هەر یەکەیەن لە کتێبکدا لەگەڵ کەمێك نوسەری تری بوارەکە. تائێستا زیاتر لەسەد شیعری لەتیڤیەکاندا لەلایەن هونەرمەندانەوە ئاوازیان بە دانراوەوکراون بەگەرانی.ئێستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەردوو گۆڤاری کورد جینیسی تایبەت بەمنداڵان و کوردجینیسی پەروەردەو ڕۆشنبیریە.. شیعرەکی بەناوی(ژینگەی کوردستان) لە پڕۆگرامی خوێندن لە پەلی سێیەمی بنەڕەتیدا دانراوە لەنزیکەوە ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ دا کردوە.
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا باسی سەردەمی منداڵیی خۆت بەخوێنەرانمان بکە چی وای لەتکرد، ڕوبکەیتە نووسین لەبواری منداڵان؟**

- من بەمنداڵیی کەسکی شەرمنی خۆیاوی بووم ،هەمیشە لەگەڵ خەمدا دەدوام،زەرجار بەخۆیاڵ لەسەربەرزایی گەیژەوە بازم دەدا بەسەرشاخی بەرانان و گەزەردە، هەندە جار دوای مانگ دەکەوتم وبەژنەر پەلەهەورەکاندا ،ڕامدەکرد،هەندە جار کەهاوینان لەسەربان دەخەوتم یەك یەك ئەستێرەکانم دەژمارد تاخەودەیبردمەوە.

لەبارەی نووسینەوە ،سەرەتا شیعرم بەگەورەساڵ دەنووسی ،شیعرەکانم بەرەنگاری بووون ،لەساڵی هەشتاکان لەکەڵەشیعرییەکان بەشداریم دەکرد لەگەڵ قارو ڕۆژنامەکانی ئەوئەوسادا بەناوم دەکردنەوە،لەساڵی 1991 لەدووتوێی کتێبکدا بەناوی (هەوەست)چاپمکرد.دواتر بەهەی خۆشویستیی زەرم بەمنداڵ و هەستکردنم بەکەمو کووی زەر و کەمی دەقی پەویست بەمنداڵ ووم کردئەوبوارەو دەستم کرد بەشیعرنووسین بە منداڵ وپاشان چیرەك نووسین و وەرگەڕان لەبواری چیرەك و لەم ساڵانەی دوایدا نووسینی دوو ڕۆمانی تایبەت بەمەرمنداڵ.

- ***کەی دەنووسیت کاتێکی دیاریکراوت هەیە بۆنووسین؟**
- من هیچ کاتێکی دیاری کراوم نییە بۆنووسین،زەرجار بەدەم ڕۆگاوە، یان لە ناوپاسدا،هەندە جار لەکەڵەوکەبوولنەودا ،هەندە جار کە شەوخەبەرم دەبێتەوە،شتێك دێت بەخەیاڵمدا و دەست دەکەم بەنووسین، هەمیشە قەڵەم وکاغەزم پێیە. بەڵام بە نووسینی لەکەڵینەوە وەرگەڕان کاتی بەدیاری دەکەم.چوونکە کاتی دیاری کراوی پێویستە.

- ***چۆن ڕۆنمایی پێشکەش بەمنداڵ بکەین بۆئەوەی بخوێنێتەوە، بۆتایبەتی لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو زەری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا؟**
- ڕۆنمایی وئاراستەکردنی منداڵ بۆئەوەی خوێندنەوە بکات بەبەشێك لەژیانی ڕۆژانەی خەی پێویستمان بەوێیە بەشێوەیەکی گشتیی وفراوان هەمەلایەنە دەست بکەین بە بەکەلتوورکردنی خوێندنەوە لای تاك بۆتاکی کەمەگە،دەبێت هەوەبدەین کتێب وگۆڤار بەردەستبن ،بەمنداڵ لەماڵ وقوتابخانەکاندا ،مامۆستاو خەزان و نووسەرانی بواری پەروەردەو ئەدەبی منداڵان باسی گرنگی خوێندنەوە بەمنداڵ بکەن، بۆپەی قەناغەکانی تەمەنی کتێب و گۆڤاریان بۆفەراهەم بکەن، باشترواێ دایك وباوك بزان منداڵەکانیان حەزیان لەچ بوارێکە ،بۆئەوی لەبوارەدا کتێب و گۆڤاری بۆدابین بکەن، باشترواێ کاتێك بەمنداڵ دیاری بکرێت بۆخوێندنەوە،هەروەها کات دابنرێت بۆ یاری و سەیرکردنی تەلەفزیۆن و مۆبایل و

یاریی ئەلکترۆنییەکان. واتا بۆچی بەرنامە یاری بکات، وەبخوێنێوە.

***ئەدەبی منداڵان لەگەڵ ئەدەبی گەورەساڵان جیاوازی هەیە؟ زەحمەتی نووسین لەبواری منداڵان لەچیدایە؟**

- ئەدەبی منداڵان ژانرێکی تەواو جیاوازو سەربەخۆیەو مەرج وبنەماو یاساوڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، بەپێچەوانەی ئەدەبی گەورەساڵانەوە ،زۆرگرنگ وهەستیارە هەمووکەس پێی ناوێرێ و کارکردن وسەرکەوتن تێیدا زەحمەتە، چوونکە پێویستە نووسەر شارەزایی تەواوی لە لایەنی دەروونیی وپەروەردەیی و بنەماکانی ئەدەبی منداڵدا هەبێت، دەبێت مەرجەکانی شیعروچیرۆك و ئەپەرەت و ڕەمان بزانێت وبەباشی لێیان تێگەیشتبێت و توانای ئاراستەکردنی منداڵی هەبێت بەشێوەیەکی ڕوون و دروست.

***بنەماسەرەکییەکانی هەنراوە نووسین لەبواری منداڵاندا چین؟**

- شیعری تایبەت بەمنداڵ چەندین مەرج وبنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، وەك سادەیی، یەکێتی بابەت، بەگەی کورت، کەمی دێڕەکانی، بونی قافیەی نوێ و بەهێزو ئاوازدار، وشەکانی سەربەفەرهەنگی منداڵبن، ناوەرکی پەروەردەیی بێت، پێیامی تێدابێت، وشەی نەشیاوی تێدانەبێت ،دووربێت لەوشەی سواو و دووبارە ،ڕەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆژی و بواری پەروەردەی هاوچەرخ و چەندان مەرجی تر.

***تاچەند بوونی کتێبخانە لەماڵ وقوتابخانەدا بەگرنگ دەزانیت بەمنداڵان؟**

- بوونی کتێبخانە لەماڵ و قوتابخانە وهەندێ شوێنی گشتیی و هەندێ جارکتێبخانەی گەڕەك زۆر گرنگ وپێویستن بۆ خوێنەران بەگشتیی ومنداڵان بەتایبەتی، دەبێت هەوڵبدرێت خوێندنەوە بکرێت بەکەلتوور لای منداڵ ،زۆرگرنگە وا لەمنداڵ بکرێت هەگرو ئالوودەی کتێب ببێت و چێژی لێوەربگرن، ئەگەرلەهەموو ماڵ وقوتابخانەکاندا کتێبخانەهەبێت کتێب وگۆڤاری تایبەت بەمنداڵی تێدابێت بەدڵنیایی زۆربەی زۆری منداڵان دەبن بەخوێنەرو سوودی لێدەبینن،ئەگەردایك وباوك ومامۆستا ونووسەرانی تایبەت بەمنداڵان هانی منداڵ بدەن وئاراستەیان بکەن سوودی زۆردەبێت،ئەوئەرکی سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیشە گرنگی بەکتێب وکتێبخانەبدەن.

***تاچەند خوێندنەوەی چیرۆك وهەنراوە بەمنداڵ پێش خۆتن بەگرنگ دەزانیت؟**

- خوێندنەوەی چیرۆك وەهنراوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرەستە و دەروونی منداڵ هەیە وڵەزەر ووەوە ئارامییان پێدەبەخشێت، بەتایبەت پێش خەوتن ،ئەگەر دایك وباوك بەردەوام منداڵەکانیان بەخوێندنەوەی چیرۆك وەهنراوە بخەونن ،ئەوکارەکی زەرباش وگرنگ وشارستانی وپەروەردەییە ولە دواڕۆژدا کاریگەری ئەرێنی لەسەرژیانی منداڵ دەبێت.

***بەاوبوونەوەی یارییەئاگرینییەکانی منداڵان، لەبازاڕەکاندا بەنرخەکی هەرزان پێت وانییە هەکارەك بێت بۆ تووندوتیژیی؟**

- یارییەئاگرینییەکان دیاردەیەکی نامۆی ناپەروەردەیی وناشارستانییە، بەتایبەت لەهەندەبانەدا بەڕۆژەکی بەرچاو دەفرۆشرێت لەلایەن منداڵانەوە بەکاردەهێنرێت ،بەدەنیایەوە ئاوەش زیان بەخەیان وبەهەمنی و ئارامیی گەڵەك وکەسانکەیان دەگەیەنێت ،دەشبێتە هۆی بەزاری خەڵکی ،بۆیە باشترواێ دامودەزگابەرپرسیارکان ڕێگا لەو دیاردە ناشیرین ناپەروەردەییە بگرن وڕێگای پێنەدەن وسەرپێچی کاران سزابدەن بەتایبەت فرۆشیاری ئەو جۆرە یارییانە.

***وەکوو کەسێکی تایبەت مەندی بواری ئەدەب وپەروەردەی منداڵان میتەدی خوێندن لە باخچەوقوتابخانەکان لەچی ئاستێکدایە؟**

- بەشێوەیەکی گشتیی لەم وڵاتەی ئەمەدا میتەدی خوێندن سواو و چەقبەستووە و خەیاڵ وفەنتازیاو داهێنان ونوێگەری لەخوێندکاراندا دەکوژن، چوونکەجیاوازی و دابڕانێکی زەروفراوان لەنێوان تیەرو پراکتیکەداهەیە، قوتابییان وخوێندکاران لەباخچەی منداڵانەوە تادەگەنە قۆناغی زانکۆ هیچ لەواتای ئەوزانستە نازانن کەبەرچاویان کەوتووەوفەرکراون ئەوەش یەکێکە لە گرفتگەورەکانی ناوسیستەمی پەروەردەی وڵاتی ئەمە، چوونکە ئاشکرایە پێوەندی زانیاریی تیەری بەپراکتیکی ڕاستەقینەوە نەهێندێکی سەرکیی پەروەردەی نوێ وهاوچەرخە،زەرجار مامۆستای وانەیەك نە لەووی زانستیی ونە لەووی ئایدەلۆژییەوە باوەی بەو وانەیە نییە کە دیەتەوە ئەوە کارساتو گرفتێکی گەورەیە لەبواری پەروەردەی ئێستادا.

***بە گشتی لە ئێستادا بواری ئەدەبی منداڵان چۆن دەبینی؟**

- لە ڕاستیدا ئەدەبی منداڵان لە دوای ڕاپەڕینەوە لە کوردستان گرنگییەکی زیاتری پێدەدرێت و کەمێك نووسەرو شاعیری

خەمخۆر و دڵسۆز خزمەت بەو بوارە دەکەن و بەرهەمەکجانیان بە مندالان لە شیعرو چیرۆك و ئەپەرەت و شانۆیی و ئامانی تایبەت بە منداڵان خستەتە بەردەست منداڵان و کتێبخانەی منداڵانەوە.هەروەها هەردوای ئاپەین کەمەك گۆڤاری تایبەت بە منداڵانیش لە شارەکانی کوردستان دەرچوون ،بەڵام بەداخەوە لەئێستادا چەند دانەیەکیان ماون کەدەربچن ئەوانی تر زەریان بەهۆی باری دارایيەوە وەستاون،کە بوونی ئەمانە خۆی لەخۆیدا خزمەتێکی باش و بەرچاو بوون بە ئەدەبی منداڵان و دەرکەوتنی کەمەك شاعیر و نووسەری لاو کە بە ئەو بوارە گرنگە بنووسن

نووسەر (ئەمین محمەد) چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندوەو چەند بەرهەمێکی تریشی ئامادەن بۆچاپ ناوی هەندە لە بەرهەمەچاپکراوەکانی نووسەر:

1- هەوەست …شیعر ساڵی 1991
2- ماڵی باران …شیعربۆمنداڵان ساڵی 2010
3- هاوڕێی نوێ… شیعربۆمنداڵان ساڵی 2011
4- خەونی چۆلەکە…شیعربۆمنداڵان ساڵی 2011
5- هەنگوردیلە…شیعربۆمنداڵان ساڵی 2011
6- خەیاڵی منداڵانە…شیعربۆمنداڵان ساڵی 2012
7- گەرانیی هەورەکان …شیعربۆمنداڵان ساڵی 2012
8-دیوانی جریوەکان ع ع شەونم …کەکردنەوەو ئامادەکردن ساڵی 2012
9- بەرسیلە…شیعربۆمنداڵان ساڵی 2016
10- زمان ڕەوانی وجارەکانی کەشی بەگۆ لەشیعری منداڵا ندا …توژینەوە ساڵی 2013 کتێبی هاوبەشی پێنج نووسەر.
11- چەند سەرنج و ووردزونەوەیەك لەمۆژوی ئەدەبی منداڵانی کورد…توژینەوە ساڵی 2022کتێبی هاوبەشی دەنووسەر.
12- کچی دورگەبچکۆلەکە….ڕەمان بەمەر منداڵ ساڵی 2022
13- ملوانکەی ئەفسوناوی ڕەمان بە مەرمنداڵ 2023.

کتێب\ ئەزموون و شیعری بەگەرد (گوتار و بریوەای ئەدەبی).. سەباح رەنجدەر

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

SabahRanjdar_AzmwnDownload

گرنگییەکانی ئازادی دەربڕین بۆ مندالان.. رەزا شوان

ئازادی جوانترین و شیرینترین و گرنگترین وشەیە لە جیهاندا. ئازادی و ژیان گیانێک لە دوو جەستەدان. ژیان بەبێ ئازادی، ژیان نییە و هیچ واتا و خۆشییەکی نییە. ئازادی واتا ژیان بە شادی و بە ئاشتی. ئازادی بەخشین نییە، بەڵکو مافێکی زگماکی و ڕەوا و بنەڕەتی و سروشتی و پیرۆزی هەموو مرۆڤێکە بەبێ جیاوازی. ناکرێت دەستکاری تێدا بکرێت و لێی کەم بکرێتەوە. ئازادی توانای ڕەفتارکردنە بەپێی یاسا و لێگەڕێزگرتن لە مافەکانی کەسانی تر. واتای ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانیت ئەوەی بیەوێت لە ژیاندا بیکات، مادام سەرپێچی لە یاساکان ناکات.
(نیلسۆن ماندێلا) دەڵێت:"واتای ئازادی تەنیا بچینی کەت و زنجیر نییە، بەڵکو هێزوهاوڕێزگرتن و بەرزاگرتنی ئازادی کەسانی تریشە".

ئازادی گەنجینە و سامانێکی ئەوەندە گرنگ بەنرخە. کە هیچ سامانێکی پێناگات. پێویستە ئەم مافەش بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و هاوسەنگ بەکاربهێنین. ئازادی ڕەتکردنەوەی چەمکەکانی، کەیلایەتی و ژێردەستی و مەلکەچی و چەمینەوە و پاشکەیی. ڕەتکردنەوەی ڕق و کینە و ڕگەزپەرستی و شەڕ و تۆندوتیژییە.

منداڵانی ئەمڕۆ، داهاتووی هەر گەل و وڵاتێکن. هاوڵاتیانی جیهانی داهاتوون.
پێویستە لە منداڵییەوە، ئەم چەمک و پرەنسیپانە لە منداڵانی کوردمان بەوەنین.
پێویستە فەزایەکی فروانی ئازادی بە منداڵەکانمان بەخسێنین. تا بەبێ ترس و بێ ئۆپەڕەی ئازدییەوە گوزارشت لە خەیاڵ و لە را و لە هزری خۆیان بکەن.

شایەنی ئاماژەیە و باسیشە ئازادی دەربڕینی منداڵان مافێکی ڕەوای دانپێنراوە، لەلایەن کۆمەڵەی نێتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە. لە ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ، بەیارنامەی (٢٥، ٤٤) لە (٢٠/ نۆڤەمبەر/١٩٨٩) کە لەلایەن کۆمەڵەی نێتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرا و لە (٢/ سێپتەمبەر/١٩٩٠) دا، چووەتە بواری جێبەجێکردن و پابەندبوونی وڵاتانی واژۆکردووی ئەم ڕێکەوتنامەیە.
لە دەقی ـــ بەندی دوانزەیەم ـــ لە بڕگەی یەکەمدا، نووسراوە:" وڵاتانی ئەندام لەم ڕێکەتنامەیەدا، دەبێت مافی ئازادی دەستەبەربکەن بۆ ئەو منداڵەی کە توانای ڕێکخستنی بیروڕای تایبەتی خۆی هەبێت، مافی ئەوەی هەیە کە بۆ ئازادی ڕاکانی دەربڕێت، سەبارەت بە هەموو ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان بۆ ژیانی منداڵەوە هەبێت. پێویستە بەپێی تەمەن و گەشەکردنی ئەو منداڵە ڕاکانی بۆ هەند وەربگیرێن".
لە دەقی ـ بەندی سیانزەیەم ـ لە بڕگەی یەکەمدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکات:
"منداڵان مافی ئەوەیان هەیە، بیروباوەڕەکانی خۆیان بۆ ئازادی باس بکەن. واتە مافی منداڵە کە لەناو خێزانەکەی و پەل و قوتابخانەکەیدا، بتوانێت بۆ ئۆپەڕەی ئازادییەوە، گوزارشت لە ڕای خۆی بکات و لەو پرسە گرنگانەش کە پەیوەندییان بۆ ژیان و بۆ چارەنووسی خۆیەوە هەیە، پڕاوڕز نەخرێت و گوێ بۆ خواستەکانی بگیرێت و دەنگ و ڕا و بۆچوونەکانیشی بۆ هەند وەربگیرێت. سەرەڕای ئەوەش هەموو منداڵەک بۆی هەیە، بۆبۆ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان و سنووردکان، ئەو زانست وزانیارییانەی کە دەیەوێت پێیان بگات".
ئازادیی منداڵان لە مافەکانیانەوە دەستپێدەکات. پێویستە مافەکانی منداڵان جێبەجێ بکرێن. چونکە ماف و ئازادی دوانەن و لەک جیانابنەوە. منداڵان هەمان ماف و ئازادییەکانی

گۆڕەسانیان هەیە.
گۆزارشتکردنی منداڵان بۆ ئازادی، لە سۆز و هەست و لە را و لە راز و نیازیان، لە گرنگترین پێویستییەکانی دڕووڕنی و جەستەیی منداڵانە. کردارێکی زۆر گرنگ و هاوکارێکی گونجاوە، چونکە منداڵان هەشتا کامە نابوونە، کە بتوانن ئاستەنگ و تەنگژەکی تەندروستی تر بدۆزنەوە، تا بتوانن لە میانەیەوە سۆز و هەست و هەڵچوونی متبووی دڕوونییان دەربڕن.
بۆپی ئازادیی رادەربڕین، منداڵان مافی ئاوایان هەیە، کە را و بۆچوونی جیاوازیان لەگەڵ بیروڕای دایکان و باوکانیان هەبێت. پێویستە ئەم جیاوازی و بۆچوونانیان لەبەرچاوبگیرێن. نەک بۆچوونکانیان بە گەمژانە بزانن. راستر ئاوایە ئازادبن لە دەربڕینی ئاو هەستانەی لە مشکیاندا هەن. گوێیان لێبگرن و بۆچوون و را و پێشنیارکانیان بە هەند وەربگرن. ئازادی دەتوانێت یارمەتیدەربێت، بۆ ئاوەی منداڵان ژیانی تایبەتی خۆیان بەدەستەوەبدەن و خۆیان کەشکانیان چارەسەربکەن و بەرپرسیارێتی بۆیارکانیان و ئەنجامەکانی کارکانیان هەڵبگرن.

لە بەندی (١٩) ی جاڕنامەی گەردوونی مافکانی مرۆڤ، کە لە ڕگەی ڕکەوتنامەی نێتاوە یەکگرتووکانەوە بە مافکانی منداڵان دانراوە. باس لەوە دکات کە هەموو منداڵێک مافی بشداریکردنی هەیە لە هەموو ئاو بابەتانەی پێوەندییان پێیەوە هەیە.
ڕگەی ئازادی دەربڕین لە منداڵکانتان مگرن. شوورەیکی ترسیان بە دروست مکەن، با بە ئاوپێی ئازادی و راشکاویەوە را و بۆچوونکانی خۆیان دەربڕن ـ تەنانەت ئگەر پێتان وایە هەڵەشبن ـ فێریان بکەن گوێبیستی بۆچوون را و قسکانی کەسانی تربن ـ تەنانەت ئگەر پێشیان وابێت کە کەسانی تر هەڵەن.
(جەرج واشنتەن) دەڵێت:"ئگەر ئازادی دەربەینمان لێبسەنەوە، ڕنگە ئەم بڕاو بدەنگی ببینەوە. بدەنگیش وەک مەڵ وایە، بڕاو سەربەینگە دەبڕێت".
گەر خەزانکان دەخکی ئاوتە بە منداڵکانیان نەخسەنن، بە ئاوەی بە ئازادی سۆز و خرۆش و هەڵچوونکانیان دەربڕن. دووچاری فشار و متبوون و تکچوونی دڕوونی دەبن. ناچاردەبن ڕفتار لەگەڵ سۆزداری پەنگخواردووی دڕوونیان بکەن. ئەمۆش دەبێتە هۆی بڕدەوامی خەمکی و دێتەنگی و تکچوونی دڕوونییان.

هەست و سەزدایەکانیان بە نەستی و بە ناتەندروستی دەجووڵێن و دەوروووژێن.
کەواتە زەر گرنگ و پێویستە، گرنگی و بایەخ بوو بدەین، کە چی هەش و بیری منداڵەکانمانی سەرقاڵ کردوون. دەبە هانیان بدەین بە ئازادی و بەپێی ترس و شەرم، بە قسەکردن یا بە نووسین یا بە وێنەکێشان یا بە گەرانی موزیک و هەڵپەڕکێ، ئەوەی دەیانەوێت دەریان ببڕن. نابێت قسەکانیان پێببڕین. فەری ئەوەشیان بکەین کە چۆن ئازادی دەربڕین بە خۆیان ڕەوا دەبینن، ئاوهاش گوێ لێ کەسانی تر بگرن و ڕێز لە ئازادی و لێ را و لێ بچووننی جیاوازی هاوڕەگانیان بگرن. هەستی کەسیش بریندارنەکەن. دەبە هەر لە منداڵییەوە ئەوە لەهۆشیاندا بچەنین، کە ئازادی مانای بەرپرسیارێتی و ملهوڕی نییە. ئازادیش سنوور و یاسای هەیە. مرۆڤ تا ئەو ئاستە ئازادە، کە پشێلی ئازادی و مافەکانی کەسانی تر نەکات و سنوور نەبەزێنێت.
بە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە، ئەو ساغ بۆتەوە، کە ڕەزگرتن لە ئازادی دەربڕینی منداڵان، هەڵکارێکی گرنگە لە هەڵکارەکانی باڵادەستی و پشکۆوتنی منداڵان. منداڵان بەوەش ناسراون، کە کنجکاو و خۆدەرخەرن و زەر دەپرسن. جار و باریش بە پرسیاری سەیر، ڕامان و دامانمان دەکەن. بەڵام ئەمە خاڵێکی ئەرێنییە و نیشانەی زیرەکییانە، هەرگیز نابێت وەڵامی پرسیارەکانیان نەدەینەوە. یا بە وەڵامێکی ناڕاست و سەقەت بەڵێیان بکەین. ئەوان دەیانەوێت ئەوانەی نایانزانن، بیانزانن.
هەندێک لە منداڵان، گرفتی بەتوانایی ڕادەربڕین و گوزارشتکردن و نەبوونی ئازایی ئەدەبییان هەیە. ئەمەش پێوەندی بە ترس و شەرم و گۆشەگیری و دەستەپاچەیی سەپێنی دایکان و باوکانیانەوە هەیە. کە تووندوتیژ و تووڕە و ڕەقن لەگەڵیاندا، سەرکۆڕ و سەرکوت و دەمکوتیان کردوون. بە شێوازی فەرمانکردن وسکت و بیدەنگیان کردوون. بەری ئازادی دەربڕینیان لێگرتوون. بە لای ئەمانەوە، دەبێت منداڵان لە ڕووی گەورەکانەدا، دەمیان دابخەن و قسەنەکەن، تەنها گوێبگرن و گوێدێری گەورەکان بن.
(یەنامات) دەڵێت:"تا تەمەنی سیانزە ساڵیم، وامدەزانی ناوم ـ دەمت داخە ـ یە".
لەم پێودانگەوە، پێویستە هەموومان ئەوە بزانین، کە ئازادی دەربڕینی منداڵان چەند گرنگ و پێویستە. چ کاریگەرگرییەکی

ئەرێنی لەسەر گۆشەکردنی تواناکانی مندالان هەیە. نەک تەنها ئەم مافەی منداڵەکانمان بە ڕەوا و پێویست بزانین. بەکو پێویستە بوار و زەمینەیان بۆ بڕەخسێنین. هانیان بدەین و ئافەرین و دەستخۆشیان لێبکەین.

ڕزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٤

شیعر\ گۆتن.. فەرهاد کەریم

بۆدەنگیت دەپارێزم
ماندووم ژیان زۆری گووت
پێش من مەڕۆ
تاریکە دەڕۆ و پڕ گۆتەیە ژیان
بۆدەنگیت جوانە
مردنێکی قووڵە ژیان
سەری گام هێندەی گووت
مردن کورتە و زوو دەگەیت،
چەقیووم لە ڕۆ
دەترسم لە دەمی ژیان
بمرم و مردن نەگات
سەری گام هێندەی گووت
تارماییی گۆم
مردنم پڕ ناکا ژیان
تارماییم جێدەمێنێ
مردن نەگات،
کە ڕۆژ ئاوادەبێ
گۆرانیی بۆ بڵێ
حەزی لە گۆرانی ئارامە ڕۆژ
ماندووە
پیر و ڕەنگ زەرد
پەشۆ و خەمبارە ڕۆژ
لە تاریکی خەوی لێکەوێ

وه ئاگانێ ڕۆژ،
پێ ژیان بە مردن
دوور لە مرۆڤ وشەیەک نێتە ناو زمان
مردن مرۆڤ دەگێ و مرۆڤ ژیان
ڕۆژ نوستووە لە دونێ ناچم
پەرتم لە ناو دەمی ژیان
دەمت داخە
مرۆڤت بێ جوان ناکرێ
بێ گایین لێرەیە و
گوو لە ژیان
ژیان کەمی ویست
زۆری ویست مرۆڤ
بێدەنگیت ترسە
ترسە لە ڕۆژ
ترسە لە ژیان
هەر بێێ و تا دەێێیت
بیرت نەچێ مردن قووت نادرێ

دوو بروسکێ شیعر.. هێدی گێێاڵی

داگیرکردن

تێ لێ بڕڕکانی
شێێی عێشقێکێوێ
هێرشت هێنا بێ سێر شاری دڵم
سێرکێوتوو بوویت
بێێام نازانم!
فتوحاتت کرد
یا …
داگیرت کرد
دڵی من!

ێێژوو

لە کازیوە تا زەردەپەڕە
ڕۆژووی عەشقم نەشکاندووە
وەرە لەم نزیک بڕەوە؛
هیلاکی لەشم دەربکە بە
ئامانەک!
وەرە لەم نزیک بڕەوە
تینوێتی زمان بشکێنە
بە تۆی
نەرمی لەوانت.

مردارباوونەوەی بەکەمەڵەی نەورەسکان

بە یەکەم جار لە هەرەمی کوردستان کارەساتێکی گەورەی ژینگەیی کە ووبەڕووبوومان بووەتەوە. بەو پێیەی کە هیچ سەرچاوەیەك بەردەست نییە بۆ تایبەتی باس لە مردارباوونەوەی بەکەمەڵەی نەورەسکانی کردبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەم جارە لە جیهاندا کارەساتێکی لەم چەشنە ڕووبدات.
بۆ پێی سەرچاوەی بەردەست لە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی)، پسپۆڕانی بواری ژینگە، پێشبینی دەکەن کە مردارباوونەوەی بەکەمەڵەی باڵندەکان دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار:
١ــ بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان: بۆ نموونە، ئەنفلەنزای باڵندە دەکرێت ببێتە هۆی مردارباوونەوەی بەکەمەڵەی باڵندەکان.
٢ــ ژەهری ژینگەیی: خواردنی ماددە ژەهراوییەکانی وەك دژە مێروەکان یان ژانی نەوت کوشندەیە و بە هەمان شێوە دەبێتە هۆکاری مردارباوونەوەی بەکەمەڵە.
٣ــ برسیێتی: نەبوونی خۆراکی پێویست، لەوانە کەمبوونەوەی ڕێژەی ماسی یان کەبەکەی نیوان باڵندەکان بە بەدەستخستنی خۆراکی ڕۆژانە، لە برسا مردارباوونەوەی باڵندەکانی لە دەکەوێتەوە.

ئەمەی هونەرمەندان نیگەرانی شواندنی ژینگەکەمانین، ئەگەر هەڵکارەکەی سروشتی بێت یاخود مرۆیی، ئەمە هەست بە ئازار و

دەتوانگیریەکی زۆر دەکەین بۆرامبەر شەواندنی ژینگە. هەر بۆیە وەک هونەرمەندێك هەوڵم داوە ئەم کارساتە لە تابلۆیەکدا کە بکەموە کە ببێتە هۆشیارکردنەوەیەك بۆ هاوڵاتیان و ژینگەدۆستان تاکو زیاتر پارێزگاریی لە سروشت و ژینگەکەمان بکەین و جوانییەکانی بپارێزین.

وەنەوشە هونەرمەند: ژوان باقی

دەکارت ڕەخنەگری جیهانە مەدەرنەکەمان.. ڤاتێر تسیگلەر.. کاوە جەلال لە ئامانییەوە

تێبینیی وەرگێڕ

(ئەم موحازەرەیەی ڤاتێر تسیگلەر کە تەمارە قیدیەیەکی لە یوتوبدا دابەزێنراوە و هەر لەوەوە وەرگێڕاوە، یەکێکە لە زنجیرە موحازەرەکانی ئەو لە بارەی فیلسوفانی جیاواز، موحازەرەکانیش "شەست خولەکی"ن، بۆیە بە نموونە ئەم موحازەرەیەی ئەڕۆها ناوناوە "دەکارت لە شەست خولەکدا".

[بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..]

KawaJalal_DekartDownload

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە بۆ ڕۆمانی مرۆڤی هەرزان.. شەماڵ بارەوانی

مرۆڤی هەرزان، دووەم ڕۆمانی کاکە (گەران سەباح)ی ڕۆمانووس و ڕەخنەگرە، کە بیخوێنمەوە.
بیرمە لە کۆلێژی شەریعە و قانونی چوار بووم، بۆ یەکەوت ڕۆمانی(دووی سوور)ی نووسەر کەوتە بەر دیدەم و کڕیم و بردمەوە حوجرە و خوێندمەوە.
سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە پێشووتر بڕیارم دابوو قەت لەسەر ڕۆمانی ڕۆمانووسە کوردەکان نەنووسم. تەنها لەسەر کۆمەڵێك لە ڕۆمانکانی(جان دەست) و (سەلیم بەرەکات)م نووسیوە و لە چەند ڕۆژنامە و ماڵپەڕێکیش ڕانانکانم بڵاوبوونەتەوە. هەڵبەت ئەو دوو نووسەرە کوردە، ڕۆمانکانیانم بە زمانی عەرەبان خوێندەوە. ئینجا با بڵێنەوە سەر (مرۆڤی هەرزان)ی کاکە گەران سەباح. کاکە گەران لە ڕەخنەکانی، لە چاوپێکەوتن و نووسینە ڕەخنەیی و لە کتێبکانیدا زۆرجار ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕۆمان دەبێت دەستپێکێکی بە هێزداو و چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش دەست پێبکات و خوێنەرهەژێن بێت، ڕۆمانە کوردییەکان ئەوە ڕەچاو ناکەن. هەڵبەتە ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان)ی کاکە گەرانیش، دەستپێکێکی و مرۆڤبارینێکی بە من، نە سەرنجڕاکێش و نە هەژێنەر بوو. بە بۆای من تەنها ڕۆمانووسە ئەروپی و ئەمریکییەکان دەتوانن بە تەواوی لەسەر ڕۆمانی(خەیاڵی زانستیی)بنووسن و حەقی خۆی وە بدەن. نووسەر و ڕۆمانووسی کورد ئەو زیرەکی و توانا و مەعریفە و خەیاڵە دوورەماندە و شارەزاییەی نییە سەبارەت بەو بوارە، تا بتوانێت ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات و حەقی خۆی وە بدات. ئەوان لەناو داهێنانە زانستیی و تەکنەلۆژیەکاندان و خەیاڵیان زۆر فراوان و دوورماندە. نووسەری کورد هەشتا بە ئەقڵی ناوچەگەرێتی بیر دەکاتەوە و ئاستی مەعریفی و ماڵی خەیاڵی بڕشی ئەوە ناکات و هی ئەوە نییە ڕۆمانی خەیاڵی زانستیی بنووسێت. ئەو نووسەرانەی ئاستی هەشیاری زۆرکیان هەشتا سنووری شارچێیەتی و دەڤەرچێیەتی تێنەپەڕاندووە.
ئەو گۆڕانکارییانەی کە کاکە گەران لە ڕۆمانکەی(مرۆڤی هەرزان) پێشبینی دەکات، کە لە سایەی زانست و تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووددەن، هەرگیز لەو تەوقیت و

کاتێ زووەدا ڕوونادەن، کە نووسەر لە ڕۆمانی(مرۆڤی هەرزان)دا ئاماژەی پێ کردووە. بە نموونە لە ڕێکەوتی(٢٠٤٧/١٢/١) هەموو چەکە ئەتۆمییەکان دەفەوتێن و لە ساڵی(٢٠٤٦) ئەمریکا کەریای باکوور لەسەر نەخشە دەستنووسەو و کەریای باکوور نیوەی کەریای باشوور لەناو دەبات و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت بە(کەمپانیا یەکگرتووەکانی ئەمریکا). لە هەمان تەوقیت(ڕووسیا و ئۆکرانیا و جۆرجیا یەکێریان نەهێشت و هیندستان و پاکستان یەکێریان بە چەکی ئەتۆمی خۆنی کرد). یانی ئەو ساڵانەی کە ئەو پێشبینی تێدا کردووە لە ڕۆمانەکەیدا، کە تێیدا جیهان و مرۆڤایەتی تووشی گۆڕانکاری سەیرسەیر دەبن، مەگەر لە فیلم کارتۆن و خەیاڵی نووسەر، سەرڕای گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و زانستییە خێراکان جێگایان ببێتەوە، دەنا هەرگیز وا زوو ئەو کارەسات و گۆڕانکارییانە لە واقیع ڕوونادەن.

کەمێک ڕۆمانی خەیاڵی زانستیی وەک(هەسارەی مەیموونەکان، ئامەری زەمەن و دوورگەی دکتەر مۆرۆ) کە هەرسەکیانم بە زمانی عەرەبان و بە(PDF)خوێندووەتەوە. بەڕاستی ئەوانە ڕۆمانی خەیاڵی زانستین. خەیاڵی زانستیی، مانای ئەوە نییە ڕۆمانێک بنووسیت و لە فیلم کارتۆن بچێت. شتانێکی کەمدی و ناواقیعی و دوور لە ڕاستیی، لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا ئیز بکەیت و لە بەرگی ڕۆمانی (خەیاڵی زانستیی)دا بە خۆڕکی بفڕۆشیتەوە. خەیاڵی زانستیی ئەوە نییە شتی خەیاڵیی پووچ و بەمانا ئیز بکەیت و ڕۆمانەکەتی پێ پڕ کەیتەوە.

ئامەری زەمەن(The Time Machine)، ڕۆمانێکی خەیاڵی زانستیی قەبارە بچووکی(٩٣)لاپەڕەیی(هەربردت جۆن ویلز-١٨٦٦ – ١٩٤٦)ی نووسەر و ڕۆمانووسی بە ڕۆگەز ئەمریکییە و یەکەم چاپی لە ساڵی ١٨٩٥لە بڵاوبووەوە. ئەو ڕۆمانەش بە هەمان شێوەی دوو ڕۆمانەکەی تری نووسەر(جەنگی جیهانەکان) و (دوورگەی دکتەر مۆرۆ)، دەنگدانەوەیەکی مەزنی دروست کرد و سەرکەوتنێکی کەموێنەی بەدەست هێنا و توانی ببێت بە ئایکۆنی ئەدەبی ڕۆمانە زانستی و خەیاڵییەکان لە سەدەی بیستەمدا و خەی بخزێنێتە جیهانی نواندن و فیلم و سینەماوە و چەندین فیلمی سینەمایی لە بارهەم بهێنرێت و دەیان نووسەر و ڕۆمانووس، بە ئیلهاموەرگرتن لەو شاکارە مەزنە و لەژێر کاریگەری ئەو بارهەمە ناوازەیدا ڕۆمان بنووسن. لە گرینگترینیان هەردووک ڕۆمانکانی(ئامەری ئاسمان)ی کریستۆفەر بێیست لە ساڵی١٩٧٦ و(کۆشتیەکانی زەمەن)ی ستیڤن باکسار لە ساڵی ١٩٩٥.

ئامەری زەمەن، گۆشتکردنە بەناو کات و زەماندا، بینی قەناغی ئەستایە و ڕۆیشتنە بە ئایێندە و سەردەمی داهاتوو، گۆشتکی نامۆ و ئەفسووناوی، گۆشتکی هەشتەژەی بلیمەت و داهێنەر

و زانایەکی لێهاتووی ڕۆبواری زەمانە و پاڵەوانی ڕۆمانەکە، بە ساڵی(٧٠١، ٨٠٢زایینی)
بە زەمانەکی زۆر دووری دوای سەدەی نۆزدە و ئەو کاتەی کە نووسەر ئەو شاکارەی تێدا نووسی.
چیرۆکی ڕۆمانەکە لە سەدەی ١٩ی زایینییەوە لە لەندەن دەست پێدەکات.
(ڕۆبواری زەمانە)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئامێرێك دروست دەکات بە مەبەستی گێشتکردن بە داهاتوویەکی دوور و نادیاری مرۆڤایەتی و لە ڕۆگەی ئەو ئامێرە پێشکەوتووەدا سنووردارکانی کات و زەمەن دەبڕێت و گێشتی زەمانەکی دوور بە نێو دوو جۆر لە ڕۆگەزی مرۆڤ دەکات.
نووسەر لەو گێشتە خەیاڵییە و زانستییەدا، فیکر و هوئیەی مرۆڤمان لە بارەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی و کەمایەتی بە دەخاتە ڕوو و تیشك دەخاتە سەر ئایندەی ژیان و داهاتووی تاریك و نادیاری مرۆڤایەتی. داهاتوویك، دوو جۆر ڕۆگەزی تر لە دەرەنجامی پەرەسەندندا لەنێو مرۆڤایەتی لەدایك دەبن و بەدەردەکەون. (ئیلویەکان)و (مەرلەکەکان).
ئەو دوو جۆرەی زۆر جیاوازن. ئەو دوو جورە ڕۆگەزەی لە دەرەنجامی جیاوازی چینایەتی و هۆزاری و دەوڵەمەندی دروست دەبن.
سەیر کەن و بڕاورد بکەن لە نێوان کاتەکانی ڕۆمانی(ئامێری زەمەن) و (مرۆڤی هەرزان). یەکەمیان تەخمینەکانی زۆر دوور دەکات و وا پێشبینی دەکات کە لە ساڵی(٧٠١، ٨٠٢ز) گۆڕانکاری گەورە ڕوو دەدەن. با زووتریش ڕووبدات، کەچی ئەو، زۆر درەنگتر دەڕێت.
کاکە گەرانیش لە ڕۆمانی مرۆڤی هەرزاندا(٢٠٤٦ و ٢٠٤٧) و ڕێکەوت و کات و ساڵی تری نزیکەودا دادەنێت بە ئەو گۆڕانکاری و کارەساتە گەورانەی کە لە جیهان ڕوودەدەن. بە نموونە لە پازدە بە بیست سی ساڵی داهاتوو بە گوێرەی خەیاڵی نووسەری مرۆڤی هەرزان، خۆرکی(لەنێو دەفری فەیوی تایبەتی خەیان، لە ئاسمان خەیان بە چیای سەفین دادەدەن).
ڕۆمانی (هەسارەی مەیموونەکان)، کە ڕۆمانەکی ١٨٣ لاپەڕەیی پێست مەدەرنەیە و دەچێتە خانەی ئەدەبی خەیاڵی زانستیی، ساڵانی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتی و ژیان و ژیار ڕوودەدەن، هێندەی نەهێناوەتە پێش و مەودای گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، وەك ئەوەی(مرۆڤی هەرزان) بیست سی ساڵەك نین.
بەڵاستی ڕۆمانی(خەیاڵی زانستیی) دەبە خەیاڵ لەسەر بنەمای زانست بێت، نەك ئەفسانە یان خەیاڵێکی پووچ و بێبنەما و تەنها نووسینەوەی خەیاڵ لەپێناو خەیاڵ بێت.
هەسارەی مەیموونەکان، چیرۆکەکەی باس لە گێشتکی زانستیی سە

کۆشتیوان و پزیشک و پسپۆر و زانایەك(ئەنتل) لەگەڵ ئەژنامەنووسەك(ئەلیس) و پزیشكەك(ئارتەرلەقان) دەكات لە ساڵی(٢٥٠٠)بۆ هەساریەكی نوێ. هەساری(سەر).
هەرسەكیان گەشت دەكەن و لە كاتی گەشتكردنیاندا كۆشتیەكی ئاسمانی لە دووراییی مەودای ٣٠٠ساڵ لە هەساریەكی تر دەكەوێتە خوارەوە.
هەساریەك لەشێوەی هەسارەكەی ئێمە. هەساریەك دانیشتووانەكەی هەمووی براو تەبا و یەكگرتوو و زۆر بەكەشان، نە سوپا و نە هێزی سەربازیی و لەشكریی، هیچی تێدا نییە. لەو هەساریەدا تەنها پۆلیس هێزی هەیە.
هەساریەك شار و شۆقام و كارەبا و فڕۆكە و ئۆتۆمبیل و باڵەخانە و تەلار، گیاندار، كێوگەڵ و دارستان و ڕووبار و چیا و سەوزایی لێیە.
خاوەنی پەیمانگەی لێكۆڵینەوە و لێتوژینەوەی بیەلژین. لەسەر ئاستی زانستیی و داهێنان و پێشكەوتندا، تا ئاستی دروستكردنی مانگی دەستكرد هەنگاویان ناوە.
ئەو هەساریەی كە دانیشتووانەكەی مەیموونەكانن، مەیموونی لە جۆری شمپانزی و گۆرێلا. شمپانزییەكان، ئەو مەیموونانەی پێشكەوتوون و لە قۆناغێكی شارستانیدا دەژین، توانای نووسین و داهێنان و بیركردنەوە و قسەكردنیان هەیە و خاوەنی تەكنەلژیای پێشكەوتوون و هەر خۆشیان ئەو هەساریە بەڕێوەدەبەن و دەسەڵات و فەرمانڕەوان بەسەر هەموو ئەو مرۆڤە سەرتاییانەی كە لەوێ دەژین. ئەو مرۆڤانەی هیچ داهێنان و زانست و تەكنەلژیا و پێشكەوتنێك لەناویاندا بەدی ناكرێت.
غەرقی جەهل و نەزانی و دواكەوتووین و تەنانەت زمان نازانن و وەكو ئەو قوناغەی مرۆڤووی مرۆڤایەتین، كە مرۆڤ هەشتا ئاگری نەدەزیبووەوە و هیچ ئامێرێكی دروستنەكردبوو و زمانی دانەهێنابوو نەیەدەزانە بەدەو و هەشتا لە قۆناغێكی زۆر سەرەتاییدابوو.
مەبەستم لەرە گیانەوەی ڕووداو و چیرۆكەكانی ڕۆمانەكە نییە، هێندەی كاتەكە و پێشبینییەكەیە. كاتێكی دوورەودا و ماقوول. نێك تە كاتێكی ناماقوول و گاتەجار و نزیك مەودای پازدە بۆ بیست سی ساڵێك دابنێیت و بڵێیت هێندە خەرا لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵی تر یان تۆزێك دواتر، جیهانێكی تر لە جۆی ئەو جیهانەی ئێمە، دەتە دی. هیچیان لە هی ئێمە ناكات. پەهمان: نەوەی نوێی ڕۆبۆت و دەفری فڕیو مرۆڤ و ژیان كۆنترۆڵ دەكەن و "كۆنەدی- كوردەكە و پێشكێشكاری بەرنامەی(ژیان لەسەر مەریخ)ە و كۆمپانیای ڕووداو و چیرۆك و شتی تری زۆر خەیاڵیی دوور لە زانستیشی بە بكەیت بە بەگژ، وەك ئەوەی

مرۆڤی هەرزان.
ئینجا بە ئاستی ئەو دەستپێکەی ئەمانی(مرۆڤی هەرزان) و کەوتنەخوارەوەی مرۆڤەکان، ئەك دەڵێی فیلم کارتۆنی مەندیالە. واتا شتێکی تەواو خەیاڵیی. تەواوی ئەمانەکەش بە من، هیچ هەژان و شتێکی هێندە سەرنجڕاکێشی تێدانەبوو.
وەك ئاماژەم پێ دا، کە هەنینەوەی چیرۆکی خەیاڵیی و نازانستیی، ئەمان ناکات بە ئەمانی خەیاڵی زانستیی. ئەمانی خەیاڵی زانستیی، مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە لە مەترسییەکانی پێشکەوتنە زانستیی و تەکنەلۆژیاکان لە داهاتوودا، گەر بێت و ئەو پێشکەوتن و داهێنانە زانستیی و تەکنەلۆژییە لە خزمەتی مرۆڤایەتی و ژیاندا نەبێت. نەك تەبیەت و شتی وا خەیاڵیی بکەیتە ناو دووتوێی ئەمانەکەت، خوێنەر بە پێکەنین بڵێت و سەد دەر سەد بزانێت کە وا درێی لەگەڵ دەکرێت و لە خێی و لە کاکی ئەماننووس بپرسێت: چۆن(لە سی و چوار ساعاتی ئابردوودا هەشت ملیۆنی تر خەیان کوشتووە) و (ئەژدیهای خەکوژان بەرز بووەتەوە بە دە ملیۆن لە ئەژدەکدا) و(ژمارەی خەکوژان گەیشتووەتە یازدە ملیۆن لە ئەژدەکدا)؟
بەڵاستی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو دەڵێدا، هەست دەکات درێی لەگەڵ دەکرێت و چیرۆکێکی سرف خەیاڵیی و ناڕاستی بە باس دەکرێت. وای لە دێت تاقەتی خوێندنەوەی ئەمانەکەی نەمێنێت و لە کەی ڕووداو و چیرۆکەکانی ئەمانەکە بکەوێتەوە گومانەوە و ئەو هەستەی لا دروست بێت کە ئەو ئەمانك سەبارەت بە فیلم کارتۆنێکی خەیاڵیی دەخوێنێتەوە، نەك ئەمانێکی خەیاڵی زانستیی.
ئەمانی خەیاڵی زانستیی، دەبێ خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بکات ڕووداو و چیرۆکەکانی، ئەگەری ڕوودانیان هەیە و ترسەك دایبگرێت و هەست بکات، کە ئەوەی ئەو دەیخوێنێتەوە، ڕاستە جارە ڕووی نەداوە، بەڵام بەهەی ئەوەی کە نووسەر هێندە هونەرمەندانە و شارەزایانە چیرۆکەکانی هەنیوەتەوە، لای ببن بە حەقیقەت و ئەو قەناعەتەی لا دروست بکەن، کە زوو یان درەنگ، ئەوەی ئەماننووسکە باسی لەوکردوون، ڕووددەن. قسەکانی ئەماننووسکە هێندە قەناعەت پێکەربن، خوێنەر بهەژێنن، نەك شتی هێندە بەبنەما و سرف خەیاڵیی بئاخنیتە ناو دووتوێی ئەمانەکەت، خوێنەر وا لێبکەیت کە هەست بکات درێی لەگەڵ دەکرێت و ئەو شتانەی ئەم باسی دەکات، خەیاڵ و مەحاڵن و هەرگیز شتی وا ڕووناددەن، مەگەر لە خەیاڵی ئەماننووس نەبێت.
هەربرد، بە نووسەری ئەمانە خەیاڵی زانستییەکان ناسراوە و ناسناوی ئەدیبی پێشبینیکەر(متنبئ)ی پێ بەخشراوە. ئەدەبی فەنتازی و خەیاڵی زانستیی لە ڕوانگەی هەربەرد جەرج ویەلزەوە، تەنها گەڕانەوەی چیرۆکگەلێکی ئەفسانەی بەناوبانگ و بەئامانج و بەهوودە و کاتکوژ و

بەمانا و سەرکەشیانە نیە. بەکو لە هوانگەی ئەو، ئەدەبەکی پابەندە و باسکردنە لە شتگەلەك، کە لەوانیە لە داهاتوودا ڕووبدەن!
نموونە، ئەو یەکەم کەسەك بوو وێنای چوونەسەرمانگ و گەشتی ئاسمانی کردووە و قسەی لەسەر کردووە و لە ساڵی١٩٠١ەمانکی خەیاڵی و زانستیی نووسی بەناوی(یەکەمین پیاوانەك لەسەر مانگ) واتا بە ٧٤ ساڵ پێش ئەوکاتەی مرۆڤ پێ بخاتە سەرمانگ. ئەوکات لەوانیە چیرۆکانی ناو ەمانکە و باسکردنی گەشتی ئاسمانی و چوونەسەرمانگ، لای خەڵکەکی زۆر تەنها چیرۆکگەلکی بەمانا و باسکردن بێت لە شتی خەیاڵیی و پووچ و بەماناو نا ئەقڵانی.
پاشان کاکە گەران زۆرجار لە ەخنەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ەمانووسە کوردەکان ەچاوی تەمەن و ئاستی مەعریفی و هۆشیاری و قسەکردنی کارەکتەرەکان ناکەن. واتا ناکرێت کرێکارەك و کەسکی ئاسایی بە زمانی فەیلەسووفەك قسە بکەن و دکتۆرەك بە زمانی پیاوەکی ئایینی و منداڵەك بە زمانی بە تەمەنەك و فرۆشیارەك بە زمانی پرۆفیسۆرەك. واتا کارەکتەرەکە دەبێت زمانحاڵی خۆی بێت و لە چ ئاستەکدایە، لەو ئاستە قسە بکات، یان کارەکتەر کاتەك قسە لەسەر شتەك دەکات، نابێت بێئاگا بێت و دەبێت شارەزایی لەو بوار و بابەت و شتە هەبێت. کەچی خۆی پێچەوانەی ئەوە جووەاوەتەوە، بەنموونە: "کانت و نیچە و فرۆکە و مارکس و ئەوانی تریش، پێش ئەوانیش ئەفلاتوون(پلاتۆ ئاستۆ) و سوقرات و ئەرستۆ، هیچیان نەیانتوانی مرۆڤ ڕزگار بکەن، ئەوانە مرۆڤیان بەرەو پەپووتیی ئەخلاق و پووچگەرایی برد."
هەر بەڕاستی دەبێ نووسەر هەندێ لە بواری فەلسەفە و ناسینی فەیلەسووفان بێئاگا و کەڵەوار و نەشارەزا بێت، تا بێت و ئاوا کورد گوتەنی دە و دەشاو تکەڵە بکات! باشە کانت و نیچە و مارکس، دەبێ چی پکەوێیان کە بکاتەوە؟ یەکەمیان ئەقڵانیی و دووەمیان دژە ئەقڵ و پێست مەدەرن و سێیەمیان ئابووریناس و کەمەناس! ئینجا من تێناگەیشتم چی ڕایەیەك لەنێوان پووچگەرایی و مارکس و کانت و پلاتۆ و سوقرات و ئەرستۆدا هەیە؟ ئەوە زانیمان نیچە پووچگەرا و عەدەمی بوو، بەڵام سوقرات و کانت و مارکس و پلاتۆ و ئەرستۆ بۆ؟ (ئەوانی تریش) کە نووسەر دەڵێت، نەمانزانی کێن. دیارە نووسەریش وەك سەلەفی و ئیسلامییەکان لە دوورەوە گوێی لە ناوی کانت و نیچە و فرۆکە و مارکس و سوقرات و پلاتۆ و ئەرستۆ بووە. گەر نا چۆن ئەو فەیلەسووفە مەزنانە بە پەپووتی ئەخلاق و پووچگەرایی ناوزەد بکات.
ئەی هاوار! ئەو کارل مارکسەی هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو بەرگریکردن لە چینی چەوساوە و مافی کرێکار و جووتیار و عەدالەتی

کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ژیاندۆستی بوون کرد، تا بیت و بە پێپووتی ئەخلاق و پووچگەرای دابنێیت! من تا ئێستا گوم لە هیچ سەلەفی و ئیسلامییەك نەبووە ئەو جۆرە مەعریفییە بە ماركس بدات، کەچی نووسەری ئەمانی مرۆڤی هەرزان دای.
ناخێن با کارەکتەر هەموشتزان بێت. وەك ئەوەی بەرزیان لە ئەخنەکانیان گلێیی ئەو هەموشتزانییەی کارەکتەرەکان لە ئەمانووسە کوردەکان دەکات. بەڵام ناکرێت کارەکتەرەکێت هەندە نزانیش بێت، نزانە ماركس و نیچە، فرۆید و سوقرات، کانت و پلاتۆن و چی جیاوازییەك لە فەلسەفەکانیاندا هەیە، کەچی هەرشیشیان بکاتە سەر!
گوتراوە کە: ئەمان هونەری نووسینەوەی بیرۆرییەکانە.
لای من، بچۆترین ئەمان، ئەو ئەمانانەن، کە بیرۆری و بیگرافیان، نەك خەیاڵیی و بەرهەمی خەیاڵی نووسەر. لە ئەمانی بیرۆریی و بیگرافیادا، خوێنەر هەست دەکات درێی لەگەڵ ناکرێت و ئەو بەر کارەکتەرگەلێك دەکەوێت، هەست دەکات ئەوان کارەکتەری ئاستەقینەن و ڕووداو و چیرۆکانی ئاستەقینەن و جاری وایە هەم چیرۆك و ڕووداوەکان و هەم پاڵەوان و کۆمەڵایەتی و کارەکتەرەکانیش لە خەیاڵەوە نزیکن و لەو دەچن. ئینجا ئەمانی بیرۆریی، ڕووداوەکانیشیان، با خەیاڵ و فانتازیای تێکەڵ بێت، بەڵام هەڵهێنجراوی واقیع و لە دایکبووی حەقیقەتێکن. بە نموونە ئەمانی:
-بیرۆرییەکانم لە زیندانی ژنان- نەوال سەعداوی
-قەپەلك- مستەفا خەلیفە.
-بیروڕی ماڵی مردووان- دەستێڤسکی.
-نانی ڕووت- محەمەد شوکری.
-ئەمانەکانی فزیلە فاروق و...هتد.
لە ڕووی زمانەوانیشەوە ئەم ئەمانە پڕ لە هەڵەی ئینووسی و ئەزمانی و خاڵبەندی.
هەندێك هەڵە و هەندێك ڕستەیش ئاگەر نووسەر وای نووسیبان، گەلێك ئاستەر و جوانتربوو.
بە نموونە:(ئەوانەی مەیتیان قەت نایەتە دەزینەوە.)
ئەوانەی تەرمەکانیان نادەزرێنەوە، جوانترە.
(هەر بابایە یەك هەزار هەڵ ێیز دەکات.)
(هەربابایە هەزار هەڵ ێیز دەکات)
سێ هەزار زانای پیاوی بالابەرزی کەچەڵ.
سێ هەزار زانای باباڵبەرز و کەچەڵ، جوانترە. پیاوەکە ناشیرین و زیادە.
(قەسی لەژێر پەستی دا وەك مەرووڵە هامشە دەکات.)

قۆس دەبوو، جوانترە.
(چەندان ساڵ بوو مەتال بە بەش ببوو لە بابی.)
چەندین ساڵ بوو مەتال لە دیدار یان بینینی بابی بەبەش ببوو، جوانترە.
یان دەڵێت: (کەبابیان خوارد، سەیری فیلمیان کرد، سەمایان کرد، پیاسەیان کرد، لە هەموو گرنگتر، قسەیان کرد.)
یانی لە کاتی ئەو هەموو کەبابخواردن و سەیرکردنی فیلم و سەماکردن و پیاسەیە، هیچ قسەیەکیان نەکردیە؟
(سامی سەردانی کچەکەی کرد، لە ئەپارتمەنتە یەك ژووریەکەی نوستبوو.)
ئەپارتمان لە چەند قات و چەندین ژوور پێك دێت، نەك یەك ژوور.
نووسەر لە لاپەڕە ٧٦ دەڵێت"سامی سەردانی کچەکەی کرد، لە ئەپارتمەنتە یەك ژووریەکەیدا، نوستبوو.
کەچی هەر لە هەمان لاپەڕە هەمان ئەپارتمەنتە یەك ژووریەکە، دەکات بە پێنجا نهەمی و دەڵێت: "سامی ویستی سەرخۆشك بشکێنێت، بەڵام خۆی زۆابوو. چووە باکۆن، لە نهەمی پێنجاوە تەماشای شارەکەی کرد.".
باڵەخانەی پێنجا نهەمی و یەك ژوور چەن دەبێت؟
باشە ئەو هەموو نهەمە چی بووە؟ مەگەر تەواڵەت یان پارکینگی ئۆتۆمبیل بوون؟
یان دەڵێت: (زانایان دەرزیەکیان دروست کردووە بە وشککردنی(قشپل) ئە قشپل لە بیانی تا ئێوارە تیشکی خۆری لە بدات، هەر بە خۆی وشك دەبێت، چ پێویستی بە دەرزی و زانیانە؟ یان وشککردنەوەی قشپل پرسیەکی هێندە زانستی و گرنگ و زەخمە؟
یان(هەردوو بوونەوەر دەوستن و دەروازەیەکی گۆڕە بە ڕووياندا دەکرێتەوە، دەڵێی ئاسمان شەق دەبە.)
تە باسی زانست و بوونەوەری ئەلیکترۆنی و بوونەوەری تەکنەلۆجی شووشەیی و کانگە و هەسارەی کانگەلەکا دەکەیت و لە ڕەمانەکەت پشکۆتنی زانست و تەکنەلۆژیا گەیشتبێتە ئەو ئاستە کە (ماگنەسکین)، ئامێری گواستنەوەی هەست و وێنە و دەنگ(دیگ)، کە ئامڕازێك بە پشکنینی ڕاستی و درۆ و ناخی مرۆڤ دەخوێنێتەوە دابهێنن، بەڵام نەتوانن ئاسمان کەشف بکەن، ئاخو دینگەی هەیە و هەفت قاتە، وەك ئەوەی ئایین دەیڵێت، یاخود بڕیارە وەك ئەوەی زانست دەیڵێت.)
ئینجا هەر دوای ئەوە دەڵێیت(ئاسمانیش بڕیارە.) و باسی(مایکەڵمێتیرتیس)، گەردیلەی بڕیاری ئاسمان دەکەیت.
یان دەڵێیت"عامووەڵك دە مەتر بە نزم بڕیاری ئاسماندا درژ

دەبێتەوە."
کەواتا بەشایی چۆن شتێک دەبێ؟!
بەشایی-شتێکبوون!
(لە دانیشتن قەدی گرتووە.)
دەقی بە دانیشتنەوە گرتووە، یان خووی بە دانیشتنەوە گرتووە.
جوانتر و ڕاستترە.
(با کات نەچونین)
با کات بە فیڕۆ نەدەین، ڕاستتر و جوانترە.

(تێزووبێک بە (سامی)دا دێت.)
تێزوویێک بە لێشی(سامی)دا دێت، ڕاستترە.

(بە دەنگێکی نیوچەنووساو.)
بە دەنگێکی نیمچەنووساو، ڕاستترە.

(تەپڵە گوڕەکە بە زەویدا وورد دەبێت.)
تەپڵە گوڕەکە بەر زەوی کەوت و وورد بوو، ڕاستترە.

(بە ویستی خێی دەستی بە ڕیشە ماش و برنجیەکەی دا دەنێت.)
ڕیشی(ماش و برنج) ڕەنووسەکەی هەڵدەیە. ماشوبرنج دروستە، وشەی لێکدراوە.

(لەرزی پەنجەکانی دەشارێتەوە.)
پەنجەکانی بە هەی لەرزینەوە دەشارێتەوە، ڕاستترە.

(سامی ئاخیر نەفەرە...)
سامی دوا کەس، یان کەتا کەسە، جوانترە.

(دەیان پرسیار لە سیمایان دەنووسرێ.)
دەیان پرسیار لە سیمایان دەخوێنرێتەوە، یان خەیان دەردەخەن، یان دەردەکەون، یان لە دایك دەبن، ڕاستر و جوانترە.

(سامی تام لە سپیەتیی و کەبوونی هەور دەکات، بەس هەواێی ناخۆشی خەکوژەکان و دوا وتەی مەتاڵی کچی تامەکەی لە تاو دەکەن.)

سامی چێژ لە دیمەنی سپیەتیی و کەبوونی هەورەکان دەبات، بەڵام هەواێی ناخۆشی خەکوژەکان و دوا وتەی مەتاڵی کچی، ئەو چێژبردنەی لە تاو دەکەن، جوانترە.

(چاوانی سووز و گوڕەی، لافاوی نەو چاوی بەر دەدەن.)

ژنی فرمسك لە چاو سوز و گورکانی دباری، جوانتر و ئو وسفی نووسر، زر ناقا و ناشیرین و بتام.

یان(ووماتی پ لە هوا دکات و بە هواشی دیداتو.)
ووماتە دیوی درو یە، چن پ هوا دکرت؟ دکر بین دمی پ هوا دکات. بە پهواکردنی ناو دم، ووماتکان بف ددرن و پیان دگوتر گوپ. ئها گوپکە بە شتکی درپقیو و خ دگوترت.

(بە دنگکی شانازی دگیرنت).
ئستاشی لگدا بت هر نمزانی وشی(شاناز)لر مبستی نووسر چییە؟
ناشت ئویش وك ئو بختیار علییی کە گلیی لە دکات، لە داهنانی بمانا لە وش، ئویش داهنانی کردبت.
هیوادارم مبستی(ناشاز)بت و هی تایپ بت.
یان(نامورتاحی لە هواکە ئوندە ئستوور بە توریش ناپست.)
نازانم هونر و جوانیی ئو دربینە ناشیرین و نا ئدبییە لچیدایە؟
(هموو داهاتم ترخان کرد بە کردنوی خولی دایك و باوکایتی.)
دوو س جار ئو ستیم خوندو، هر نمزانی مبستی چییە لە خولی دایك و باوکایتی!
(هندە گانکی خش دو، بە چل پلە لژر سفر تقی سری د.)
تقی سری د، بس بوو و زر استتر و جوانتریش بوو.
نازانم حیکمت و هونر و جوانیی(بە چل پلە لژر سفر)دا لر چییە؟
یان(گرهندە برسی ئازار بە، ئوا ئو ئازاری سامی زلاتیە.)
ستیکی تا بیت بازای و ناشیرین و نابجیە.
نموونکان هندە زرن. بام من لرو کتایی پ دنم و هیوادارام نووسر لە چاپی داهاتوودا چاکیان بکاتو.
ماوتو بم: زمانی نووسر لاوازە و لە ئاست پویستدا نییە. وك نووسرکی هاوم گوتنی، کە ئویش(مرقی هرزان)ی خندبووو، زر شو و پپووتە.
هر باستی لە نووسینی ئو مانە نووسر هیچ چاوی زمانکی ئدبی باا و برز و جوانی نکردوو و بە زمانکی زر سادە و ژانیی مانکی نووسیو. ناکرت مانی خیالی زانستیی بو زمانە شپو و داماو و نائدبیی و کوار بنووسرت.
زمانکی لاواز، تکشکاو، پ لە ه و پ و نا کی و ناوونی.
زمانکە، بە هر شتك ببت، بە ککی نووسینی مان و دقی

ئەدەبی نایەت.
بەڵاستی نووسەر لە زماندا هەژارە و پێویستی بە خەدوەڵەمێندکردن و گەشەپێدانی زیاتر هەیە.

تێبینی: من، چاپی سێیەمی ڕەمانەکەم خوێندەوە.

یاریکردن بە هەڵبژاردن!..
عوسمانی حاجی مارف

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک نەڕازایەتیەک بەرامبەر بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە بڕیاری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ناکات.
ئەم بڕیارە بایکۆتی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا کە بەیارە مانگی حوزەیرانی داهاتوو ئەنجام بدرێت، دەخی هەرەمی خستۆتە سەر لەواری قەیرانەکی سیاسیەوە، چونکە پارتی وەک هێزێکی بڕڕوا ناسیۆنالستی میلیشیایی، نوێنەرایەتی دیارترین هێزی چەکداری سیاسی هەرەم دەکات، ئەو حزبەیە کە کۆنتڕۆڵی زۆرترین دەزگاکانی حکومەتی هەرەمی کردوە.
پارتی لە هەوێدا بە دەرچوون لەو سەختیانەی لە چوارچێوەی ئەم هەڵبژاردنەدا چاوەڕوانی دەکات، ئەوە باش دەزانێت گەر بەمەرجەکانی دادگای فیدراڵی بڕیاری لەم لە هەڵبژاردنەدا بکات، هەڵوێشە دەبێت لەسەر دەستاتەکانی، چونکە وەک یاری قومارێک بۆی دەڕوانێت، کە پێش وەخت دەزانێ خۆی دەراو دەبێت. بۆیە خۆی و دەخەکەو لایەنەکانی تری بەم بایکۆتە خستۆتە نەو دوودڵیانکەوە کە پێشبینی ناکرێت ئەم یاریە بچ سەرەنجامێك دەگات!
سەر لە بەیانی زوو قەپەنگەکەی هەڵداوە و دەرگای پەتووکفرۆشییەکەی کردەوە. هەمای (کراوەیە)کەی خستە سەر دەرگاکە و گەڕەکانی داگیرساند و چوو لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشت. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، و هەمان ئەو پەتووکانەی بینی کە دوێنێ بینیبووی، کە هەمان ئەو پەتووکانەش بوون کە دوو هێڕ پێش ئێستا و حەفتەیەک پێشتر و بگرە چەند مانگێکیش لەسەر تاقەکان دانرابوون، تەنها تەزی سەر پەتووکەکان گەڕابوون. چەندین هێڕە دێت و دەرگایەکە دەخاتە سەر پشت، کەچی بە ئەوارەکەی وەکوو خۆی، بە گیرفانی خاڵییەوە دەچێتەوە ماڵەوە.
کەشوهەوا خۆش بووە، بەهار سەرەدێقانێیتی لەگەڵ زستانە، تێشکەتاویش وەکوو خەنجەر پەنجەرەی پەتووکفرۆشییەکەی دەبڕێت و

لەسەر چاوکانی گەران چە بوویتەوە، ئەویش لە تاوان چاوکانی خەی نوقاندبوون. یەکەک هاتە ژوورەوە و دوو دانە پەتووکی کەیی، دوو سە خولەک تێپەڕ نەبوو گەنجەکی باباڕز هاتە ژوورەوە و داوای (مژووی ئەدەبی کوردی)ی دکتەر مارف خەزنەداری کرد و مستەک پارەی لە چنگی گەران نا. دایکەکیش، کە منداڵەکی پارچەیی لە دەست بوو، هاتە ژوورەوە و یەک دوو پەتووکی زانستیی کەیی، چوو لە لایەک دانیشت و دەستی کرد بە خوەندنەویان. دوو سە هەرزەکاریش هاتنە ژوورەوە و دەوری پەتووکەکانی نیچەیان دا و کەوتنە تاوتوەکردنی بیردەزەکانی.
ئەو تۆزە تۆزەکی سەیر بوو، هەر کەیارەک دەچووە دەرەوە، دوو کەیاری تری بەدوای خەی دەهنایە ژوورەوە. گەران نەیدەزانی چی دەگوزەرێت، تەنە ئەوە هەندەی یەک دوو مانگی ابردوو پەتووکانی فرەشتووە. ئای، ئەوە تۆزەی کوردە دەستی کردووە بە خوەندنەوە! ئای، ئەوە کوردە گوەی لە حاجی قادر گرتووە و ((بە شیر و خامە وەاتەکەی پایەدار دەکات!))
گەران سەیرەکی دەوروبەری خەی کرد، تاقەکان نیوەیان خاڵی ببوون، لە دەڵی خەیدا گوتی: (بەیانی هەر زوو هەڵدەستم و ئەو تاقانە دووبارە پە دەکەمەوە). دڵی گەلەک خۆش بوو، کەوتە بیرکردنەوە: (دوو سەد لە کرێی دوکانە، پەنجای لە مارە، هەر چ نەبێ حەفتەکی پە بۆڵە دەکەین، ئەو چار سەدی دەشمینەتەوە دەدەمەوە کاکلی خانی). ئەخەیەکی کرد و بە یەکەمین جار دوای دوو مانگان زەردەخەنە هاتە سەر لەوانی.
پیرەمێردێک هاتە ژوورەوە، و ئاماژەی بە پەتووکێک کرد کە لە تاقی هەرە بەرزی پەرتووکخانەکە بوو، گەران قاندرمەکەی هەنا و پلیکانە دوای پلیکانە بەسەر کەوت. لە تاقی سێیەمین چاوی بە پەتووکی (مرەف و دەوروبەر) کەوت، بزێی هاتە و بیری کەوتەوە کە ئەوە یەکەمین شاکاری مەسعوود محەمەد بوو کە خوەندبوویەوە. کە گەیشتە تاقی چوارەمین (زیندەخەو)ی فەتاح ئەمیریی بینی، ئای ئەوە کوردە وەکوو ئازاد و مەلیی متووی خوەندنەوانە!
کاتێک کە گەیشتە سەرەوە، سەیرەکی خوارەوەی کرد و چیتر پیرەمێردەکەی نەبینی، قاندرمەکەی ژێر پەشی هوردە بزر دەبوو، زەری نەبرد بەخشی شپەی هاتە و بەربووەوە. چاوکانی کردەوە، خەی قیت کردەوە و لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە، سەیرەکی تاقەکانی کرد، هەمووی تژی بوون لە پەتووک، ەووی خەی وەرگرا و سەیرەکی ئاوێنەکەی بەردەمی خەی کرد، جگە لە ((عەکسی قەمەری ناو حەوزەکی لیخن))، هیچی تری نەبینی.

1- تاق: ەف، تاقکان: ەفکان

(بەشـــــی دووەمـــــی) مشتە لە ئازارەکانی پریاسکەکە.. کەنعان مدحەت

وەک هەر خانەنشینەکی بەر بانکی هەرەم
دوانزە مانگە،
چاو لە ئاسمانم بە
خستنە تاقی بەزەیی خوا و
هەناردە بە ناو کراوەکانی (گوایە)
بەکو قنگچاوە بە کوردە کەشیا بگەە
نەبا ئەو دوودڵییە و کزە ئیمانەی پە
ئەوەندەی تر تیاچە و
قەت قەت
بەیەک نەگەینەوە!

لەسەر داوای هاوسەکەی سەرەوە
دادوەری ەە لە خە تەکدەری چاو لە خەاتی بابەنەیل
وەک مەکینە تەراشی دیجتاە
سەر و ەیش و
بەە و برژانگی پیر و جاحەی تاشین
خەشمان بە هەی نوقەانە و دەمچەوریی
سەروسەکوتی تەکشکاو و باری دەرووەنی،
بە زەوی سەاومان…
پە سەیر نەبو و
ناشبە !!

ئەستا،
ئەو دەستکەوتەی لە شەوەی هەەم

لوول لوول
لوولکراو هەکشا
وەک کەگەی جوتکراو و ئامادە
کاوەژە یادی خەلەی پار.. .. .. ئەکا

ئەمێیە وژە وژ و دەنگی درەنی هاوسە
نەشتکوژە،
سوورە ماچەکی هەر پەیە
بە هووشانی حەیا و
ژەرخانی هەنوکە و سبە

کوانووی سە و ساردی گەوزاو، لە ناو خەەمەشا..
تەی لە ناو ناەزایەتی و قەرز و
کورتهەنانی کەشا..
لەو زار گرتن و زار هەەدانەت چی
وا قفە دراوی،
بە درەژایی زنجیرە تەنکەری ئاودیوکراو
مارس هەەدەی فریات نەکەون
بە براوەیی هەەسیتەوە
تەز کراوەتە گژ کورسی و
ئاو بە ژەر پەت..
لە خە هەەخەەفان و چا لە دوای چا هەەدان
چیتر هەەناکەەنرە

ئەوەی پینەوپەەەی دەکەی
هەر پلیکانە و
دوند و
کچەنی شاخ نییە
ئەوە یەکەکانی بوون و
کەسایەتی، هانە گوە هایەەەکەیە!

نە پایز و
نەش زستانە
تەرزە بارینی ناتەباش
میوانی ئەستاو لەمە و دوای بە جارانە

گلەییم لە تەق و پەق و سروود.. بە هیچ زانە
لەوانەی لە مەرگ و

ماڵئاوایی بۆ هەڵۆ تۆگۆیشتوون
وانەی،
بەرۆ ئارۆنییەکەی
لە ڕاپسکان..
بەتاڵ دەکەنەوە

ئەی تاکەی کەڵگەی قەڵبوو نەکراو
وێنەی هەور بکێشە
هەور،
لە هەڵم و شە..
بپاڵێتەوە
ئابرووی وشکایی بپشرێ؟

بەڵا جۆی دارک بچووکترین نووسەری جیهان.. ڕزا شوان

کچۆڵەی روخسارشیرینی بەریتانی (بەڵا جۆی دارک)ی تەمەن پێنج ساڵان، بچووکترین نووسەری ساڵی (٢٠٢٣) یە لە هەموو جیهاندا، کە ناوی لە ژمارەی پێوانەیی فەرمی جیهانی "گینس" تۆماراکراوە. بەڵا جۆی دارک لە ڕۆژی (٤/ یەلیە/٢٠١٦) لە شاری (وێیمەس) لە ویلایەتی دەرست، لە ئینگلتەرا لەدایک بووە. بەڵا دوو ریکەردی پێوانەیی جیهانی گینسی بەدەستهێناوە. یەکەم ریکەردی لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، وەک بچووکترین نووسەری کتێب بۆ منداڵان لە جیهاندا. دووەم ریکەردی لە تەمەنی شەش ساڵیدا، لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣) دا، بەدەستیهێناوە، وەک بچووکترین نووسەری زنجیرە کتێب بۆ منداڵان لە جیهاندا ناوی تۆمارکرا.

دایکی بەڵا ناوی (چێسی سیم) ە و تەمەنی (٢٨) ساڵە، شەفەکی پیشەگەریی چێشتخانەیەکە. باوکی ناوی (مابەز دارکز) ە و تەمەنی (٣١) ساڵە، کرێکارێکی گەچە.
هەموو شتێک لەو کاتەوە دەستیپێکرد، کە لە ڕۆژێکی ساڵی

(٢٠٢٠)، بەڵا جێی دارک چوو بۆ لای دایک و باوکی و بەم قسەیەی سەرسامیانی کرد، کە وتی:
"بەیارم داوە کتێبێک بنووسم". دایک و باوکی پێیانوابوو ئەوە (یەکێکە لەو شتە بە بنەمایانەی کە منداڵان دەیانەوێن).
بەڵام ئەم خەون و بەیارەی بەڵا جێی دارک، بوو بە راستی و هەناوەدی. توانی تەنها لە ماوەی پێنج رۆژدا، چیرۆکێکی جوان و مەبەستدار بنووسێت. چیرۆکەکەشیی لۆژیکی ناوی (پشیلە ونبووەکە) یە. پاڵەوانی چیرۆکەکەی پشیلەیەکی بچووکە.
پشیلە بچکۆلەکە، سەرکێشی دکات و شوێک بۆ گوزەرکردن بۆ شارەکەدا، بۆ پرس و ڕزامەندیی دایک و باوکی، بۆ تەنیا لەماڵەکەیان دوورد کەوتەوە، ون دەبێت. دوای ئەوەی چەند بەسەرهاتێکی ناخۆشی بەسەردا هات، بە زەحمەتی گەیاوە بۆ ماڵەوە. بەڵێ پشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردن لە دایک و باوکی دکات، کە گوێی بە ئامۆژگارییەکیان نەدا، کە نابێت بۆ تەنیا لە ماڵ دووربکەوێتەوە، پشیلە بچکۆلەکە لە بەسەرهاتەکانی ئەو شوێی، وانەیەکی گرنگ فێربوو. بەلا جێی دارکی پێنج ساڵان وتی:"بیرۆکەی ئەم چیرۆکەم، لە یەکێک لە وێنەکێشانەکانمەوە بۆ هات". شایەنی باسیشە هەموو وێنەکانی کتێبەکەی خۆی وێنەیانی کێشاوە، تەنیا دوا وێنەی خوشکە لەخۆ گەورەترەکەی (لاسی مای) بۆی کێشاوە. پەیامەکەی بەڵا بۆ منداڵان ئەرێنییە. ئەوەیە کە نابێت منداڵان بۆ پرسی دایک و باوکیان، بۆ تەنیا لەماڵ بچنە دەرەوە و دووربکەونەوە. بۆ تایبەتیش لە شەوانی تاریکدا.
بەڵا جێی دارک دەڵێت:"ویستم ببمە نووسەر، هەگری وێنەکێشان و نووسینم".
بۆ وتەی چڵسی دایکی بەڵا:"بەڵا هەمیشە خەیاڵێکی فراوان گەورەی هەبووە، لە تەمەنی سێ ساڵیەوە، کە فێری خوێندنەوە و نووسین بوو، کورتە چیرۆکی نووسیوە. بەیە ئەوندە سەرسوهێنەر نەبوو بەلامانەوە، کاتێک کە بەڵا وتی بەیارە کتێبێک بنووسم". وتیشی:" ئەو گەشەسەندووی ئەرێنییەکانی خەکییە، تەنهاش حەزی لە خوێندنەوە و وێنەکێشانە. بەراستی شانازیی پێوە دەکەم، پێموانەبوو بگاتە ئەم ئاستە. دەمەوێت ئەو داناپێدانانە بەدەستبهێنێت کە شایەتی".
هەر بۆ قسەی دایک و باوکی، بەڵا سووربوو لەسەر زیاتر خوێندنەوە و گەشان، بۆ هەناوەدی خواستە ئەدەبییەکانی.

کتێبەکەی بێلا جێی دارک (پشیلە ونبووەکە) لە پشا هەر چیرۆکەکی نووسراوی پاکنووسی چاپنەکراو بوو. تا رۆژەکی سالی رابردوو، بێلا لەگەڵ دایک و باوکیدا، چوون پشانگایەکی کتێب بە پشتگیریی خزانەکان لە شارەکیاندا. بێلا کتێبە بچووکە وێنیەکەشی (پشیلە ونبووەکە) ی لەگەڵ خۆدا هێنابوو. کە لەوێدا چاوی بە کتێبە چاپکراوە نمایشکراوەکان کەوت، لەڕەوە گرنگی چاپکردنی کتێب خیالی بێلای سەرقاڵکرد. پێوەندیی بە بەرپرسەکی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە کرد و کتێبەکەی پشاندا و وتی: "ئەمە کتێبی منە". بەرپرسی دەزگاکەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەکە پێیوت: ئەمە زۆر جوانە". قسەیان لەسەری کرد. بەرپرسەکە بەیاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بێلای دا. ئەمە ئەو شوێنە بوو، کە هەموو شتێک لەوێوە پێشکەوت".
کتێبی (پشیلە ونبووەکە) لە نووسین و وێنەکێشانی بێلا جێی دارک، لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی (گینگەر فاری پریس) ەوە، لە (٣١/ یانواری/٢٠٢٢) چاپکرا و بڵاوکرایەوە. هەر لە سەرەتاوە زیاتر لە هەزار دانەی لەفرۆشرا. لەو کاتەوە زیاتر لە دوو هەزار دانەی لەفرۆشراوە. ئەمەش بووە هەی ئەوەی، کە بێلا جێی دارکی تەمەن پێنج ساڵان، وەک بچووکترین نووسەی لە جیهاندا، نازناوی و بەوانامەی ریکەردی جیهانی (گینس)ی پێبدرێت. چونکە لەگەڵ پەیوەرکانی نازناوەکەدا دەگونجێت.
لە ئیمەیڵەکی گینس وەرەد ریکەردەوە، کە وەڵامی داواکەی بێلا جێی دارکیان داوەتەوە و بە دایکیان ناردبوو. ئەم دەقەی تێدا هاتووە:" بە خۆشحاڵییەوە پێتانی ڕادەگەیەنین، کە داواکاریەکەت، بە بچووکترین کەس، بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک (مە) سەرکەوتووبوو، ئێستا بێلا خاوەنی نازناوی ریکەردی جیهانی گینسە".

پەورکانی شایستەیی ئەم نازناوە پەوانەیی جیهانییە گینس: پەویستە کتێبە لە لایەن دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی فەرمییەوە چاپ بکرێت. بە لایەنی کەمەوە هەزار دانەی لە چاپ بکرێت و بفرۆشرێت. بێلا جێی دارک، بە هەموو پەورە پەویستییەکانی گینس گەیشت. لەوانەش کتێبەکەی لە لایەن دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەوە چاپکرا و بڵاوکرایەوە و لە ماوەیەکی کەمیشدا زیاتر لە هەزار دانەی لەفرۆشراو، تا ئێستا زیاتر لە دوو هەزاری لەفرۆشراوە. تەمەنەکشی گونجاوە. بێلا جێی دارک بە فەرمی، وەک

بچووکترین نووسەری کتێب و بڵاوکردنەوەی و فرۆشتنی ژمارەی کتێب لە جیهاندا، لەلایەن گینسەوە پشتڕاست کرایەوە، کە بڵای جێی دارکی پێنج ساڵان، بە ڕاستی بچووکترین نووسەری (مێ) یە لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، لە هەموو جیهاندا، بەیە ناویان لە تۆماری ریکۆردی جیهانی گینسدا تۆمارکرد و بەوانامەیان پێی دا.
بڵا جێی دارک، ئیلهامی لە هەندێک لە کتێبە دڵخوازەکانییەوە وەرگرتووە. هەر وەکو چۆن ئەم کتێبانە ئیلهامی پێبەخشین، هیواداریشە کە منداڵانی نووسەری کە، ئیلهام لە چیرۆکەکەی (پشیلە ونبووەکە) وەربگرن.
ئامۆژگاریشی بە نووسەرانی ئاوتخواز ئەوەیە:"چیرۆک بنووسن کە لە ئەوەوە بێت".
بڵا دەربارەی پشیلە ونبووەکە، دڵێت:"تا ئێستا ئەمە باشترین کتێبە. دەمەوێت هەمووان بیکڕن. زۆر شانازی بە خەم و بە هەموو نووسەرانی دیکەوە دەکەم".
بڵا کاتێک کە نانووسێت، چێژ لە خوێندنەوە و لە وێنەکێشان و لە مەلەکردن و لە یاریکردنی ڕێبی (ماموستا) و لە هەندێک لە یارییە ئەلیکترۆنییەکان وەردەگرێت.
کتێبی دووەمی بڵا دارک، لەژێر ناوی" ئاهەنگی بەفرینی جۆژنی لەدایکبوون" ە.
ئەم کتێبەی دەربارەی تاقیکردنەوەیەکێتی، لە ئاهەنگێکی جۆژنی لەدایکبوون. کە چۆن هاوڕێتی لە هەموو شتێکانی تر گرنگترە. ئەم کتێبەشی لە ساڵی (٢٠٢٢) هەر لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (گینگەر فاری پریس) ەوە، چاپکرا و بڵاوکرایەوە، تا ئێستا زیاتر لە دوو هەزار دانەی لە فرۆشراوە. بە واتا مەرجەکانی گینسی هەنایەدی. بەمەش بڵا دارک، بوو بە بچووکترین نووسەری زنجیرە کتێب بە منداڵان لە جیهاندا. ریکۆردی دووەمی جیهانی گینسی لە (٢٠٢٣) دا بەدەستهێنا.

ئەم دوو کتێبەی بڵا جێی دارک بە کرین، نرخی هەر یەکەیان، بە (٧،٥) دۆلارە. لە (واتەرستۆن) و لە (ئەمازۆن) دا، لەبەردەستدان.

بڵا جێی دارک، کتێبی سەیرەمشی لەژێر ناوی (هەبژێر) دا نووسیوە، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە و بڵاونەبۆتەوە.
لە نووسینی داهاتوومان، بچووکترین نووسەرانی کچ و کوڕی ئەمساڵ

(٢٠٢٤) تان پەدەناسێنین. کە ناویان بە فەرمی لە ریکەردی پەوانەیی جیهانیدا گینس تەمارکراون.
(*) بە ئەم نووسینە، سوودم لە چەند سایتێکی ئینگلیزی وەرگرتووە.

رەزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٤

دوو چەپک لەو شیعرانەی باسی تەدکەن.. ستیڤان شەمزینی

چەپکی یەکەم

بی تەیی شمشاڵێکی غەمگینە
بە من ناژەنرێت
بە تەیی پەیژەیەکی پڕاینە
پەیدا دەچمە خوارەوە بە ناو گڕ
بە تەیی کابووسەکە
سوار سەری خوونە شیرینەکانم دەبە
بە تەیی تابووتێکی زەردەگڕاوە
لاوکە سوزەکانمی تەدا رادەکشە
بە تەیی زریانێکی شتڵێکەیە
لەگڵ یەئس کەمدەکاتەوە
بە تەیی منداڵێکی چەتوونە
بەرد دەگرتە پەنجەرەی شیعرم
ئای لە بە تەیی

شاعیرەکانی هاوڕەم
هەریەکەیان
گەرانی بە شتێک دەچن
یەکێکیان

فرمێسکی رووەتی نیشتمان دەستێت
یەکەکی تر سروشت دەلاوێنێتەوە
یەکەکی تریش
لایلایێ بۆ ئازارەکانی دەکات
هاوڕێیەکی تر
دیوانەکەی کردەتە دەغیلەیەکی گەورە
هاوڕێیەکی تریشم
لە کێڵانەکانی نوستالیژیا نایەتە دەرەوە
هاوڕێیەکی دووریشم
شیعری گرینگ بۆ تەنیایی دەنووسێت
یەکەکی زەر نزیکیش
شیعری کردەتە تۆپی ماسی گرتن
راوەژنی پەدەکات
ئاوەی لەم گۆڕەولاژەدا
لە کەسیان ناچێت، منم
چون تەنها سەرقاڵی
نووسینەوەی تەم و هیچی تر
نازانم شاعیرم یان نا؟

چاوی عەشقت
هەنگوینی پەدا دەتە خوار
دەپەک بەسە
بۆ ئاوەی شیرینم بکات
لەوی عەشقت
جگەی شەرابی لە هەدەقوە
دەپەک بەسە
بۆ سەرخۆش بوونم
هەیوانی عەشقت جەنجاڵ و قەرەباغە
پۆ پۆ لە تابڵەی رەندەکانی من
لەشی عەشقت
تەزووی شادیی پەدا تەدەپۆ
یەک ماچ بەسە
بۆ هەوەرینی بریندەکانم
دەستەکانی عەشقی تۆ باخچەیەکن
زەردەخەنەیەک بەسە

بۆ رسکانی هەستی یاسەمینیم
هەنووکە تەدەگەیت عەشقی تۆ
ئاگرێکی جاویدانییە
پریشکێک بەس
بۆ داگیرسانی ئەبەدیی من؟

سەمفۆنیای عەشقێکی ناکام..
ستار ئەحمەد

زامەکانی گەلای عومرم
لەگوڵدانی مەزرای دڵما
بەسەر هەشووی بەهای ژینا
بارانی خوێن دەبارێنن
لەگەڵ چرکەساتی عەشقا
ساتێك دەبنە پەیامی مەرگ
بۆتاوێکیش مژووی بوونت دەنووسنەوە
ئەو ساتانەی ڕەمان بۆ قوڵپەی کانیاوو
سەمفۆنیای ڕووبارەکان دەکردەوە
تۆ بۆ وەرینی پرچی گوڵ
هەواسینی بەژنی سووو
کوژرانی چڵك دەگریای
بۆ ناسینی کەناریەك
چەندین تەلبەندت دەشکان
ئێستا لەپاڵ خەرمانی ژانی حەسرەتا
بۆ بادەیەك خوێنی خۆت و
هەواسینی تڕی ڕازك
پەنجەرەی خەزگە ئەدوێنی
ڕووپۆشی باخچەیەکی بۆەژنو
تارای ڕەزێکی قەیرە هەئەدەیتەوە
نەلەگەڵ نسێی ڕەهابووندا

نه لەوێستگەی عیشقا دەژی
دەمێك دەبی بە جێگەی خۆن
تاوێك وەك رەهێەی باران
بنارەكان دەشێتەوە
ئەستێرەیەك دەكەیتە نیگای رامانو
گەواهیەك دەكەیتە بەر
دوامدەكەوی وەكو نەگبەتی رۆژگارو
چوون تارمایی خەمو سێبەر
تۆ كسپەی ژانێكی تاوو
كێرپەی حەزێكی بێنەوای
هێلانەت پەیقی شرینو
ئاسمانت پەیەی رەنگینە
شیعر نەبێ
لە هەناوی گیا دەمری
لوتكەیەك نابێتە ماڵت
نیشتمانێك باوەشت بێ ناكاتەوە
بەسەر هەر دێكێكا دەڕیت
مینێك لەڕێت چێنراوە
باوەش لەهەر دارێك ئەدەیت
سێدارەیەك لەبەژنی جوانت ئاڵاوە
گەیەك مێژووت دەستێتەوە
چێك زامەكانت دائەگیرسێنێ
جگە لە سووتووی ئازارێك
بەروارێ جێناهێیتو
مێژوویەك بێ تەم نانووسی
تۆ بریەنی عومری مەزرای
تۆ وڵاتی خاكو گوێ بووی
لەگەڵا بەهارو ئەوینا
هەر زوو دزرای

ستار ئەحمەد

ژیان ڕەمان نییە، وەزیفەی حەوتەمی زمان یان.. "کە ڕۆمان بارتی کوشت".. خوێندنەوەی عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

زمان هەموو شتێ ناڵێت، جەستە قسان دەکات، شتەکان قسان دەکەن، مۆزوو قسان دەکات، توانا فەردی و کۆمەڵایەتییەکان قسان دەکەن، مردن و ژیان بە پچڕان بە هەزاران جۆر قسان دەکەن، بەڵام زمان هەموو شتێ ناڵێت! لێنەوان زمان و ژیان و سیاسەتکردندا ڕەمانی (وەزیفەی حەوتەمی زمان) یان کە ڕۆمان بارتی کوشت، بە یەکێك لە ڕەمانە جیاوازەکانی سەردەمی دوای ڕەمانی نوێ و گۆڤاری تیل کیل دەژمێردرێت. ڕەماننووسی فەڕەنسی (لەران بینی) نووسیوویەتی و کاری وەرگێڕانی بە زمانی عەرەبی لەلایەن وەرگێڕ و تۆژەری مەغریبی (محەمەد جرتی) بە کراوە و لە (دەزگای ناپولی) ساڵی 2021 لە بەغداد چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ڕەمانی (وەزیفەی حەوتەمی زمان) وەك دیاردەیەکی مەعریفی و ڕەشنبیریی پشت بە چییەتی کردە سەرکەشکانی زمان دەبەستێت، هەوڵی دەزینەوەی توانا بکەتاییەکانی زمان و چۆڕ نەبڵاوکانی ژیان و بەرجەستەکردنی سیاسەتکردن دەدات، لەپێنج بڕشدا بە دوای چەمکی دیموکراسییەت و چەمکی خوێندرداەگەڕێت و بە چنینێکی دراماتیکانە جەخت لە دنیای ڕەشنبیریی و فیکری سەدەی بیستەمی فەڕەنسی و مردنی ڕەخنەگری گەورە (ڕۆمان بارت) دەکاتەوە، کە دوای نانخواردنی لەگەڵ (فرانسوا میتران) لە پێنەوەی بە شەقامی (مەدارس) بارهەڵگرێکی جلوبەرگشۆری لێیدەدا، کە کەسێکی (بولغاری) لێیدەخوێ.

یەکێك لەو پرسیارانەی کە حیکایەتکانی ئەو ڕەمانەی ئاخنیووە مردنی ئاسایی (ژیان) نییە، بەڵکو تیرۆری پلانی زمانە، بەو مانایەش تیرۆرکردنی بارت لە حیکایەتکانی زماندا دوو خاڵ لە مەعریفەی ڕەمانەکەدا زەق دەکاتەوە: یەکەم، سیخورەکانی بولغاریا. دووەم، چاوپێکەوتنی فرانسوا میتران کە (ژاك لانگ) لە ململانێی هەڵبژاردنی نێوان ڕاستەو و چەپەوەکان لێنەوان میتران و ڕەشنبیران سازی دەکات.

بەمجۆرە ڕەماننوس (ژیان، زمان، سیاسەت) دەنووسێتەوە و وەك ڕۆلان بارت گوتەنی دەزانە وانەگوتنەوە جگە لە پشتگوێخستنی دەسپێکی کاری

ئەدەبی شتێکی دیکە نییە. یان بە مانایەکی دیکە ڕەمانووسین جگە لە ململانێی زمان و ژیان شتێکی دیکە نییە. بە قسەکەی بارت بڕوانە: ڕەمانی (وەزیفەی حەوتەمی زمان) یان کە ڕەڵان بارتی کوشت، ل13.

وەزیفەی حەوتەمی زمان

لە سەدەی بیستەمدا لە پاڵەوانبازی رزگارمان بوو و زمانمان لە شوێنی دانا، زمانێ کە دەربارەی زمانەوە دەدوێ و دواجاریش هیچ شتێ لە زمان جوانتر نادەزیتەوە. زمان سیستەمێکە لە ئاماژە لە گوزارشتکردنی بیرکردنەوە و دواتر دەشێ بە نووسین و بە تیپی ئەبجەدی کۆ و لاسان، فەزای ڕەمزی، فەرهەنگانی ئەدەب و نیشانە سەربازییەکان بڕاوردی بکەین. (بڕوانە ل19).

زمانی ڕووداوەکانی ئەو ڕەمانە لە فەزای ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی فەڕەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیتاڵیا قسان دەکات! وەك ڕووخسار، مردنی بارت لە 25ی شوباتی ساڵی 1980 دەکاتە بابەتی دەرهێنەکی و پێیامی ناوەکیش لەسەر زیندووەتی زمانی بارت و سیمیۆلۆژیا و شاردنەوەی دەستنووسی وەزیفەی حەوتەمی زمان دادەڕێژێت! دەستنووسی وەزیفەی حەوتەمی زمان تیشکەی ڕووداوەکانە و وەك بەرگەی (زمانی)، بارت لە کاتی خواردنی نانی نۆوەڕۆ لەگەڵ فەرانسە میتران (سیاسی) لەلای بووە! پڕۆژەی ئەو دەستنووسە زمانەوانی ڕووسی (ڕەمان یاکۆبسن) نووسیوویەتی.

یاکۆبسن پێشتر لە تیۆری گەیاندندا قسە لە شەش وەزیفەی زمان (1-پەیامنێر. 2-پەیامومەرگر. 3-پەیام. 4-سەرچاوەی پەیام. 5-کەناڵی گەیاندن. 6-کەدی زمان) دەکات. لەڕەدا ڕەمانووسی فەڕەنسی (لەران بینی) چەمکی (دەسەڵاتی حەقیقی، زمان بەرەوەی دەبات، بە تایبەتی لە بارودۆخێکی دیموکراسیدا) وەك ڕووداو و حیکایەتی ململانێی جیاوازی و هەڵبژاردنی دیموکراسیانە لە فەڕەنسا و هەمان کەد لە چنینی هەڵکاری ڕەمانکەیدا بەکار دەبات. لەوێشەوە دەڵێ (پێشتر) چاخە گەورەکانی ڕەوانبێژی هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ چاخەکانی کەماری ئەتنی، ڕەمانی، فەڕەنسی… سوکرات، شیشرون، ڕەبیسبییر… بەڵام بە دەنیایییەوە ڕەوانبێژی جەراوجێری زمان، پێیوستە بە ململانێی جەراوجێری هەڵبژاردنەوە، لەوێشەوە وەزیفەی حەوتەمی زمان وەکو ڕایەخ بە هەڵکارییەکانی ڕەمان و هەکارییەکانی دیموکراسییەت ڕاخراوە. بڕوانە ل163 -162.

لە دەستنووسەکەی یاکۆبسندا وەزیفەی حەوتەمی زمان وەزیفەیەکی سیحری یان جادوییە و لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە باس لە جیاوازی نیوان (کردە دەربڕین) و (کردەی کاریگەری) زمان دەکات، بەوەی کە کردەی گوتاری دەربڕین لە خودی خۆیدایە و بە کارەکانی خۆی هەڵدەستێت، لە

کاتکدا کردی کاریگاری زمان بارو بارهمکی دیاریکراو دابتاو کە لگەڵ گوتار یەك ناگرتاو. بڕوانە ل287.
بەمجارە سیحری زمان وەك کەدی ناوکی ئەو رەمانە پالیسییە دابتە پرسیاری بدواداچوونی هەر یەك لە لکەکار (ژاك بایارد) و توژەر (سیمۆن هیرتزوگ) لەبارەی دەساتی سیاسی، سیمیلژیا و ژیان! هەموو ئەوانەش وەك گریمانەیکی فەنسی لە: زمان هەموو شتە لەخە دگرە: بژی شۆشی پرلیتاریا، ماویەکان فاشیین، ترتسکییەکان ستالیینین، ژاك لاکان پالیس، بادیە نازیە، ئاتەسەر بکوژە، دەژ سکسی لگەڵ دایکی کردووە، سیزە سکسی لگەڵ من کردووە، هگە قاچی خومینییە، بارت خائینکی سشیالیزمی چینییە… لە دانوستان و گفتوگای نەوان کاراکتەرکاندا دەخاتە روو.
ئاخاوتن لە یاری تەنس دەچە، بەڵام بە تپی هەویر! چونکە زمان بنەمای هەموانە. (ژان ئادرن) لە روبەرووی سارتەر دەڵە بوونگرایی ژهراوی بووە، بژی رگزی سیەم. بڕوانە ل52. ئیتر دەساەت گرتندەست لگەڵ هەر ئکتکی ئاخاوتن شۆیکی دیکای ژیان و سیاسەت و زمان وەردگرە. بە دیوکای دیکە لە وەامی ئەو پرسیارانای کە لکەلەر بایارد و توژەر سیمۆن دەیخانە روو، ئیمبرتە ئیکە دەڵە: هەر کەسە بتە خاوانی مەعریفای وزیفای حوتمی زمان دابتە سەر گورای جیهان. ئەوە کەدی سەرکی رمانکەیە!

ژیان رمان نییە

پویستە سەرچاوکانی گەڵانەوە بخرتە دواوە و ونبکرە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە مەدلولی حیکایەتکانی بزر بکرە، هەموو شتە مەدلووڵی خای هەڵگرتووە. کەواتە گەڵانەوای حیکایەتکان بەو مانایە نییە، کە ژیان وەك زمان لە راقای بە کەتاییدا هەڵگرینەوە؟! چونکە ژیان زمان نییە، زەمانی زمان زەمانی بکەتایی گەشە و پشکوتنە بەردەوامکانییەتی! بەڵام ژیان کورتە، ژیان هەموو ئەزموونی مرۆف پووچڵە دەکاتەوە، چونکە مرۆف بەرەو مردن دەبات.
(مەریس زاب) دەڵە رەخنای ئەدەبی هەڵەیکی گەورە دەکات، کاتێ ژیان و ئەدەب تکەڵ بەیکتر دەکات، چونکە ژیان دیار و روونە، بەڵام ئەدەب ئاماژ و نادیارە، ژیان سیستمکی کراویە لە شتکان پکهاتووە، بەڵام ئەدەب سیستمکی داخراوە لە وشە پکهاتووە. بە بەوای من ئەو قسەیای مەریس زاب لەسەر (زمان) و (ژیان) بەو مانایە، کە چژ وەرگرتن لە دەلالەتکانی زمان، چژ وەرگرتن لە ژیانکردن نییە! زمان وزیفای جەبەجکردنە، بەڵام ژیان خودی

جەنجەڵکردنەوە، زمان کردەیەکی، ژیان کارێکی! دەتوانین لە سیستمی ژیاندا بە ئازادی هەناسە بدەین، بەڵام لە ئەدەبدا لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی زماندایین! دەسەڵاتی زمان هەتا هەتایی، هەمیشە دەبێ مرۆڤایەتی راقەی زمان بکاتەوە و بەردەوام مانای جیاوازی لێبڕەهەم بهێنێت. بەڵام ژیان مرۆڤ بڕەو مردن دەکاتەوە.
ئەدەب، لە مردنی کامڵ بە رووداوی ئەتەمبەڵ زیانەکی گەورەی بە خواوەندی ترۆ بەخشی.. بەوانە ل88. مۆزارت لە تەمەنی 35 ساڵی مرد. لەتریامەنت لە تەمەنی 24 ساڵی. رامبۆ لە تەمەنی 37 ساڵی. بارت 64 ساڵ… بەڵام زمان هەمیشە لە پێشکەوتن و جوواڵدایە! لاکان دەڵێ زمان لە نەست رسکاوە. نەست وەک جۆرە لە جۆرەکانی ئازایی دەژمێردرێت، بەڵێ ڕەماننووسی فەڕەنسی (لۆران بینی) لە ڕێگای فرۆزمانییەوە حیکایەتەکانی (وێزیفەی حەوتەمی زمان) دەچنێتەوە! بەو مانایەش ئەگەرچی گەڕانەوە لەو ڕەمانەدا بە ئاوەناوی بزر مامۆستای لە تەک کراوە، بەڵام مەعریفە بەشێکی گەورە لە حیکایەتخوانی دەشارێتەوە، کەواتە ئاوەناوی بزر بەو مانایە نییە، کە دەکەوێتە نەو دنیای بگۆڕەوی هەموو شتزانەوە، چونکە ئەو توانایانەی (لۆران بینی) لە مەعریفە نمایشی دەکات، پێ و فرۆ ڕەهەند و جۆراوجۆرە، حەقیقەتێی خۆی لە خستنە ڕووی گۆڕانکاریەکاندا دەبینێتەوە و پێوایە دۆریچەی ئەبەدی ململانێیی ئەو گۆڕانەوەیە لە گۆڕان و سەیرورەدایە. ڕەماننووس بە شێوەیەکی شاراوە، لەسەر زمانی بارت دەڵێ سیمیۆلۆژی کە بە شێقامدا دەڕوا هەست بە دڵاڵەتەکان دەکات، بەڵام مرۆڤ هەست بە ڕووداوەکان دەکات.ل179. بە مانایەک لە ماناکان لە بارەی چەمکی دیموکراسییەتەوە یان خوێنەرەوە دەڵێ خوێنەر زۆری لێنەکراوە مانا جێگیر بکات، بەڵکو یاری بە مانا دەکات.

ژیان کورتە، زمان فاشییە

واڵتەر بنیامین دەڵێت: مەعریفە و ڕەمان پێشبڕکێی ئەوە دەکەن، ببنە جێگرەوەی حیکایەتخوانیی! (بەوانە تەفانەک، لە بەهەشتەوە هەڵدەکات- دەروازەیەک بە هزری واڵتەر بنیامین، نووسینی پێشەو محەمەد، ل15).
تێگەیشتنی دەستواژەی ژیان کورتە، زمان فاشییە مەعریفەیەکە دنیا جیاوازەکانی ڕەمانی کە ڕەهان بارتی کوشت بەڵەوە دەبات؟ میلان کەندێرا دەڵێ مەعریفە خەسڵەتەکە لە خەسڵەتەکانی ڕەمانی نوە. کاتە (خوێنەر/ وەرگر) ئەو قسانەی بیر دەکەوێتەوە، دەتوانە ڕەهەندەکانی فاشییەتی دەسەڵاتی زمان و دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی سیاسی و ژیان و پووچەڵکردنەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤ بە جوانی لە ڕەمانی (وێزیفەی حەوتەمی زمان) بگرێ. بە مانایەکی دیکە دەموو بەڵم دەسەڵاتی زمان

و دەستاتی ژیان بە گشتی هەر دووکیان لە چەمکی ناچارکردندا بەیەك دەگرنەوە، زمان ناچاری قسەکردنت دەکات. زیندەگی ناچاری مردنت دەکات. یەکەم راستەوخۆ دەتخاتە بازاڕی قسەکردنەوە. زیندەگی دواتر دەتخاتە گەمەی مردنەوە. زمان فاشیستە. ژیان دیکتاتۆرە.
ئەو ڕەمانە هەوڵدەدات بە گەیشتن بە کردنەوەی کەدەکانی ناچارکردن، بە گەیشتن بە چەمکی دیموکراسییەت و وەرگر و خوێنەرەوە دەرکەوتەکانی ڕەشنبیریی و شاراوەکانی سیاسەت، ئامڕازی زمان و ڕووبەووبوونەوەی تووندوتیژی ژیان لە ململانێی جیاوازییەکاندا بە شێوەیەکی ئەدەبی و هەڵکاری هونەری دابژێتەوە. بەو مانایەش وەك لەسەر زاری لاکان دەڵێ ناونان زمانی بابەتی ئارەزووە. یان زمان بابەتی ئارەزووی ناونانە. یان بابەتی ئارەزوو زمانی ناونانە. یان زەر بە سادەیی ناونان بابەتی ئارەزووی زمانییە. ئەوە ئاگەر گەڕانکاری و سێرورەی زمان بێت، ئەوە دیکتاتۆریەتی سیاسەت و دیکتاتۆریەتی ژیان بە تووندوتیژی و مردنت دەسپێرێت.
دواجار ئەوە ژیانە قسان دەکات، تەگەیشتنی ژیان قسان دەکات، مامەڵەکردنە لەگەڵ کار، بەڵام ساتەکانی قسەکردن مامەڵەکردنە لەگەڵ کردە. نووسین کردەیە، ژیان کارا! لەڕدا جێن سەرل قوتابی (ئەستین) دەیەوێت زێتر تیەری نیازخوازی لە چەمکی کار و کردەدا ڕاڤە بکاتەوە و چەمکی (دیموکراسییەت – خوێنەر) لە (ژیانی ڕاستەقینە) ڕوونتر نیشان بداتەوە.
سەرل پێیوایە هەمیشە نیازی قسەکەر بەر لە گوتار، ئامادەیی خۆی هەیە. واتە کاتە دەڵێی: کات درەنگە! واتە نیازت ئەوەیە بە ماڵ بگەیتەوە. بیکاسە دژی سلفادەر دالی بوو، ژاك دریدا بە دژی ئەستین و سەرل و یاکبسن پێیوایە ئەو کردەیی سەرل لە ئاخاوتن و دیموکراسییەتدا نایەتە دی. وەزیفەی حەوتەمی زمانە، بڕوانە ل 279.
بەڵام هەموو نکۆیکردنە پێناسەیە- سبینزا. بڕوانە ل249.
کەواتە دەشە نووسین لە سیاقە بنووسرە و لە سیاقکی دیکە و لە شوێنکی دیکە و لە کاتکی دیکە بخوێندرێتەوە. بارودۆخی نووسەر و بارودۆخی (خوێنەر/وەرگر) گەانیان بەسەردا دێت. نووسین گەانکاری و سێرورەیە و بەردەوام یاری لەگەڵ زمان دەکات.

هەولێر 7/4/2024

سەرچاوەکان:

1- لوران بينى: الوظيفة السابعة للغة من قتل رولان بارت؟، ترجمة محمد الجرطي، دار نابو، العراق 2021. صدرت الرواية فى طبعتها الفرنسية عام 2015 .

2- الوظيفة السابعة للغة.. من قتل رولان بارت؟.. رواية التفكير. إدريس الخچراوى_ كاتب من المغرب.

چیرۆک\ مەرگ وەدووبەر.. ئەدیب نادر

1

تازە کچیرکی "ئەسپ"ی بەاوببووەو، ەەژنك بوو لەو ەەژانەی شار ئەوەندە بە جەشبوو دەتگە دارستانی شەپلی دەریایەکی تەکچەژاوە، ئاسمان گیزەگیزی مەشەنگ سەرشاری دەکرد وەك چەن ئەرکەسترا بە سیمفەنیایەکی نایاب ژیانی بە هەەکی بەدەنگ دەبەخشی ئاوها..لە فەلافلەکەی "ئەنتە ماشی"ەەکەوتی ئازاد شەیدام کرد و بە شەقامەکەدا شەەبووینەوە، شەقامە دەگیرکەی جمهووری، کە سەروەختەك بوو ببووە جمکی ژیان و تەنانەت بەشەکیش لە ئایندەی هەشتا نەهاتوومان..وەك بەەی هەزی گەینی دنیامان تەگەەابە، خەشحالانە پیایدا هاتینە خوارەوە. پەیەکمان لەسەر شەستکەیدا بووایە، پەیەکەی دیمان لەناو یەکەك لە کتەبخانەکانیدا دەبوو، هەندرەن، لە دەستە چەپیدا بوو بەرانبەر باەەخانەکەی شکورنەججاە، بەئومەدانە دەردەچووینە دەرەوە، چونکە ەەفەکانی لە چەند کتەبەکی مەلوول و دنیایەك تەزوخەەگرتووو بەولاوە هیچی تەر لەسەریاندا سەقامی نەدەگرت..دەچووینەوە دەستەەاست، گەل، ئینجا ئاسە، ئاسە جوانترین ئاسەمان بوو.. زیارەتگای ەەژانەمان بوو..ەەفە پە کتەبەکانمان بەسەردەکردەوە، وەك ئەوەی مەزاری پیاوچاك و ئەولیاکان بن دەستمان پیایاندا دەهەنا و کاتیش لە پەنجەکانماندا ەوونا کیی پەدەبەخشین..کە دەریش دەچووین، بەلەبە بەدەم ەەگاوە دنەی شەیتانی شیعرمان دەدا، کەی دادەبەزەتە خوارەوە و زریان و گەردەلوولەکی سپیی سپیی جیاوازمان پە دەنووسەتەوە..ئەگەر کچە خەونئاساکەی حەمئەمینیش، ڤینەس باەابەرز لە دەرەوە بووایە، شەقام دەوروژا و وەك دەمان دەکوتە پەلەقاژە..کسپە نەك هەر لە جگەرمانەوە، لە چاویشمانەوە سەری دەکرد، گەنج و پیر لە حەسەرتدا، وەك شەماندەفەرەکەی شار، لە دووکەەی سووتان بەولاوە هیچی تریان بەرهەم نەدەهەنا..تەزەك خوارتر، ئەرزدی هەیلووشین و بە بارتەقای

سیەکان بەنوبەرامەی کلارای پشت کاونتەری عەترەکانمان کرد و حەسرەتبارانە دەرپەیین..لەو پەچەدا، لەو پەچەی بەلای قەریەی تەکقژقژاو لایدەدا و لە بازاڕە ڕەنگاڕەنگەدا خەت دەدیتەوە، وتی: با بپەڕینەوە، سەرێك لە "داڵ ئەلوەتانیە" بدەین.. پەیەکانمان وەك بەڵەی چاوبن، بەرەو جادەکەی ئەوبەر، جادەی ئەوقاف، پەلکەشیان کردین..ئەوێیش، تابەڵەی تیکچژاو و جەنجاڵ، وەك ئەوەی کتێب مفت بێت، جێی کەسی تری تێدا نەدەبووەوە، لە خەمان خزاندە نابینەکانەوە و ڕووبەڕووی گەوهەرخانەی چاپەمەنیە بەشومارەکان وەستاین، دەتگەڕ بەرانبەر قەدەر وەستاوین.. لەبەر ئەوەی بەردەوام داشکاندنیشیان هەبوو، چەند دانێیەکم قەزتەوە و چووم لای یەکێك لەو کچە بە تاسولووس و ڕەکپەشانەی پسووڕیان دەنووسی و گوتم پێم بڵێت چەندم لەسەر دەکەوێت، مخابن، نابەدڵانە کەشیعرە نوێیەکەی بێیاتیم گەڕایەوە و بەخەم گوت"بریا ئەو لەفف فەلافلەم نەخواردبایە". نێیسە، بەوانی دیەوە هاتینە دەرە و لەبەر دەرگاکەدا"ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل"بە مەشرەبە خەشکێیەوە بەرەو پیرمان هات و بە سەودوو چەردە کتێبەکەی لەوەرگرتم و ئاشقێك چۆن بە دیداری ماشووقەکەی شاگەشکە دەبێت، ئاوا، تریقانەوێیەکی شەیدایانە تریقایەوە..ورد ورد لێیان ڕاما، دەتگەڕ زارەڕێیەکە و دوای دابەزانکی کورت دایکی خەی دەبینە ئەخژن و خەشنوودیەکی کتوپڕ ڕووکاری ڕوخساریان داگرتەوە..چرکەساتکی پڕنەچوو، سەری هەڵبڕی، ڕووە هەورگرتووەکەمی دیت، هەموو هەورەکیش چیرەکەکی لە پشتە و هەندە کەس دەتوانن بیخوێننەوە.. باوکانە سەرکی لارکردەوە و وتی: ئەوە چیێە؟ ئازادیش وتی: نەیتوانی تازەترین دیوانی بەیاتی بکڕێت.. مەچکی گرتم: وەرە، وەرە! ڕایکەشام بمباتەوە ژوورە، منیش وتم: نا..نا.. پەویست ناکات.. پەویست دەکات و دەبە بەی..ئازاد شەرمنانە تێیەوانی ئینجا وتی: پارەی پێیە بڕۆم بۆش ناکات، ئەویش وتی: ئە باشە با نوقسانیەکەی بە تەواوکەین..دیسان بە شەرمەوە وتی:...فلسی کەمە...هەندە وردەی لە گیرفانی پانتۆڵە سەوزئاماڵە بزەکاوەکەی دەرهێنا و وتی: دەستم مەگڕێوە..منیش چوون ئەو منداڵەم لەهات یاریێە دەبەستەکیان پەبەخشیبە،..چەند خولەکێك دواتر بە"شانشینی گوڵگەنم"ەوە دەرپەیمە دەرە و یەکەواست ئەویشی لێیەرگرتم و پاش ئەمدیوئەودیو، مەلی ئافرینەکی ڕەنگاڕەنگی بڕڕا کرد و دوای قەدەرێك تەتەڕە کردنی کتێب و ئەدەب و تازەترین چیرەکی خەی چووە ژوورەوە کتێب نەوازش بکات و ئەمەیش..دەتگەڕ گەنمەجاڵەکی بەپایان پەلکەشمان دەکات، خلبووینەوە، وەکو ئەوەی لە خەوەکدا بین شادانە پیاسەیەکی دیکەی زەرمان کرد..دواجار دوایانێك جیایکردینەوە، ئەو پردەکەی گرتەبەر و تاریکییەکەی ئەوارە بەرەو

پریادی قوتی دا و منیش تەنیا و دڵخۆش ئاستەی خۆم بەرەو تەپەی
مەلا عەبدوڵڵام گرت..جاروبار سەیری ئاسمانم دەکرد، گوستانێك بوو
تازە ئەستێرەکان تیایدا دەپشکوتن..سەرلەبەری ڕێگای بەرەو
ماڵەوەم، وەکو پەیکەرتاشێك لە یادگەمدا پەیکەری ئەو زەردەخەنەیەی
چاوە پشت چاویلکەکانیم دادەتاشی تاوەکو لە شوێنکی شایستەی
دەرباری یادەوەرییەم سەقامگیری بکەم و بە ئامان و زەمان نەهێم
تەزوگەردی ڕۆژگار وێنەی ئاسەوارە دێرینەکانی مەژووی لەبکات..
2
هاوینەکی ڕەموزان هەوساری شاری گرتبووە دەست..پەویستم بە دوو تی
شەرت و هەنە کتێبی تازەیش هەبوو کە هەواڵی بەاوبوونەوەیان
کەوتبووە بەر گوەم و خەیان هەشتا نەگەیشتبوونە کتێبخانەکانمان،
نەشمەزانی کەی دەگەن. بەڵام پەشوەخت دەبوو نەختە پارە پەکەوە
بنێم. لە ئاستیدا حەزم لە تێ شەرتەکێی ڕەش بوو لەوانەی لە
ئەرانەوە بە قاچاخ دەهێنران و لەگەڵ ڕیش هەشتنەوەیشدا ڕەك
دەهاتنەوە، چونکە بە تەمای بووم. وەکو دایکم دەیووت هەم زیارەت و
هەم توجارەت..دەستپەکی گەرمایەکی سەخت و ناحەز بوو، بە خەم گوت
گەر کتێبەکان لەوە زیاتر دوابکەون، ئەوا حەجمان ناگرم و دەبە
سەرلەبەیانییەك بچمە سلەمانی و دەمەوئەوارە بگەڕێمەوە. ئەو ڕۆژەی
بەتەمای چوونیش بووم، ئەفسووس برادەرە کتێبخەرەکان ئاگاداریان
کردمەوە، پەیاننامەکرە هاوسەفەرم بن. ناچار بووڵڵکی زوو، کە
هەشتا ئاوەشێنی ئەستێرەکان کزرنەبووەوە، تەنیا، تەنیا ڕەیشتم..
تەنیاییەکەم وای لەو ڕەگایە کرد دەتگە کەتایی ڕەتدەکاتەوە و
شاریش تراویلکە دوورە دەستەکانە..ئەو سەروبندەیش ئەتەمبەڵەکانی
خەت لە دارە سووتاوەکە نەفەرەکانیان دادەبەزاند..سەرەتا
شەبووەوە و پەیەمە ئەوبارەوە، سەرکی مزگەوتی گەورەم دا و
ئینجا بە جادەی مەولەویدا پەچمکردەوە و بە کتێبفرۆشیەکەی شەخ
ئەنوەر بەرەو جادەی کاوە جەوی شەقاوەکانم بەردا..تەنیا بوو،
کتێبیش بەشوومار.. سەیری سەعاتە ئەریەنەکەمم کرد، نزیکەی دوو
کاژێر لەوە بووم، کەچی بە دوو چرکە دەچوو، بەهەرحاڵ، چەند
پەرتوکێکی نیوداشت و یەك دوانکی تازەشم لە کەی و نەختەك هەوراز
بووموە، لە چایخانە بەناوبانگەکەی ئەوبەر چایەکم خواردەوە و
پشوویەکم دا، ئەوسا بە تەیکردنی ئەو شوێنانەی دەکرە بەم
تاادەیەك شارەزایان بووم، ملی ڕەم گرتەبەر..بەگومان کاتە سەفەرم
دەکرد، بەدەگمەن نەبووایە لەفە و ئەو شتانەم نەدەخوارد، تەنها
بیبسیکەلا و پسکیتە قەیماغدارەکان و ئەو شتانەم دەخوارد، جارجارە
کاستەریشم لە یەکەك لەو دوکانە پاکوخاوێنانەی جادەی مەولەوی
دەخوارد و ئیتر لە گەڵانم بەردەوام دەبووم..ئەوانەم بە ئیشتیاوە

ئەنجامدا و بەرەو بازاڕی قەرەباخی ئەرانییەکان چووم..لەوێ زۆر شتم ئەدیو ئەودیو کرد و سەرەنجام تی شەرتەکی ڕەش و یەکەکی سەوزئامانم بە نرخێکی کەمتر لە نرخی داواکراو دەستبەرکرد، ئەویش ڕووی خۆشکردم و بووە هۆکاری ئەوەی بڕێك پارەی زیادیشم پێبمێنێ بۆ ئۆگۆری کەینی کتێبی تر و کڕینی گۆانەوەش..ئیدی نازانم چۆن بە شوێنێکی ئەوتەدا ڕۆیشتم کە لە سەفەرکانی پێشترم پێیدا ڕانەبردبووم..سەرلەبەر دوکانی کوتاڵفرۆشی بووەن، وەك ئەوەی چووبێتمە نێو دارستانێکی ڕەنگاوڕەنگەوە، هەندێ لە قوماشکانیان بە بنەمیچ و چارداخی بەر دوکانەکانیانەوە هەڵواسیبوو، جێگایەکی ناوازە بوو، هاوشێوەی قەبەزەی سەروخواری ڕووناکیی، بە دنیایەك دەچوو تەنها لە خەوندا پەی پێ ببرێت. لاپەڕەسەنان بەناو تەکچەژانی ڕەنگەکاندا دەڕۆیشتم و دەموچاوم پارچە قوماشێکی هەڵواسراو دایپۆشی، کە لامبرد، لە شوێنێکی چۆڵکی بازاڕەکە دوکانچکەیەك دەرکەوت، ڕەی چوونەژوورەوە و بەردەمیشی بە مێز گیرابوو، چەردەیەك کتێب لە سەریدا پاخرابوون، جگە لە چەند دانەیەك نەبێ، ئیتر زۆربەیان کتێبی جزوبەندکراوی ئایینی بوون، هەستم بە بوژانەوەیەك کرد، وەك بەڕی نەمامێکی گەبردوو بم و ئاودێر کرابم، "مرۆڤ و دەوروبەر"ـەکەی مەسعوود محەمەد دڵی گواستمەوە بۆ ناو چاوەکانم و سەرنجەکانم بوون بە نەچیری..تازە کەوتبووە بازاڕەوە، یەکەوەاست نرخەکەی وەکو کلچووك بە چاومدا هات..ئۆگەر ئەو بڕە پارەیە بدەم.. دوای تەفکرین بە خەمم وت، دەمزانی کڕی تەواوی گۆانەوەم پێنامێنێ..خاوەندوکان، کە ڕیشدارێکی پاکوخاوێنی شەروال مرادخانی پێشبوو، کتێبێکی جزوبەندی کراوەی لەبەردەم بوو، لەوکانی دەجووڵان، جاروبار چاوی هەڵدەبڕی و دەنگی قرتە قرتی تەسبیحەکەشی بە شێنەیی دەکەوتە بەرگوێ، بیرم کردەوە ساتوسەودای لەگەڵدا بکەم، شەرمەکەم خەریك بوو دژواری بکات، بڕیام بە کتێب!..نیگاکانی دەتگە تاشەبەردن و بە سەر دەموچاومدا بەردەبنەوە، هەستڕاسا ملی نەدا، هەنێك بە مەلوولی وەستام و دواجار وتم کڕی تەواوم پێنامێنێ تاکو بگەڕمەوە بە کەرکووك، کەچی.. ئیدی خەمبارانە بە خەم گوت کاشکە هەر تی شەرتەکم بکەیبایە.. بداخەوە..وەك بەڕی لە خوونکی جێنجاڵ بخەبەر هاتبم.."مرۆڤ و دەوروبەر" بە دەستمەوە نەبوو، نابەدڵانە دووركەوتمەوە و بە ئیشتیایەکی دی سووڕامەوە..هەشتایش وەنەوز دەستوێخەی خەر نەبووەوە، بەڵەڕێ لەژێر بەرو مزگەوتی گەورە کەوتم..کە لەوێوە دەرچووم، هەورازبوومەوە و وەختێ سواری هەژدەنفەریەکە بووم، هەناسەکانم هێندەی لەنگەری بڕادە قورسی کەشتیێك وابوون و دەیشم هێندەی شەولەبانکی چەقیوو..یش هەشتنەوەکەم بە یاد سپارد و تاقەشتکیش کە لە کەکەڕمدا مایەوە

و وێنەی مانیـــووەنت ئـــاوەدانی دەکـــردەوە "ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل"بوو بە خەی و زەردەخەنەی ئەفسووناویی چاوەکانی ئەودیو چاویلکەکەی و ئاواتەکی بەگومان وەدی نەهاتوو..

لەندەن – کانوونی یەکەمی 2023

ئەدیب نادر

گفتوگۆ لەگەڵ شانەکار دلڤین موحسین.. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

دلڤین موحسین: کاتێ بەشداری درامای (ئادیابین)م کرد،هەستەکی تایبەت و جوانی پێبەخشیم
دلڤین موحسین: زۆرێك لەهاوڕاتیان حەزیان لەوێنە مێژووی گەلەکەیان لە ڕێگەی دراماوە ببینین
دلڤین موحسین: دەزگای سەتەلایتی کوردستان لە بواری درامای هەنگاوی زۆر مەزنی ناوە
خاتوونی هونەرمەند (دلڤین موحسین محەمەد) یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە بەشداری چەندین کاری شانەیی و کورتە فلیم کردووە دەرچوی پەیمانگاو کالیژی هونەرجوانەکانی هەولێرە .وەکو ئەکتەر بەشداری لە (36) کاری شانەیی کردوە وەکو دەرهێنانیش کاری کردوە.. زیاتر لە (10) ساڵیشە لە بواری دەبلێر کار دەکات جگە لە کاری هونەری بەرێوبەری باخچەی منداڵانە ،لە وەش هەمیشە گرنگی بە هونەر ی شانە و موزیك و نیگار دەدات دواکای دلڤین موحسین بەشداری کردنی بوو لە درامای (ئادیابین) بوو کە بەرهەمی کوردستان تی ڤی بوو، لە مانگی ڕەمەزان نمایش کرا بە چەند پرسیارێك ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەیدا سازدا.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

- سەرەتا بزانین دلڤین موحسین چۆن ئاشنای هونەری شانە بوو؟

- من بەهەی ئەوەی کچی نووسەر و رێخنەگری شانۆ دراما موحسین محەمەدم لێ نەو کتێب و هونەرپەروەردە بووم ئەم کێش و هەوایە هونەری و ئەدەبییەحزو ئارەزووم لێگرت بەهرەکەم وای لێکردم رووبکەمە هونەری شانۆ بەڵێ ئەو کاتەی قوتابی بووم لە قوناغەکانی بنەڕەتی و ناوەندی بەشداری زۆر بەی چالاکییەکانی نەو قوتابخانە بکەم دوایش چوومە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بەشی شانەم تەواو کرد لەوێش بەشداری چەندین شانۆگەریم کرد ..تاوەکو ئێستاش لە کاریە هونەری بەردەوامم..
- باوکت(موحسین محەمەد) ڕێخنەگرێکی دیاری شانۆیە، تاچەند کاریگەری لەسەر تە هەبووە بە ئەوەی رووبکیتە جیهانی هونەری شانۆ و دراما؟
- باوکم (موحسین محەمەد) هەمیشە هاندەروو هاورێ و پاڵپشتمە لەسەرەتا وە تاکو ئێستا خەی منی نارد پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆ دیارە زوو ئەو هەستی بەبەهرەی من کردبوو، ئەمنیش هەمیشە هەوڵم داوە شایستەی ناووکەسایەتی بابم بم و باشیشی کرد منی نارد ئەوبەشە چونکە جیهانی هونەری شانۆ زۆر جیاوازە، لەوە زۆر شت فێر بووم توانیم لە ڕێگەی مامۆستایەکانم پەرە بە توانستی هونەری خۆم بدەم بەیە کاریگەری بابم لەسەر من زۆرە.
- تە سەرەتا بە شانۆ دەستت بەکاری هونەری کرد دوای بە دەبلێر ئەنجا دراما،زیاتر خێت لە کامەیان دەبینیتەوە؟
- من هەموو کات دەڵێم سەرەتاو کۆتایی هەر شانۆ ئەلف و بێی هونەرە چونکە من ئەو چێژەی لەشانۆ وەری دەگرم، لەهیچ کام لەهونەرکانی تر وەرناگرم بەڵام کاتێ بەشداری درامای (ئادیابین)م کرد،،هەستێکی تایبەت و جوانی پێبەخشیم بەتایبەت کەمن زۆر حەزم لەپێش کامەرا نەبوو وەك شانۆ بەڵام خەشبەختانە لەگەڵ ستافێکی زۆر باش کارێکی ئاوام دەست پێ کرد، لەبەر ئەوە شانازی دەکەم کە لەو درامایە بەشدارم بووم من هەمووئەوکارانەی کردوەە ،هەوڵمداوە باشترین شێوە پێشکێش بکەم و هەموو توانستەکانم بەکار بهێنم.
*کەواتە ئەگەر بکرێت، بە خوێنەرامان باس لە ڕەکت لە درامای (ئادیابین)دا بکەیت ؟

- ئەوەی ڕاستی بێت کەسایەتی (سوریا)م زۆر بەدە بوو چونکە زۆر جیاواز بوو لەو ڕۆلانەی کە پێشتر لە شانۆ و دەبلێر بەرجەستەکردوون،چونکە(سوریا) کەسایەتیەکی لەسەرە خۆ و

هەمن و کچی کەسایەتیەکی گەورە(ممتاز پاشا) یەکێ لەناو دراماکە قورسایەکی دروست کردبوو کەدەبوو پیشانی بدەین وەك دەزانن من لە زۆر بەی ئەو ڕووداوانەی من وەکو ئەکتەر بەرجەستەم کردوون، یان مەرگەسات یان بەزمەسات یاخود ئافرەتێکی پر جوڵەو قسەزان بووە بۆیە ئەویان(سوریا) بەمن زۆر جیاواز بوو بۆیە قسەی ئەوانەی دراماکەین بینیوە نواندنەکیان پێ باش بووە من هەوڵم دەدا زۆر بەسادەیی نواندنەکە ئەنجام بدەم کە جیاواز بێت لەو ڕووداوانەی پیشتیر بەرجەستە کردوون هەندەك لە دیالۆگەکان بەزمەسات و مەرگەسات بوون لەیە زۆر بەدەم بوو لە هەمان کات دا من یەکەمجار بوو لەبەردەك کامیرت بوەستم کامیرا لەیە زۆر گرنگ بوو لەبەرجەستە کردنی ئەو ڕۆلە.

*چەن دڕوانیتە دەزگای سەتەلایتی کوردستان لەووی گرنگی دان بە دراماى کوردی؟

-گومانی تێدانییە،کە دەزگای سەتەلایتی کوردستانە بواری دراما هەنگاوەکی زۆر مەزنی ناوە هەرلەسەرتای دامەزراندنیەوە گرنگی بە دراماى کوردی داوە هەموومان دراماى (مەمی ئالان)مان لەبیرە لە گەڵ چەندین دراماى تر هەموویان گوزراشت بوون لەسەنایەتی گەلی کوردستان ئەم دراماییش کە بەرهەمکی خەماڵی و مەژووی و کەمەایەتی بوون بە کادری کوردی پشکەش بە بینەران کرا دەنگدانەویکی باشی هەبوو بەجۆرێك بینەرکی زۆری هەبوو بە جۆرێك بینەر ڕۆژانە بەپەرۆشە چاوەڕوانی دراماکەیان دەکرد بگومان زۆرێك لەهاوڕیانە حەزیان لەویە مەژووی گەلەکەیان لە ڕگەی دراماوە ببینین هەرلەرگەی ئەم دراماییەوە چەند ئەکتەرێك لە شاشە دەرکەتنەوە کە دەمێك بوو کاری هونەریان نەبوو ئەوەش جگای دەست خۆشیە وە لە هەمان کاتدا چەند ئەکتەری نوێش ناسران و هەندێك ئەکتەریش فەرمی کار کردنیان گەرانکاریان بەسەرداهاتبوو دووبارە دەست خۆشی لە دەزگای سەتەلایتی کوردستان دەکەم هیودارم کەناەکانی تریش گرنگی زیاتر بە دراماى کوردی بدەن.

- جیاوازی نواندن لە شانۆ و دراما دا هەیە؟ ئەگەر هەیە جیاوازەکان چین؟

-جیاوازی زۆر ە من ئەوەستەی لەسەر شانۆ دەی دەم بەبینەر وێك نواندن لە دراما قورسە چونکە راستەو خۆی ڕووبەڕووی بینەر دەبیتەوە وەکو دراماو سینەما نییە دووبارە بکەیتەوە

کامەت پەباش بوو ئەو گرتە هەبژەریت بۆیە ئەو هەستەکە بەردەوام نابێت بەڵام شانۆ یەکەم چرکە ساتی خۆی داهێنانە کە نزیك بینەریت و هەستیان پێ دەکەیت هەموو رووداو دایلۆگەکانت رووبەروی بینەرانە بۆیە نواندن لەدراما لەم رووەوە کەمەك ئاسنتر ئاوێش بەهۆی دووبارەکردنەوەی گرتەکان .

- کێن ئەوانەی هاوکارو پاڵپشتی تە بوون، لە بواری هونەردا؟
- سەرەتا باوکم پاڵپشت و هاوکارم بوو لە ئێستاش هاوسەرەکەش مامۆستا ئومێد کە کۆی هونەرمەندی کەچکردوو مامۆستا تەحسین شعبانە زۆر هاندەرم هەمیشە شانازی بە کارەکانم دەکات ئەگەر ئەو هاوکارم نەبێت لە ئێستادا کارکردن زۆر زەحمەتە بە تایبەتی ئەگەر خەزان دار بیت من خاوەنی سێ منداڵم بۆیە لەردا سوپاسی دەکەم.

*پرۆژەی داهاتووی هونەریت هەیە؟

-لە ئێستادا هیچ پرۆژەیەکی هونەریم لە هەگبەدا نییە،هەرکاتێ کارێکی جوان هەبێت شانۆ بێت یان دراما خزمەت بەهونەری کوردی و کەسایەتی دلقین موحسین بکات ئامادەم بەشداری تیادا بکەم.



چەپڵەدان بە قسوور.. رەسوا بەختیار

لە کوردەواریدا کاتێک بیانویستووبایە هانی یەکێک بدەن، دەیانگوت: چەپڵەی لێدەن بە قسوور… با بڕی هەر بڕی، کاتێکیش رقیان لەکارەکانی دەبووە دەیانگوت: هەی لەتی لەتی چەندم گوت مەچووە جێتی. بەو شێوەیە کەس و تاکەکانیان بەرز و نزم دەکردەوە.
بەپێی بەڵگەنامە میژووییەکان زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەتەی هەن، هەر خەریکی چەپڵەلێدانن، تای وایلەهات گرووپی چەپڵە لێدان دامەزراوە، ئینجا هەر یەکەکیان لەژێر ناوێک، کاتێک ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) بەرەو ڕووخان ڕێشت، گەلانی عێراق بەکورد و عەرەبەوە تف و نەفرەتیان لەعوسمانییەکان دەکرد، لەبەرامبەریشدا لەگەڵ هاتنی ئینگلیز گەلانی عێراق لەسەر شەستە و شەقام و کەناڵەکاندا چەپڵەیان بە ئینگلیز لێدەدا، (ئەمە بەپێی بەڵگەنامە و قیدیۆکان).
کاتێک مەلیک لەعێراق دانرا هەموو پیاو ماقووڵانی وڵات سەری ڕزیان بە پاشا و مەلیکی عێراق دانواند، ماوەیەکی زۆری خایاند، لەگەڵ ئەوەی بەپێی بەڵگەنامەکان بنەماڵەی پاشایەتی لەعێراق خانەوادەیەک بوون، هەردەم لەخەمی گەلانی عێراقدا بوون، تاوادەیەک لەخەمی عێراقدا بوون،ننن بەڵام لەوڵاوە ئاغا و دەربەرگەکان خەڵکیان هەراسان کردبوو، دواتر ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا، دیسانەوە خەڵک دووبارە هاتەوە جادە و دەستی بەچەپڵەلێدان کرد، بەڵام ئەمجارەیان لەژێر ناوی دیکە و ڕەنگخراوتر بوو، بەڵام کارەساتەکانی گەلانی عێراق لەو ساتەوە دەستپێکرد، پارتە سیاسییەکانی عێراق لەو سەردەمدا ساویلکەیی خەڵکی قەستەوە، ئەمجارەیان بەدڕوشم و هێندێک قسەی بریقەدار خەڵکیان لەخشتە برد و بەرەو هەراسانکردنی خەڵک چوون، بەبێ ئەوەی بەرنامەیەکی ڕوونیان هەبێ بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک و وڵات، تەنیا بە ناو دەرکردن بۆنەکانیان دەهێنایەوە، خەڵکیش هەر خەریکی چەپڵەلێدان بوون، بێ ئاگا لەوەی ئەو چەپڵەلێدانە دەبێتە هۆی لەخشتەبردنیان.
لەلایەکی دیکەوە گەلانی عێراق ڕووبەڕووی یەک دەکانەوە بەناوی قەومیەتەوە، کورد و عەرەبیان بەدژی یەک لەقەڵەمدا، بێ ئەمەش

عەشایەر عەرەبەکان بەهەسە و هەرا دەهاتن گوند و دەهاتەکانیان داگیر دەکرد، هەرهیچیان نەکردبووایە دەغڵ و دانی دەهاتەکانیان دەسووتاند، هەموو ئەمانە لەژێر پرسەی چەپەڵەداندا بووە دەبرد، بەشەک لەکوردیش لەرق و قینەی دژی براکەی هاوکاری عەرەبەکانیان دەکرد، چونکە بەناو شۆشکان لەسەردەمکدا دژ بە ئاغا و دەرەبەگکان وەستاوەتەوە، ئەوانیش لەپایتەخت هیچ بەچوون و هەوەستەکی وایان نەبوو، تەنیا ئەوەی لەنەو پەرلەمانە کارتەنی و بەنەکاندا چەپەیان لەدەدا و سەریان بە دەلەقاند.
لەگڵ هاتنی بەعس لەعەراق پرسەی چەپلەڵەدان وەک بەرنامەیەکی سەرەکی لەنەوەندی دەزگە راگەیاندن و رۆشنبیریەکان بەتەواوی دانرا، هەردەم سەرەک بەهەر شوێنەکدا دەیەیشت چی بگوتایە بەباش و خراپ هەر چەپڵەی بە لەدەدرا، خەڵکەکی زەر نانی ئەو چەپەڵەدانەی دەخوارد، کەسانەکی زەریش هەبوون لەترساندا چەپەیان لەدەدا، بەو شەویەکی بە چەند دەیەیەک لەمەژووی بەعس بەو شەویە توانی رەگی خەی لەنەو هەموو ماڵەکی عەراقدا بسەپێنە، ترس و چەپڵە وایکردبوو لەنەو ماڵی خەشتدا قسە بکەی، یاخود لەگڵ نزیکەکی خەتدا قسە بکەی و ناڵەزایەتی دەربەی، ماویەکی زەری خایاند زەر کەس بەهەی قسە نەکردنی، هەردەم لەناخ و مەشکیدا دەیهێنا و دەیبرد، بەو هەیەوە تووشی چەندین نەخۆشی بوو، هەبوو لەداخا مرد.
کاتەک بەعس رووخا بە جارەکی دیکە جەماوەری ستەمدیدەی چەپەڵەزان هاتنەوە جادە، ئەمجارەیان زەر بەتوندی چەپەیان لەدا، بەو پەیەی ئازاد بوون، خەڵکەکی زەریش لەپەشتردا بەهەی چەپڵەوە نانیان پەیدا دەکرد، ئەوانە ئاوارەی وەاتان بوون، ئەمجارەیان یادی چەپەڵەدانەکانی پەشتریان دەکردەوە.
لەکوردستانیش بەهەمان شەوەی عەراق بەزمی چەپەڵەدان بووە پرسەیەک بەساویلکەییەوە چەپڵە لەدەدرە، بەکەو بەهەی چەپەکانەوە وەات ئاوەدان بە، بەیە هەردەم چەپەی لەدەن بە قسوور... با بڵێی هەر بڵێی، هەر کاتەکیش رقتان بەوە بەن هەی لەتی لەتی چەندم گوت مەچووە جەتی.

رەسوە بەختیار

چیـــرۆک\ بەدوای ئەوی تـــردا دەگـــەم.. ئەدیب نادر

(ئەم جیهانە جیهانەکەی هەمیرەسە، جیهانەکەی ئەمە نییە) دەبلیوو. ئەچ. ئەدن

بەدوای ئەوی تردا دەگـــەم، دەموو دەزوولەی ناو پەنجەکانی ببینم، کەلارە کلکدرێژەکەی سنگی لە ئاسە بساوە..لووتی ئارابخام جەهشتووە – شتەك بانگم دەکات، دەموو دەرگایەك بکەموە، لەودیویدا خەم ببینم، ئەو خەمەی دەی بە مشتە پەکەنین لەوانلەو بوو، ئەوەی عەیامەکی دووەودرێژ نەمبینیووە، میلەکان هەمووی وەستاون، چیدی نیگەرانی میقاتکردنی کاژمێرنیم، شتەکم، شتەك بانگم دەکات – نامەوە بەدەنگیی بێت، مخەننەتیی خوێیە – خوەی ئەم سەردەمە لە شەق و ەوخسار بەبەریە..هەر دەبە بیەدزمەوە..لە وەرانەکەی ئەستادا- مخەننەتیی خوەی ئەم سەرزەمانە وشکەیە، لەشاوی بنیادەمکانیش بەرەو هاتوو ەایدماەت، لەناو سەرزەدکەی خەمدا- لەناو لەپەکانی خەمدا- نەشارەزا و کتوکوەرم، چاوەکانم تەرمینانەن، دەپەکان جەی دەهەن..دەموە ەابردوو ئاوەدان بکەموە و تارمایی کەسەکەی خەم، کە وەك دەزووی کەلارێك ئاسە بەدوایدا کەش دەکات هەنگاوەکانم دەپەرژەنتە تانوپەی گەەستانك زەحمەتە گەی جادووبازە لەبیرکراوەکەی ناو خەونی کیشوەرە سارد و سەکان بدەزموە

سەرزەمینی خەونکی بەردەوام هەدەکەنم

زەنگووە بەشومارکانی ژیان، شوانکارەی دووری یادوەرییم دەزرنگەننەوە، گوچکەکانم بە سەرکی دی باەدگرن سەری ناو دنیایەکی ەموزنە: نازانم جادووبازە قژدرێژەکەی منداییم، ئەوەی ئاسەی چاوەکانی زەرد زەرد گەواەی ترسیان دادبارانە، ئەوەی لە باخەیا تولەمار پەپکەی دەخوارد

لەم چەایە چی دەکات؟

ـ لەم کەلستانە چیدەکەیت؟

ـ بەچی دەگەەیت؟

بەچی لەم ئەبەدییەتە بەتانوپەیە بەخەبەرم دەنی؟

دوای زەمانەکـــی دەرەوەی زەمان – گەهەکانە بچکەلەکـــانیش بە تاهەتایە بە یادیان سپاردووم

ـ شار؟

کاتی خۆی دنیا بووم زۆدی هەموو میدیەکان، کاتی خۆی
دەیانزانی چۆن بمرن بەسەر زەمینی ژیانی ئێو
ئێستا، ئێستا ڕۆحیان سپاردووە، بەڵام دەزانن وەک"گیانە
مردووەکان"هەناسەبدەن
لەسەر زەمینی مەرگی ئێو- ئێوەی ڕۆحی هەیە دەنکیشەتە دەنکیشەت
تە مەسیح نیت، شاری منداڵییە کەنەکەشت لازارەس نییە!
بڵچی بڵخۆبەرم دەنی؟
